


# شەرابی کۆن لە بوتڵی تازەدا

## ترامپ وەک سەرۆکی ئەمریکا نەک کاندیدی هەڵبژاردنەکان


TRUMP
CHARDONNAY
MONTICELLO

((پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەڵبژێراوی تازەی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ دەکەم .. وەك سەرۆك، من دڵنیام دەتوانیت لە سیاسەتە شکستخواردووەکانی دەرەوەی باراك ئۆباما دووربکەویتەوە و کاری چڕو پڕ بکات بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بۆ ئەمریکا بگێڕێتەوە، من چاوەڕێی ئەوەی لێدەکەم لەگەڵ هاوکارانی لە پارتی کۆماری لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی سەنات کار بکات بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی تواناکانی بەرگری نیشتمانیمان ، لەناوبردنی داعش و ئاسایشی سنوورەکان ، هەروەها هێزی ئەمریکا لەسەر شانۆی جیهانی نمایش بکات، من گەشبینم بەوەی لەژێر سەرکردایەتیی دۆناڵد ترامپدا بەراستی شکۆ و مەزنایەتی بۆ ئەمریکا دەگەڕێتەوە.

- جارێکی دیکە دیموکراتەکانی ریگن گەڕایەوە بۆ کۆمارییەکان، دەسەڵاتێکیان تەسلیمی کۆمارییەکان کردۆتەوە کە پێشتر وێنەی نەبووە.. من دەزانم کۆمارییەکان نیگەران بوون لە رەفتارە کەسییەکانی ترامپ لە رۆژانی پێش هەڵبژاردندا ، ئەوەشی زیاتر کۆمارییەکانی نیگەران دەکرد راستگۆیی و پاکیی هیلاری بوو ، هەر بۆ نموونە: بەشی زۆربەی گروپی دەنگدەران لە خەڵکانی ئەکادیمی و ژنانی سپی ، بەو جۆرە سەیری هەڵمەتەکەیان دەکرد کە هەموو ئاکامەکان بەوجۆرەن کە دۆناڵد ترامپ ئەم هەڵبژاردنە  دەدۆڕێنێت.


رێژە درێژەکانی دەنگدەرانی کۆماری کە  لە ترامپ تووڕە بوون و هیلاری سەرنجی راکێشابوون بۆ ئەوەی یەکەم ئافرەت بۆ سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێرن، لەمەشدا دەنگدەرانی ژنان و ئەکادیمی کۆمارییەکان بەیەکسانی دابەش بوو بوون، بەڵام لە رۆژی دەنگداندا بەشی زۆری ژنان و ئەکادیمی کۆمارییەکان هیلاریان رەتکردەوە.

بەڵام سەرەنجام بەشێکی زۆری دەنگدەرانی چینی کرێکارانی سپی دیموکراتەکان و بێ لایەنەکان رای خۆیان گۆڕی و دەنگیان بە ترامپ دا، ئەم جۆرە وەرچەرخانەی دەنگدەران

**● زۆرینەی بێدەنگ**

**جیهانی لە ئاستی سەرکەوتنی ترامپ سەرسامکردووە**

ئەگەر فرانسیس فۆکۆیاما سەرەتاکانی لەبەر یەکهەڵوەشانی سیستمی سیاسی لە ئەمریکا بگێڕێتەوە بۆ خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١١ کە لایەنگرانی بزووتنەوەی (تی پارتی) دەستیان بەسەر وۆڵ ستریتدا گرت و پاشان ئەو پرسیارەی درووژاند (ئایندەی مێژوو بە کوێ دەگات؟) ، ئەوا بیرمەندی گەورە سامۆئیل هنتنگتن دەیگێڕێتەوە بۆ کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر بەوەی هاوولاتیانی ئەمریکا بەتەواوەتی لە ئاڵای ئەمریکا دوور کەوتوونەتەوە و نازانن گەورەیی ئەمریکا لە چیدایە، بۆیە لەساڵی ٢٠٠٥ پرسیارێکی گەورە و گرنگی لە کتێبێکدا ئاراستەی هەموو ئەمریکیەکان کرد و لێی پرسین ( ئێمە کێین؟ و بۆ ئاڵای ئەمریکا هەموومان کۆناکاتەوە؟) ، دوای بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەش، لەساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بیری لەوە کردەوە جارێکی دیکە کتێبە بەناوبانگەکەی کە بە ناونیشانی(سیستمی سیاسی لە کۆمەڵگە گۆڕاوەکاندا-١٩٦٨) دووبارە چاپبکاتەوە و لەگەڵ جیهانی سەدەی بیست و یەکەم بیگونجێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنی گەیشتبووە ٨٠ ساڵی و ئەو توانایەی نەمابوو، بۆیە ئەم کارەی بە فرانسیس فۆکۆیاما سپارد، بەڵام ئەوە بوو هنتنگتن مرد و ئەو ئاواتەی نەهاتە دی، دوای مردنی هنتنگتن،  فۆکۆیاما هەوڵیدا  وەسیەتەکەی جێ بەجێ بکات و دوای ئەوەی پێشەکییەکی تازەی بۆ دەنووسێت ، دووبارە چاپی بکاتەوە، بەڵام وەك فۆکۆیاما دەڵێت، دوای ئەوەی جارێکی دیکە کتێبەکەی



بەرەو پارتی کۆماری وەنەبێت لە مێژوودا رووی نەدابێت، بەڵکو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٠ بەشێکی دیموکراتەکان دەنگیان بە رۆناڵد ریگان داو سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەری بەدەست هێنا، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٤ یش دووبارە رۆناڵد ریگان سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنایەوە. لەدوای ریگان ئەو دیموکراتانەی دەنگیان بە ریگان دا، جارێکی دیکە یان نەگەڕانەوە بۆ پارتی دیموکراتی یان بەتەواوەتی لە سیاسەت دوورکەوتنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو دوای ریگان کەسی دیکە نەبوو ببێتە ئیلهام بۆ قژ زەردەکان، میت رۆمنی بە هەناسە ساردی بە جێیهێشتن، بەڵام ترامپ جارێکی دیکە کارتی بردنەوەی بۆ مسۆگەر کردن.))

● **جۆن بۆلتۆن**

**باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە UN، یەکێك لە کاندیدەکانی ئیدارەی داهاتوو بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا .. ماڵپەری تایبەتی خۆی لە تویتەر**

@AmbJohnBolton

ساڵی ١٩٦٨ ی هنتنگتنم خوێندەوە، سەیرم کرد جیهان هێندە گۆڕاوە کە چاپکردنەوەی ئەو کتێبە سوودێکی ئەوتۆی نابێت، بۆیە بیرم لەوە کردەوە پرۆژەی دوو کتێب دەست پێبکەم کە بریتین لە (بنەچەی سیستمی سیاسی ٢٠١١، هەروەها سیستمی سیاسی و لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمی سیاسی ٢٠١٤).

دیارە هنتنگتن وەك مامۆستا و فۆکۆیاما وەك قوتابییەکەی، لەدوای ١١ی سێپتەمبەر و رووخانی ئیمارەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان لە کۆتایی ٢٠٠١، هەروەها رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣، هەوڵی سەرەکییان بۆ ئەوە بووە کە نهێنیی دوو شکستی گەورە لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا ئاشکرا بکەن، ئەو دوو شکستەش بریتین لە:

یەکەم : بۆ ئەمریکا ناتوانێت لە ناو سنوورەکانیدا خۆی لە دوژمنەکانی بپارێزێت، هەروەها بۆچی سیستمی سیاسی ئەمریکا ناتوانێت وەڵامی خواستی هاووڵاتیانی بداتەوە؟

دووەم : بۆچی ئەمریکا لەرووی سەربازییەوە دەتوانێت رژێمی دەوڵەتە توندڕۆ و دیکتاتۆرەکان بڕووخێنێت، بەڵام ناتوانێت لە پرۆسەی بوونیادنانەوەی دەوڵەتی دامەزراوەیی و دیموکراتی سەرکەوتوو بێت؟

ئەم دووخاڵە کە راستەوخۆ لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهان پەیوەندییان بەشکۆی ئەمریکاوە هەیە، لەماوەی هەشت ساڵی سەرۆکایەتیی جۆرج دەبلیو بوش و هەشت ساڵی سەرۆکایەتیی باراك ئۆباما ، نەتوانرا چارەسەر بکرێن، بۆیە لەهەردوو ئیدارەی سەرۆك ئۆبامادا، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا جۆرێك لە رەگەزپەرستیی سپییەکان

دژی ڕەش پێست و نەتەوەو ئایینەکانی دیکە دروست بووبوو، هەمیش لەسەر ئاستی جیهان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە نەك هەر نەیدەتوانی کۆنترۆڵی کێشەکانی جیهان بکات ، بەڵکو مەترسی لەبەر یەکهەڵوەشانی سیستمی نوێی جیهانی کە جۆرج بوشی باوك دوای ڕووخانی دیواری بەرلین ڕایگەیاند تەواو کەوتبووە مەترسییەوە، هەروەك چۆن ئێستا دەیبینین لە ناو سیستمی جیهاندا کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی وەك خەلافەتی ئیسلامی داعش لە پاکستانەوە تا نەیجیریا بوونی هەیە. لەمەش زیاتر کاتێك ڕووسیا دەستێوەردانی لە کێشەی ئۆکرانیا کرد و هەرێمی کرێمای لکاند بە ڕووسیاوە، کە ئەمە لەلایەن یەکێتی ئەورپا و دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ وەك هێرشی سەدام حوسێن بۆ سەر کوێت لەقەڵەمدرا، بەڵام ئەمجارەیان نەیانتوانی ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی دژی سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٩٠ پێکهێنرا ، نەتوانرا لە ٢٠١٤ دژی پۆتین پێکبهێنرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە سیستمی نوێی جیهانی لەبەریەکهەڵوەشاوە و کاری پێ ناکرێت.

دیارە هەردوو کێشەی ناوخۆی ئەمریکا و جیهان کە هنتنگتن و فۆکۆیاما دەستنیشانیان کردووە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئەمریکاوە هەیە وەك دەوڵەتێکی مەزن، ڕاشکاوانەتر مانای ئەوەیە چیتر دامەزراوە سیاسییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا ئەو دامەزراوە مەزنانە نین کە بتوانن لەیەك کاتدا، لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی ئەمریکا دابین بکات، هەروەها لەسەر ئاستی جیهانیش ناتوانێت سەرکردایەتیی جیهان بکات، یان جارێکی دیکە بانگێشە بۆ ئەوە بکات کە حکومڕانیی جیهانی (Global governance) ڕادەگەیەنێت و خۆی سەرکردایەتی دەکات. هەر ئەم هۆکارەی لاوازیی دامەزراوە سیاسییەکانی ئەمریکا بووە هۆکاری بزووتنەوەی ( تی پارتی) تووڕەبوونیان بگاتە ئەو ئاستەی وۆڵ ستریت داگیر بکەن، داگیر کردنی وۆڵ ستریت لەلایەن ئەم بزاڤەوە دوو پەیامی گرنگی بۆ ئیدارەی ئەمریکا هەڵگرتبوو، کە یەکەمیان ئەوەبوو لاوازیی دامەزراوەکان بۆتە هۆکاری ئەوەی نایەکسانییەکی گەورە لە ناو ئەمریکا دروست بکات و بەهیچ جۆرێك چینی کریکارانی سپی گۆڕانکاری بەسەر داهاتەکانیاندا نەیەت، دووەمیشیان ئەوەیە کە ئەمریکا خۆی بۆتە سەرچاوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و ڕۆژانە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وای کردووە بێکاری زیاتر بڵاو بێتەوە و لەمەش زیاتر پشتگیری کردنی جیهانگیری و هاتنی کۆچبەرێکی زۆر لەسەرانسەری جیهانەوە وای کردووە کە ئەمریکییەکان بە ئاسانی کاریان دەست نەکەوێت. هەروەها ئەو خەرجییە زۆرە و ئەو هەموو قوربانیدانەی ئەمریکا دەیدات، بەڵام ئاکامەکەشی سەرکەوتوو نەبووە و بارگرانییەکی زیاتر لەسەر باجدەرانی ئەمریکا زیاتر کردووە.

سەبارەت بەم دوو خاڵە فۆکۆیاما لە تازەترین وتاریدا کە بەناویشانی (ترامپ و لەبەریەکهەڵوەشانی سیاسەتی ئەمریکا) لە گۆڤاری فۆرن ئەفێرز بڵاوی کردۆتەوە، ڕاشکاوانە جەختی لەسەر کردۆتەوە کە سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەری دۆناڵد ترامپ بەسەر هیلاری کلینتۆندا، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ترامب ئەم دووخاڵەی کردبووە ئەولەویەتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی خۆی، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی زۆرینەی بێدەنگیی ناو ڕاپرسییەکانی پێش هەڵبژاردن لە سەر سندوقەکانی دەنگدان ئاکامی هەڵبژاردنەکە بۆ بەرژەوەندیی ترامپ بگۆڕێت.

فۆکۆیاما سەبارەت بەم دووخاڵەی کە ترامپ دەستنیشانی کردوون ، ڕاشکاوانە لەکتێبی (سیستمی سیاسی و لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمی سیاسیدا) ڕەگ و ریشەی ئاشکرا کردوون و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئێستا لە ئەمریکا سیاسەت باشترین مەیدانە بۆ پارە پەیدا کردن، بۆیە گروپی گەورەی بەرژەوەندی دروستکردووە کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت سیستمی سیاسی لەو گروپە ڕزگار بکرێت کە نایەکسانی لەکۆمەڵگەدا دروستکردووە، هەروەها سەبارەت بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاش دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردووی جیهانگیریدا، ئەمریکا گەورەترین سوودمەندبووە لە داهێنانی تازەی تەکنەلۆژی و کەمکردنەوەی دەستی کار، بۆیە چارەسەری ئەمەشیان ئەوەیە

**لەهەردوو ئیدارەی سەرۆک ئۆباما‌دا، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا جۆرێک لە ڕەگەزپەرستیی سپییەکان دژی ڕەش پێست و نەتەوەو ئایینەکانی دیکە دروست بووبوو، هەمیش لەسەر ئاستی جیهان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە نەک هەر نەیدەتوانی کۆنترۆڵی کێشەکانی جیهان بکات، بەڵکو مەترسی لەبەر یەکهەڵوەشانی سیستمی نوێی جیهانی تەواو کەوتبووە مەترسییەوە**

**هەردوو کێشەی ناوخۆی ئەمریکا و جیهان کە هنتنگتن و فۆکۆیاما دەستنیشانیان کردووە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئەمریکاوە هەیە وەک دەوڵەتێکی مەزن، ڕاشکاوانەتر مانای ئەوەیە چیتر دامەزراوە سیاسییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا ئەو دامەزراوە مەزنانە نین کە بتوانن لەیەک کاتدا، لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی ئەمریکا دابین بکات**

دەبێت دەستبەرداری جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بین کە ئەمەشیان کارێکی مەحاڵە، بۆیە ترامپ زۆر زیرەکانە خاڵەکانی دەست نیشان کردووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە چارەسەری بۆ ئەو دوو کێشە گەورەیە پێ نییە و ناتوانێت چارەسەریان بکات، بۆیە ئەگەر هەوڵنەدرێت چارەسەر بۆ ئەم دوو کێشە گەورەیە بدۆزرێتەوە ئەوا لەبری ئەوەی سەرکەوتنی ترامپ ببێتە هۆکارێك بۆ چاکسازی ریشەیی، ئەوا وەك سلڤیۆ برلسکۆنی ئیتالیا خۆی دەبێتە رێگر لەبەردەم چاکسازیی راستەقینە لە سیستمی سیاسیی ئەمریکادا.

لەبەرامبەر ئەم شرۆڤەیەی فۆکۆیامادا، پرۆ فیسۆر نۆرما ئۆرنستەین توێژەری باڵا لە ئامۆژگای ئەمریکان ئەنتەر پرایز لەدوای سەرکەوتنی ترامپ لە پەنێلیکدا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو دوو کێشە سەرەکییەی بوونە هۆکاری ئەوەی ترامپ سەربکەوێت، پێشتر لە ئەمریکادا دوو کێشەی گەورەتری دروستکردبوو کە بریتی بوون لە : یەکەم سەرهەڵدانی تورەیی پۆپۆلیستی Angry Populism . دووەمیان جەمسەرگیریی حزبی لەنێوان کۆماری و دیموکراتەکان بە ئاستی ئەوەی وەك دوو خێڵی دژ بەیەك partisan tribalism رەفتاریان بەرامبەر بەیەکتری دەکرد، ئەمەش لەو حاڵەتەدا بینیمان کە ترامپ هەڕەشەی ئەوەی دەکرد ئەگەر بدۆڕێت ئاکامی هەڵبژاردن رەتدەکاتەوە، ئێستاش وەك دەبینین دوای سەرکەوتنی ترامپ، هەوادارانی هیلاری کلینتۆن خۆپیشان دەکەن و ئاکامی هەڵبژاردنەکە رەتدەکەنەوە.

بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش دەرکەوت ئەو دوو خاڵەی ترامپ هەڵبژاردنی پێ بردنەوە ، دەربڕی ناخی زۆرینە بێدەنگەکەی ئەمریکا بوو کە ئامانجیان ئەوەیە خواستەکانی بزووتنەوەی (تی پارتی) دووبارە بێتەوە، هەروەك چۆن (تی پارتی ـ ئاهەنگیی چا خواردنەوە) بووە بنەمای شۆڕشی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی و پاشانیش ئەمریکا بووە مەزنترین دەوڵەتی جیهان، ئێستا جارێکی دیکە خواستیان ئەوەیە هەمان شۆڕش دووبارە بکەنەوە، کە بێگومان ناکرێت بڵێین مەحاڵە دووبارە نابێتەوە، بەڵام کارێکی ئاسانیش نابێت نەك تەنها بۆ ترامپ بەڵکو بۆ هەموو حزبی کۆماری ئەمریکاش.

## ● شەرابە کۆنەکەی پارتی کۆماری لە بوتڵی ترامپدا

پارتی کۆماری ئەمریکا بەسێ پیت ئاماژەی پێدەکرێت کە بریتییە لە (GOP) ئەمەش واتە (پارتە دێرینە گەورەکە)، مەبەست لە دێرین و گەورە کە بۆ پارتی کۆماری بەکاردەهێنرێت، ئەوە نییە کە پارتی کۆماری یەکەمین پارتە لەدوای سەربەخۆیی ئەمریکاوە، بەڵکو مانای ئەوەیە لە مێژووی ئەم پارتەدا سەرکەوتن و گۆڕانکاریی گەورەی لە ژیانی سیاسی ئەمریکا بەدیهێناوە و توانیویانە شکۆ و مەزنایەتی بۆ ئەمریکا بگێڕنەوە، لەوانە:

١. لەسەردەمی ئەبراهام لینکۆڵن شۆڕشی کۆیلایەتی دەستی پێکرد و سەرکەوتوو بوو، بۆیە هەموو ئەمریکییەکان بەهەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتیشەوە، لینکۆڵن وەك میراتی ئازادی بۆ ئەمریکا پێناسە دەکەن.

٢. لەسەردەمی شەڕی سارددا توانیان کۆماری چینی میللی بێننە ناو نەتەوە یەکگرتووەکان، بەمەش سیستمی جیهانیان لەسەردەمی شەڕی سارد بردە قۆناخێکی دیکە.

٣. توانیان بڕیاری کشانەوە لەشەڕی ڤێتنام بدەن و دۆڕانی خۆیان لەشەڕەکەدا رابگەیەنن، هەر لەوماوەیەدا سەرۆکایەتیی نیکسۆندا تیۆری (سەرکەوتن بەبێ شەڕ بەسەر یەکێتیی سۆڤیەت) دارێژراو لەسەردەمی جۆرج بوشی باوك دیواری بەرلین رووخا و یەکێتیی سۆڤیەت لەبەر یەکهەڵوەشا.

٤. کۆمارییەکان توانیان لەدوای شەڕی ١٩٦٧ی نێوان ئیسرائیل و عەرەب ، نەخشە رێگەی پرۆسەی ئاشتی عەرەب — ئیسرائیل دابڕێژن و ئەم پرۆسەیەش بە چوونی سادات بۆ ئیسرائیل و رێککەوتنی کامب دەیڤید کۆتایی هات، راستە کارتەر سەرۆکایەتیی کامب دەیڤیدی کرد، بەڵام پرۆسەکە لەماوەی سەرۆکایەتیی نیکسۆن و فۆردا تەواو بووبوو.

٥. لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو کە ماوەی سێ خول لەسەر یەك کۆمارییەکان لەدەسەڵاتدا بوون( دوو خولی ریگان و خولێکی جورج بوش) کۆمارییەکان توانیان ئێران ناچار بکەن بڕیاری

**ئەو دوو خاڵەی ترامپ هەڵبژاردنی پێ بردنەوە ، دەربڕی ناخی زۆرینە بێدەنگەکەی ئەمریکا بوو کە ئامانجیان ئەوەیە خواستەکانی بزووتنەوەی (تی پارتی) دووبارە بێتەوە، هەروەک چۆن (تی پارتی ـ ئاهەنگیی چا خواردنەوە) بووە بنەمای شۆڕشی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی و پاشانیش ئەمریکا بووە مەزنترین دەوڵەتی جیهان**

**لەدوای راپەرینەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئیدارەی ئەمریکاو ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی سەناتیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاستی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کار ناکات و هیچ کێشەیەکی پێ چارەسەر ناکرێت، بۆیە ئەم سیاسەتە پێویستی بەدووبارە داڕشتنەوە هەبوو**

٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش جێ بەجێ بکات و شەڕی نێوان عێراق و ئێران کۆتایی بێت، ئەم بڕیارە بۆ ئێران وەك خواردنەوەی پەرداخێك ژەهر وابوو.

٦. هەر لەماوەی سەرۆکایەتیی ئەو سێ خولەی کۆمارییەکاندا، میخائیل گۆرباچۆف بیرۆستریکای ڕاگەیاند، ئەمە بووە سەرەتای لەبەر یەکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤیەت و ڕووخانی دیواری بەرلین و ڕاگەیاندنی سیستمی نوێی جیهانی.

٧. بە درێژایی مێژووی سیاسیی نێودەوڵەتی هاوچەرخ یەکجار جیهان توانیویەتی بە کۆدەنگی لەسەر کێشەیەك هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دروست بکات، ئەویش هاوپەیمانی نیودەوڵەتی بوو بۆ ئازادکردنی کوەیت و بەسەرکردایەتی ئەمریکا.

٨. سەبارەت بە کورد لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٥ لەسەردەمی کۆمارییەکاندا نسکۆ بەسەر شۆڕشی ئەیلولدا هات، بەڵام هەر لەسەردەمی کۆمارییەکاندا لەساڵی ١٩٩١ بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ دیارکردنی ناوچەی دژەفڕین دەرچوو، هەر لەسەردەمی کۆمارییەکاندا لە ساڵی ٢٠٠٤ کوردستان بووە هاوبەشی ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق و پاشانیش هەر لە ژێر چاودێری کۆمارییەکاندا هەرێمی کوردستان وەك ئەمری واقیع لەناو دەستوری عێراقدا چەسپێنرا، ئێستاش مەزندە دەکرێت ئەو دەوڵەتی ئەمری واقیعەی کە لەباشوری کوردستان بووە لەسەردەمی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی دانی پێدابنرێت.

٩. لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ و دوای ئەوەی جارێکی دیکە کۆمارییەکان هاتنەوە دەسەڵات، سیاسەتی لغاوگیرکردن ( الاحتواء ) گۆڕا بۆ دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ و زەمینی و ڕووخانی ڕژێمە تیرۆریست و دیکتاتۆرەکان وەك هەردوو ڕژێمی تاڵیبان و سەدام حوسێن. بەڵام دواتر بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەردەمی دیموکراتەکاندا سیستمی نوێی جیهانی کەوتە بەرمەترسی لەناوچوون، هەروەك چۆن ئێستا لەسەرەمەرگدایە.

دیارە گەڕانەوە بۆ مێژووی سەرکەوتن و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کۆمارییەکان بەدەستیان هێناوە، گەلێك جار بۆ ئەو دبلۆمات و وەزیرە پراکتیشنەرانەشی کە خۆیان لە پرۆسەی بڕیار دروستکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا بوون، بۆ ئەوانیش جێگەی سەرسامی بووە، هەر بۆ نموونە کاتێك کیسنجەر توانی لەگەڵ کۆماری چینی میللی بگاتە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی چین ببێتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی سەرسام بوو چۆن ئەو ڕێککەوتنە کرا، لەم بارەوە دەڵێت : ( دووریی ٣٠ ساڵم بە ٣ ڕۆژ بڕی ) ، لەمەش زیاتر کاتێك ئەنوەر ساداتی بەوە قایلکرد میسر و ئیسرائیل ڕێککەوتنی ئاشتی ئیمزا بکەن، ئەمەیان نەك هەر جێگەی سەرسامیی خۆی بەڵکو هەموو جیهانیشی سەرسامکرد، لەمەش زیاتر کاتێك باسی تیۆری (سەرکەوتن بەبێ شەڕ دەگیرا بۆ ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو) ئەوا نەك هەر کەس بڕوای نەدەکرد، بەڵکو کە ڕوویدا ناوی لێنرا (کۆتایی مێژوو).

ئاماژەکردن بۆ مێژووی سەرکەوتن و گۆڕانکارییە گەورەکانی پارتی کۆماری ، هەوڵێك نییە بۆ ئەوەی ستایشی فەلسەفە و بیرکردنەوەی دۆناڵد ترامپی سەرۆکی تازەی ئەمریکا بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەی دۆناڵد ترامپ بە مێژووی ئەمریکادا تەنها سەرۆکە کە هەڵدەبژێردرێت و هیچ ئەزموونێکی پێشیی سەربازی و سیاسی نییە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی پارتی کۆماری لەنێو ئەو هەموو کەسە شارەزا و لێهاتووەی هەیەتی ، کەسێکی وەك دۆناڵد ترامپی کرد بە کاندیدی خۆی بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە کەسایەتی و ڕەفتاری دۆناڵد ترامب دەیداتەوە و پێمان دەڵێت ، بێجگە لە ترامپ هیچ کاندیدێکی دیکە نەیدەتوانی ئەو دوو کێشە سەرەکییەی سیستمی سیاسی ئەمریکای تووشی سەرەتان کردووە بیکاتە دروشمی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئەمەش لەبەر ئەوەی چارەسەرکردنی ئەو دوو کێشە گەورەیەی سیستمی سیاسی لە ئەمریکا سەرلەبەر پێویستی بە گۆڕینی هەموو سیستمی سیاسی ئەمریکایە، سیتمێك کە جارێکی دیکە لەناو بەیانی سەربەخۆیی و دەستووری ئەمریکا سەردەمی شۆڕشی ئەمریکا خۆی پێناسە بکاتەوە کە ئەویش گێڕانەوەی شکۆ و مەزنایەتییە بۆ ئەمریکا. هەڵگرتنی ئەم دروشمە بۆ کەسێك کە خۆی پاڵاوتبێت بۆ

**ئەم پاشاگەردانییەی سیستمی جیهانی و ناتۆ بەسەرکردایەتیی ئەمریکا بەخۆیەوە دەبینێت پێویستی بەدووبارە داڕشتنەوە و پێناسەکردنەوە هەیە، بۆیە ئەگەر هیلاری کلینتۆنیش ببوایە بە سەرۆک ئەم پێداچوونەوەیە دەکرا، بەڵام ئەو میکانیزمە لەبارەی لە سەرۆکایەتیی ترامپدا شەرعییەتی هەڵبژاردنی پێدراوە و دەوڵەتانیش ناچارن ڕێز لەو شەرعییەتە بگرن**

سەرۆکی داهاتووی ئەمریکاو هیچ ئەزموونێکی سیاسی و سەربازی نەبێت، ئەوەمان پێدەڵێت، ئەم کارە هێندە موجازەفەیەکی گەورە بووە کە پارتی کۆماریی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی قوربانی بە کاندیدەکەی خۆی بدات، دیارە بێجگە لە دۆناڵد ترامپیش لەنێوان هەموو کاندیدەکانی دیکەی کۆمارییەکاندا ئامادەنەبووە خۆی بکاتە قۆچی قوربانی لەبەردەم ئامانجێکی نەك نیمچە مەحاڵ بەڵکو مەحاڵی تەواودا.

مەحاڵی گەیشتن بەو ئامانجەی کۆمارییەکان بە دروشمەکانی ترامپەوە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بگرنەوە دەست، گەیشتبووە ئەو ئاستەی بەشێکی زۆر لە کۆنگرێسمان و سیناتۆری کۆمارییەکان دروشمی نابێت قەت ترامپ (Never Trump) بەرز بکەنەوە، ئەمەش لەترسی ئەوە بوو، دروشمی هەڵبژاردنەکانی ترامپ، پێش ئەوەی دوژمنەکانی ئەمریکا بترسێنێت، دۆستەکانی ئەمریکای دەترساند، بۆیە ئەمجارەش پارتی کۆماری ئەمریکا سەرکەوتنێکی بەدەست هێناوە، زۆر لەسەرکەوتنەکەی (ریگان و بوش) گەورەتر کە ناویان لێنا کۆتایی مێژوو، بۆیە دەشێت ئەمجارە ناوی لێ بنرێت سەرەتای سیستمێکی سیاسیی تازە لە ئەمریکاو کۆتایی سیستمی نوێی جیهان و رێکخستنەوەی جیهان لە چوارچێوەی سیتمێکی نوێی جیهانیدا.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پارتی کۆماری لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەمریکادا، بە دوو ئامانجی گرنگەوە هەڵمەتەکانی بە ترسناکی و سەختی بەڕێوەبردووە، ئامانجی یەکەمی پارتی کۆماری کە بردنەوەی پۆستی سەرۆك کۆماری ئەمریکا بوو، گەیشتە ئەو ئاستەی کە بەدیهێنانی ببێتە شتێکی مەحاڵ، بۆیە هەر زوو گەڕایەوە سەر ئامانجی دووەم کە پاریزگاریکردن بوو بە زۆرینەی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی سەنات، ئەمەش مانای ئەوەیە لە ستراتیژیەتی کۆمارییەکاندا بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا ئەوە بووە، هەتا ئەگەر ئیدارەی ئەمریکی لەدەست خۆشیاندا نەبێت، بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت، بەڵام ئێستا کە ئیدارەی داهاتوو و هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و سەنات هەمووی پێکەوە لەژێر هەژموون و کۆنترۆڵی کۆمارییەکاندایە، ئەو ستراتیژەی دایانڕشتووە بە رێگەی سەرۆك ترامپ جێ بەجێی دەکەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا مەترسی ئەوە نییە کە ترامپ وەك سەرۆکی ئەمریکا کە خاوەنی گەورەترین دەسەڵاتە لە جیهاندا راوبۆچوونی خۆی فەرز بکات و رێگە نەدات ئەوەی پارتی کۆماری مەبەستێتی وەك خۆی جێ بەجێ بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەو جۆرە دەدرێتەوە زۆرینەی ئەنجوومەنی نوێنەران و سەنات لای کام حزبە هەر ئەو ستراتیژە جێبەجێ دەکرێت، بۆیە ئەگەر دۆناڵد ترامپ وەك شەخسێکی سەربەخۆ خۆی کاندید بکردایە و پارتی کۆماری لە پشت نەبوایە ئەوا هێندەی کاندیدەکەی پارتی سەوز و لیبرالییەکانیش دەنگی نەدەهێنا کە لەناو هەژمارکردنی دەنگەکاندا بوونیان نەبوو، لەمەش زیاتر ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین هەتا ئەگەر هیلاری کلینتۆنیش ببوایە بەسەرۆکی داهاتووی ئەمریکا ئەوا دەبوایە بەو جۆرە سەرۆکایەتیی بکات کە ئەنجوومەنی نوێنەران و سەنات قەناعەت پێ بکات، هەربۆیە لێرە بەدواوە کە ترامپ دەبێتە نیشتەجێی هەمیشەیی کۆشکی سپی و سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا، ئەوا دەبێت ترامب وەك سەرۆکی ئەمریکا و پارتی کۆماری خوێندنەوەی لەسەر بکرێت، نەك ئەو کاندیدەی کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا دەردەکەوت و بە رووکەش بەشێکی پارتی کۆماری خۆی لێ بێ بەری دەکرد، بەڵام وەك ئێستا پاول رایان سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەر بە پارتی کۆماری قسەدەکات، کۆمارییەکان سەرکەوتنی ترامپ نەك هەر بە سەرکەوتنی خۆیان دەزانن، بەڵکو وەك ئەمجارەش ئەم سەرکەوتنە بەجۆرێك پارتی کۆماری سەرسامکردووە کە تووشی سەرسووڕمانێکی گەورە بوون.

**لەم ستراتیژییەدا کە کوردستان رۆڵێکی سەرەکی لە شەڕی دژی داعشدا دەگێڕێت، سیاسەتی ناوخۆی کوردستانیش ئەوو ژینگەیەی فەراهەمکردووە کە تۆوی داعش و فیتنەی مەزهەبگەرایی و ئاینی و نەتەوەیی تێدا دروست نەبێت، ئەوا کوردستان لە ستراتیژییەتی داهاتووی ئیدارەی ئەمریکادا بە پێگەیەکی بەهێزتر و رووپەکی درەوشاوەتر دەردەکەوێت**

● **سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا**

**کۆمارییەکان گۆڕانکاری تێدا دەکەن نەك ترامپ**

شۆکی گەورەی جیهان بەرامبەر سەرکەوتنی ترامپ وەك سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا، ئەو دروشمانە بوو کە داوای گۆڕانکاریی گەورەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و گۆڕینی مامەڵە و پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ

هاوپەیمانەکانی لە یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات و باشووری ئاسیا.

ئەم پەیامانەی لە درووشمەکانی دۆناڵد ترامپدا دەبوو بگوترێن، زەمینە ڕەخساندنی کۆمارییەکان بوو بۆ ئەوەی ئەو پەیامە تازانە شەرعییەتی هەڵبژاردن وەربگرن، هەروەك چۆن ئیسپانیا لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ئەندامی هاوپەیمانی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق بوو، مەبەستی بوو هێزەکانی زوو لە عێراق بکشێنێتەوە، بەڵام پێویستی بە شەرعییەتی دەنگدان هەبوو، بۆیە کاتێك لە هەڵبژاردنەکانی هەمان ساڵی ئیسپانیادا ئەو شەرعییەتەی وەرگرت، پێش هەمووان هێزەکانی لە عێراق کشاندەوە، هەروەها هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ تورکیا نەیدەویست ببێ جێ بەجێکردنی مەرجەکانی خۆی ببێتە ئەندامی هاوپەیمانی شەڕی عێراق، ئەویش پەنای بۆ پەرلەمان برد و شەرعییەتی دەنگدانی نوێنەرانی وەرگرت بۆ ئەوەی بەشداری نەکات.

بێگومان ئەو گۆڕانکارییانەی دۆناڵد ترامپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بانگێشەی بۆ دەکرد، گۆڕانکارییەك نین کە پارتی کۆماری یان دیموکراتی دژی بن یان بڕوایان پێی نەبێت، بەڵکو لەگەڵ ئەو شێوازە زەق و ئاشکرایە نەبوون کە ترامپ بەوجۆرە بانگێشەی بۆ دەکرد، هەر بۆ نموونە ئەو هەڵوێستەی ئێستا ترامپ بەرامبەر پەنابەری موسڵمان و ئەمریکای لاتینی بەرزی کردۆتەوە ، لە ساڵی ١٩٣٨ هەمان درووشم بەرامبەر پەنابەری جووش بەرزکراوەتەوەو دەرگا نەکراوەتەوە بە ڕووی لافاوی پەنابەری جووەکاندا، لەمەش زیاتر پێش ترامپ، هنتنگتن لە کتێبی ( ئێمە کێین؟ ) توندتر لە ترامپ هەڵوێستی نەك هەر بەرامبەر پەنابەرانی ئەمریکای لاتینی وەرگرتووە، بەڵکو هنتنگتن، ئەو بڕیارەی ئەمریکاشی بەمەترسی داناوە کە زمانی ئیسپانی هاوشانی زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا وەك زمانێکی فەرمی پێناسە بکرێت، بۆیە ئەوەی ترامپ بە ئاشکرا دەیگوت، لەناخی دڵی زۆربەی ئەمریکیەکاندا بوو، بەڵام بە ئاشکرا و بەو زەقییە نەدەگوترا. هەروەها ئەوەی ترامپ بەرامبەر پەنابەری موسڵمان یان شێوازی مامەڵەی ئایندەی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتە دۆستەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی، پێش ئەوەی بەکردەیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەست پێبکات، ئەم ئیدارەی ئێستای سەرۆك ئۆباما یاسای (جاستا) ی دژی سعودیە پەسەند کرد بۆ ئەوەی هەرکەسێك لە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر زیانی پێگەیشتووە بە پارەی سعودیە دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە، بۆیە هیچ سەیر نییە کە ترامپ داوا دەکات دەبێت لەمەودوا هاوپەیمانەکانی ئەمریکا پارە بدەن بۆ ئەوەی ئەمریکا بیان پارێزێت.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیارە لەدوای ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئیدارەی ئەمریکاو ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی سەناتیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاستی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کار ناکات و هیچ کێشەیەکی پێ چارەسەر ناکرێت، بۆیە ئەم سیاسەتە پێویستی بەدووبارە داڕشتنەوە هەبوو، هەروەها پێویستی بەوە بوو ئەم سیاسەتە لە چوارچێوە تەقلیدییەکەی شەڕی سارد و سەروەریی دەوڵەت دەربهێنرێت و بەشێوەیەکی پراگماتیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانە بکات کە لەسەر ئەرزی واقیع لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی بوونیان هەیە.

خۆگرێدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سیاسەتی سەردەمانی شەڕی سارد و پارێزگاریکردن بە دەوڵەتە بەزۆر دروستکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی، بووە هۆکاری ئەوەی تەنها بۆ عێراق و ئەفغانستان لەماوەی ٨ ساڵدا زیاتر لە ٦-٧ ترلیۆن دۆلار خەرج بکەن و چەندین هەزار قوربانی و دەیان هەزار بریندار بدەن، بەڵام ئاکامەکەی ئەوەبوو، عێراقی ٢٠١٦ زۆر لە عێراقی ٢٠٠٣ مەترسیدارترە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ٢٠١٦ زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ساڵانی ٢٠٠٠ جێگەی مەترسییە.

لەلایەکی دیکە ئەگەر سەرنج لە هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەندامانی ناتۆ بدەین کە هاوپەیمانییەك بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و سیستمی جیهانی پێکەوە کۆیان دەکاتەوە،

**ئەگەر هەڵوەستەیەک لەسەر ستراتیژییەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بکەین بەرامبەر بەداعش، ئەوا ئەو ستراتیژە تەنها تێکشکاندنی سەربازیی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش نابێت، بەڵکو هەموو ئەو هۆکارانە دەبێت کە درێژە دەدات بەشەڕی ناوخۆی نێوان سوننە و شیعە**

وەك لــە ڕووداوەكانــی عێــراق و ئەفغانســتان و دواتریــش لیبیــا و ســوریا و ئۆكرانیــا بینیمــان، هیــچ كۆدەنگییــەك و هەڵوێســتێكی هاوبــەش و پتــەو لەنێوان ئەندامانــی ئــەو هاوپەیمانییــە بوونــی نییــە، هــەر بۆ نموونــە توركیــا كــە ئەندامــی ناتۆیــە زۆر بەســادەیی لــە هێرشــی ناتــۆ بــۆ ســەر لیبیــا بەشــداری نەكــرد، ئەمجــارەش لــە هاوپەیمانییــی نێودەوڵەتــی دژی داعــش، ئێستاشــی لەگەڵدا بێت توركیــا لەگــەڵ ناتــۆ یەكدەنــگ و یــەك هەڵوێست نییــە و ســەربەخۆ ڕەفتــار دەكات، ئەوجا لەبەرامبــەر ڕووســیاش لەســەر مەســەلەی ئۆكرانیــاو لكاندنــی كریمــا بــە ڕووســیاوە، ئــەوا هەڵوێســتی ئەندامانــی ناتــۆ نــەك هــەر یەكگرتــوو نییــە، بەڵكــو هەندێك لــە ئەندامانــی ناتــۆ پێشــوازی لــە سیاســەتەكانی ڕووســیا و پۆتیــن دەكــەن.

ئــەم پاشــاگەردانییەی سیســتمی جیهانــی و ناتــۆ بەســەركردایەتیی ئەمریــكا بەخۆیــەوە دەبینێت پێویســتی بەدووبــارە دارِشــتنەوە و پێناســەكردنەوە هەیــە، بۆیــە ئەگــەر هیــلاری كلینتۆنیــش ببووایــە بــە ســەرۆك ئــەم پێداچوونەوەیــە دەكــرا، بــەڵام ئــەو میكانیزمــە لەبــارەی لــە ســەرۆكایەتیی ترامپــدا شــەرعییەتی هەڵبژاردنــی پێــدراوە و دەوڵەتانیــش ناچارن ڕێز لەو شــەرعییەتە بگرن، لەسەرۆكایەتیی هیلاریــدا ئــەو شــەرعییەتە بوونــی نەدەبــوو كارەكــە بــە ئاســانی جــێ بەجــێ نەدەبــوو. بــەڵام ئەگــەر لــەم چەنــد ڕۆژەی دوای ســەركەوتنی ترامــپ ، ســەرنج لــە قســەو لێدوانەكانی دەوڵەتــە گەورەكانــی یەكێتیــی ئەورووپــا و ناتــۆ بدەیــن، دەبینیــن هــەر ئــەو دەوڵەتانــەی كــە ســەركەوتنی ترامپیــان بــە هەڕەشــە بــۆ ســەر جیهــان پێناســە دەكــرد، ئێســتا داوادەكــەن ڕاســتەوخۆ لەگــەڵ ترامــپ دابنیشــن و لەســەر هــاوكاری و هەماهەنگــی داهاتــوو لەگــەڵ ئیــدارەی تــازەی ئەمریــكا قســە بكــەن.

## ● شەڕی داعش و گرنگیی كوردستان لە ئەجیندای ئیدارەی داهاتووی ئەمریكادا

لــە ئەجینــدای ئیــدارەی داهاتــووی ئەمریــكادا پێناســەی داعــش هەمــوو ئــەو لایەنانــە دەگرێتــەوە كــە بــە ئاشــكرا ئەمریــكا وەك ( شــەیتانی گــەورە) دەبینــن، ئەوجــا ئــەم تیرۆرانینــە تیرۆرانینــی قاعیــدە بێــت یــان داعــش یــان هــەر دەوڵەتێكــی ناوچەكــە.

باڵیــۆز جوزیــف نــای كــە كتێبــی ( هێــزی نــەرم) ی نووســی، ئامــاژە بــەوە دەكات پێش ڕووخانــی دیــواری بەرلیــن، خۆپیشــاندەران لەودیــو كەمپەكانــی بلۆكــی سۆشیالیســتەوە پەیكــەری ئازادیــی شــاری نیویۆركیــان بەرزدەكــردەوە وەك ئاماژەیــەك بــۆ ئــەوەی ئەمریــكا وڵاتــی ئازادییــە، خەڵــك بــە تاســەوە گوێــی بــۆ زمانــە جیاوازەكانــی دەنگــی ئەمریــكا و ڕادیــۆی ئەورووپــای ئــازاد دەگــرت، بــەڵام ئێســتا ئــەو هەســت و ســۆزە نــەك هــەر گۆڕانــكاری بەســەردا هاتــووە، بەڵكــو دوژمنانــی ئــازادی هاتوونەتــە نــاو ماڵــی ئەمریــكا و دەیانەوێت پەیكــەری ئــازادی بڕووخێنــن، ئــەوكات جوزیــف نــای دەیگــوت: (مــن دواییــن كــەس دەبــم كــە بڵێــم، دەبێــت دەســتبەرداری هێــزی ســەربازیی بیــن، بــەڵام نابێــت لــە پێنــاوی بەكارهێنانــی هێــزی ســەربازیدا هێــزی نــەرم لەدەســت بدەیــن) ســەبارەت بــەم قســەیە ، دۆناڵــد ڕامســفیڵد كــە لەســەردەمی ئیــدارەی جــۆرج دەبلیــو بوشــدا وەزیــری بەرگریــی ئەمریــكا بــوو، زۆر بەســادەیی بــە جۆزیــف نــای گوتبــوو جەنابــی باڵیــۆز مــن نازانــم مەبەســتی تــۆ لــە پەنابردنــەوە بــۆ هێــزی نــەرم مانــای چییــە؟ ئەگــەر جۆزیــف نــای لــە كتێبەكەیــدا ئــەم پرسیارەی ڕامســفیڵد وەك بــێ بایەخكردنــی هێــزی نــەرم لــە نــاو ئیــدارەی بوشــدا دەخاتــەڕوو، بــەڵام ڕۆژگاری دوایــی دەریخســت، ڕامســفیلد مەبەســتی ئــەوە بــووە (زۆر زەحمەتــە بتوانرێــت ســەرنجی گــەل و دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بە هێزی نــەرم ڕابكێشــرێت، بــەڵام گۆڕانــكاری لــەو وڵاتانــە پێویســتی بەوەیــە كــە هێــزی زەمینــی لەنــاو ئــەو وڵاتانــە بەكاربهێنرێــت هــەروەك چــۆن لــە عێــراق و ئەفغانســتان بەكارهــات)، دیــارە ســەبارەت بــەم واقیعــە دوای نزیكــەی ٦ ســاڵ جۆزیــف جارێكــی دیكــە و لــە كتێبــی ( ئاینــدەی هێــزدا ) و دوای ئەوەیــش لــە كتێبەكەیــدا ( ئایــا ئەمریــكا تــەواو كۆتایــی هاتــووە؟ ) جەخــت لەســەر ئــەوە دەكاتــەوە ئایینــدەی هێــز لەمەترســیدایە، چونكــە هێــز گەیشــتۆتە كاراكتــەری غەیــرە دەوڵەتــی و پێویســتە زیرەكانــە هێــز بەكاربهێنرێــت، یــان خــود باردۆخەكــە هێنــدە مەترســیدار بــووە دەبێــت بیــر لــەوە بكرێتــەوە ســوپای ئاینــدە ڕۆبــۆت بێــت نــەك مــرۆڤ.

ئەوجــا ئەگــەر لــەم ڕوانگەیــەوە ئاڵۆزیــی باردۆخەكــە لــە دیــدگای ئەمریــكا بخوێنینــەوە، ئــەوا وەك دینیس ڕۆس دەڵێت، ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت تەنهــا كێشــەی ســوریا یــان میســری

**لە ئەجیندای ئیدارەی داهاتووی ئەمریكادا پێناسەی داعش هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە كە بە ئاشكرا ئەمریكا وەك ( شەیتانی گەورە) دەبینن، ئەوجا ئەم تیرۆرانینە تیرۆرانینی قاعیدە بێت یان داعش یان هەر دەوڵەتێكی ناوچەكە**



تیدا بێت و هیچی دیکە، هێشتا ئەو کێشەیە لەتوانای ئەمریکا گەورەترە، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە کۆمارییەکان لەسەر زاری دۆناڵد ترامپەوە دەڵێن، دەبێت پێش دوژمنەکانمان، دۆستەکانمان ئامادەباشییان هەبێت بەرپرسیارییەتی هەڵبگرن، ئەوە مانای ئەوەیە هەتا ئەگەر ئەمریکا سەرکردایەتیش بکات ئەوا ناکرێت هەموو بارەکە لەسەر شانی ئەمریکا بێت. کەواتە ئەمە مانای ئەوەیە پێش ئەوەی رووبەڕووی دوژمن ببنەوە دەبێت، هاوپەیمانیەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بیت، ئەمەش وەك ئۆرسۆلا ڤۆن دەر لاینی وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا دەڵێت، دەبێت شێوازی هاوپەیمانی بگۆڕێت بۆ بەرپرسیارییەتی هاوبەش نەك لایەك لەژێر هەژموونی ئەوی دیکەدا بێت.

لێرەوە ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر ستراتیژییەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بکەین بەرامبەر بەداعش ، ئەوا ئەو ستراتیژە تەنها تێکشکاندنی سەربازیی ریکخراوی تیرۆریستی داعش نابێت، بەڵکو هەموو ئەو هۆکارانە دەبێت کە درێژە دەدات بەشەڕی ناوخۆی نێوان سوننە و شیعە و ئەو دەوڵەتانەشی کە لەژێر پەردەی شەڕی سوننە و شیعە شەڕی بەوەکالەت دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆکاری ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، لەچوارچێوەی یەك ستراتیژیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کە پێی دەگوترێت ستراتیژییەتی دژی داعش.

لەم ستراتیژییەدا کە کوردستان رۆڵێکی سەرەکی لە شەڕی دژی داعشدا دەگێڕێت، سیاسەتی ناوخۆی کوردستانیش ئەو ژینگەیەی فەراهەمکردووە کە تۆوی داعش و فیتنەی مەزهەبگەرایی و ئاینی و نەتەوەیی تێدا دروست نەبێت، ئەوا کوردستان لە ستراتیژییەتی داهاتووی ئیدارەی ئەمریکادا بە پێگەیەکی بەهێزتر و رووپەکی درەوشاوەتر دەردەکەوێت.

ئەم بۆچوونە هەروەها لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵکو لەو کاتەوەی داعش هێرشی کردۆتە سەر کوردستان و پێشمەرگە توانیویەتی کە تیرۆریستانی داعش رابگرێت و پاشانیش تێکیان بشکێنێت، پرۆژەی پرچەك کردنی هێزی پێشمەرگە بە ئاستی سوپایەکی مۆدێرنی دەوڵەتیکی سەربەخۆ، بۆتە پرۆژەی کۆنگرێسمان

**لەو کاتەوەی داعش هێرشی کردۆتە سەر کوردستان و پێشمەرگە توانیویەتی کە تیرۆریستانی داعش رابگرێت و پاشانیش تێکیان بشکێنێت، پرۆژەی پرچەک کردنی هێزی پێشمەرگە بە ئاستی سوپایەکی مۆدێرنی دەوڵەتیکی سەربەخۆ، بۆتە پرۆژەی کۆنگرێسمان و سیناتۆرەکانی پارتی کۆماری لە ئەنجوومەنی نوێنەران و سەنات**

و سیناتۆرەکانی پارتی کۆماری لە ئەنجوومەنی نوێنەران و سەنات، پرۆژەکەش لە لیژنەی سەربازی کۆنگرێس دەنگی پێویستی هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی عێراق وەك دەوڵەت سەروەریی نەمێنێت، ئیدارەی ئۆباما گوشاری کرد کە نابێت بەو ئاستەو راستەوخۆ چەك بدرێتە پێشمەرگە، کە سەرۆك بارزانیش لە ٢٠١٥ چووە ئەمریکا، ئەم پرسە لەگەڵ ئەویش باسکرا و سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە پێشمەرگە پێویستی




بەچەکە، گرنگ ئەوەیە چەك بگاتە دەستی پێشمەرگە نەك چۆن دەدرێتە پێشمەرگە.

ئەگەر سەرنج لە تێگەیشتنی کۆمارییەکان بۆ گرنگی و زەرورەتی کوردستان لەشەڕی دژی داعشدا بدەین، ئەوا لەو راستییە تێدەگەین، کە کۆمارییەکان و سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا، بۆ تیکشکاندنی داعش و هەموو ئەو فیکرە داعشییانەی لە ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەر بوونیان هەیە، نەك هەر ئامادەن کە تەنها بەچەك و تەقەمەنی و مەشق و راهێنان یارمەتیی کوردستان و پێشمەرگە بدەن، بەڵکو واقیعی تازە وا پێویست دەکات کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت و دەبێت پێش هەر وڵاتێکیش ئەمریکا وەك سەرۆکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ناتۆ بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهان دان بەو دەوڵەتانەدا بنێت و هەر هێز و لایەنێکیش دژی سەربەخۆیی کوردستانێکی سەربەخۆ رابوەستێت، دەبێت وەك ئەو داعشە سەیر بکرێت کە لە ٢٠١٤ بە خەیاڵی خاوی دەیویست کوردستان داگیر بکات.



**ئەماتزیا بارام**

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی عێراق لە زانکۆی حەیفا بۆ گوڵان:

# لەو بڕوایەدام دۆناڵد ترامپ دان بەسەربەخۆیی کوردستاندا دەنێت

## پەیوەندیی ئێران لەگەڵ بەشێکی یەکێتی ڕێگرە لە ڕێککەوتنی نێوان کوردستان و بەغدا

**پرۆفیسۆر ئەماتزیا بارام ئێستا ئوستادی فەخرییە لە بەشی دیراساتی مێژوو و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی عێراقە لە زانکۆی حەیفا لە ئیسرائیل و پێشتریش یەکێك بووە لە توێژەرە باڵاکانی سەنتەری سابان لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز لە ئەمریکا، لە ماوەی خزمەتی سەربازیی لە ناو سوپای ئیسرائیلدا و لەگەڵ دەستپێکی شەڕی عێراق - ئێران، بەرپرسی دیسکی عێراق بووە بۆ شرۆڤە و هەواڵگریی سەربازی و هەر ئەم شارەزاییەشی بووە هۆکاری ئەوەی لەلایەن ئیدارەی جۆرج دەبلیۆ بوشەوە بۆ شەڕی ئازادکردنی عێراق وەك راوێژکار دەست نیشان بکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنی دۆناڵد ترامپ وەك سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا و ئەو گۆڕانکاریانەی لەسیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکە روودەدەن و بایەخی کوردستان لە ئەجیندای سیاسەتی دەرەوەی داهاتووی ئەمریکا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر بارام ئەنجامداو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن.**

*** ئاشکرایە دۆناڵد ترامپ هەڵبژاردنی بردەوە و بووە ٤٥ ـەمین سەرۆکی هەڵبژێراوی ئەمریکا ئەمە وێڕای ئەوەی هەموو راپرسیەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە هیلاری کلینتۆن هەڵبژاردنەکە دەباتەوە؟**

- سەبارەت بە راپرسی دیارە هیچ کاتێك راپرسی لە هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیلیشدا وەك خۆی دەرنەچووە، هەروەها ئەو راپرسیانەشی کە لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا سەبارەت بە جیابوونەوەی بەریتانیا لەو یەکێتی ئەورووپا کرا راست دەرنەچوون، بۆیە ئەم رووداوانە پێمان دەڵێن کە راپرسیەکان و ئاکامی هەڵبژاردنەکان وەك یەك نین.

*** باشە با بێینە سەر ئەوەی ئایا تۆ چۆن سەیری سیاسەتی سەرۆکی تازەی ئەمریکا دەکەیت؟**

- ئەگەر باسی سیاسەتی سەرۆکی تازەی ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سوریا بکەین کە ئەمەیان گرنگترین گۆڕانکاری دەبن لە سیاسەتی سەرۆکی داهاتوودا، دیارە ئەو گۆڕانکارییەش لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر سەنگافورا و ژاپۆن و کۆریای باشوور و رۆژهەڵات و باشووری ئاسیاش دەبێت، بەڵام ئەمەیان بابەتی موناقەشەی ئێمە نییە، سەبارەت بە سیاسەتی داهاتووی ئەمریکا بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، دیارە ئێمە شتێکی زۆر سەبارەت بە بیرکردنەوەی ترامپ نازانین و نازانین چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت مەزندەی ئەوە بکەین چۆن بیر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوە، لەم رووەوە ئەگەر باسی هەڵوێستی ترامپ بکەین بەرامبەر رۆڵی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئەوا گومانی تێدانییە هەڵوێستی بەرامبەر رووسیا زۆر لە ئیدارەی ئۆباما یان ئەگەر هیلاری دەربچووبایە باشتر دەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ترامپ ئامادە دەبێت قوربانی بە ئۆکرانیا بدات بۆ ئەوەی دووبارە دانوستاندن لەگەڵ فلادمێر پۆتین دەست پێبکاتەوە، لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە شێوەیەکی پراکتیکی هەمان هەڵوێستی ئۆبامای دەبێت و رێگە دەدات رووسیا لە تەرتوس و بەشێوەیەکی گشتی لە سوریا بمێنێتەوە. بەمەش دەتوانێت جۆرێك لە لێکتێگەیشتن لەگەڵ رووسیا سەبارەت بە شەڕی دژی داعش درووست بکات، لەوانەیە بواری رووسیا بدات هێرشی زیاتر دژی گروپە ئیسلامیە رادیکاڵەکان بکات لەوانە بەرەی نوسرە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە دیدی ئەمریکادا بەرەی نوسرە زۆر رادیکاڵ و توندڕەو نییە، بەڵام لە دیدی رووسیاوە جۆرێکی دیکەیە.

*** ئەی سەبارەت بە ئێران کە ئەویش لە سوریا و عێراق بوونی هەیە و لە هەمان کاتدا هاوپەیمانی رووسیاشە؟**

- سەبارەت بە ئێران، لەبەر ئەوەی ئێران و رووسیا پەیوەندییەکی باش لە نێوانیاندا هەیە، ئەوا لەوانەیە لەگەڵ ئێرانیش لەسەر پرسی سوریا بگەنە جۆرێك لە رێککەوتن ، بەڵام

**لەوانەیە لەگەڵ ئێرانیش لەسەر پرسی سوریا بگەنە جۆرێک لە رێککەوتن ، بەڵام لەسەر عێراق ناگەنە رێککەوتن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە عێراق بارودۆخێکی سەد دەرسەد جیاوازی لە سوریا هەیە**

**لە هەردوو بەرەی شەڕی موسڵ و ڕەقە کورد ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، بۆیە ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا بێت یان دۆناڵد ترامپ، خاڵی سەرەکی ئەوەیە ئەمریکا پێویستی بەکوردە، بۆیە بۆ کورد هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، لەم ڕووەوە ناکرێت مەترسیمان لە هیچ سیاسەتێکی ئەنتی کورد یان کەمکردنەوەی هاوکاری بۆ کوردستان هەبێت، بە بۆچوونی من دۆناڵد ترامپ زیاتر یارمەتی کورد دەدات**

**هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر ئێران توندتر دەکات و سنوورێک بۆ ڕەفتارەکانی ئێران لە ناوچەکە و لە دەریاکانی ئەو ناوچەیە زیاتر دەکات، بێگومان ترامپ نەک ڕێگە نادات ئێران ئەو مافە بەخۆی بدات سەربازی ئەمریکی دەستگیر بکات، بەڵکو ڕێگە نادات هێزی ئێرانی هەڕەشە لەسەر هێزی دەریای ئەمریکا دروست بکات**

لەسەر عێراق ناگەنە ڕێککەوتن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە عێراق بارودۆخێکی سەد دەرسەد جیاوازی لە سوریا هەیە، ڕووسیا بە هیچ شێوەیەك لەناو عێراقدا لەسەر ئەرز دەستێوەردانی نەکردووە، تەنها ئەوە نەبێت بە ئاسمانی عێراقدا ڕۆکێتی تێپەڕیوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی لە ناو سوریادا بپێکێت،بۆیە لەوانەیە سەرۆکی تازەی ئەمریکاش بوار بە ڕووسیا بدات هێرشە ئاسمانییەکانی بەردەوام بێت بۆ حەلەب و سوریا.

*** هەر لەم هاوکێشەیەدا لایەنی کوردیش لە هەردوو لای سوریا و عێراق کاراکتەری سەرەکین لە شەڕی ڕەقە و موسڵ، ئایا هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر کورد چۆن دەبێت؟**

- ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی قسە بکەین، حاڵی حازر هەرێمی کوردستانی عێراق پەیوەندیەکی گەورەی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، لە هەردوو بەرەی شەڕی موسڵ و ڕەقە کورد ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، بۆیە ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا بێت یان دۆناڵد ترامپ، خاڵی سەرەکی ئەوەیە ئەمریکا پێویستی بەکوردە، بۆیە بۆ کورد هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، لەم ڕووەوە ناکرێت مەترسیمان لە هیچ سیاسەتێکی ئەنتی کورد یان کەمکردنەوەی هاوکاری بۆ کوردستان هەبێت، بە بۆچوونی من دۆناڵد ترامپ زیاتر یارمەتی کورد دەدات ئەوجا چ لە عێراق بێت یان لەسوریا، بەڵام هێزی زەمینی بۆ هیچ کام لە عێراق و سوریا نانێرێت،لەوانەیە ژمارەی هێزی تایبەت یان کۆماندۆ لەوەی ئێستا زیاتر بکات، لەوانەیە هێرشە ئاسمانییەکان زیاتر بکات، بەڵام ئەمیش زۆر زیاتر نەکات لەبەر ئەوەی مەترسی قوربانیی هاووڵاتیانی سڤیل زیاتر دەبێت.

*** لایەنێکی دیکە کە وەك دەوڵەت لەناوچەکە هەم گرنگە و هەمیش بۆتە بەشێك لە شەڕی ناو سوریا، ئەویش تورکیایە، ئایا تورکیا لە سیاسەتی تازەی ئەمریکا چۆن دەبێت؟**

- کێشەی گەورەی تورکیا لەناوخۆی خۆیدایە، لەبەر ئەوەی ئەردۆگان ئێستا هەموو کەسێك لە تورکیا دەستگیر دەکات، پۆلیس و سوپا دەستگیر دەکات، بۆ ئەمەیان ئەگەر هیلاری ببوایە بەسەرۆك، ئەوا هەوڵێکی زۆری دەدخستە گەڕ بۆ ئەوەی ئەردۆگان ئەم هەڵمەتە رابگرێت، بەڵام لەوانەیە ئەمە لای ترامپ زۆر گرنگ نەبێت، ئەمەش جێگەی دڵخۆشی سەرۆك ئەردۆگانە، بەڵام ئەو کێشەیەی لەگەڵ سەرۆکی تازە ڕووبەڕووی ئەردۆگان دەبێتە، کێشەی کوردە لە سوریا و عێراق، سەبارەت بە عێراق، هەردوو لایەنی تورکی و کوردی، پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکدی هەیە، بۆیە ئەردۆگان هیچ دەستێوەردانێك لە هەرێمی کوردستان یان موسڵ و ڕۆژئاوای موسڵ ناکات، بەڵام سەبارەت بە باکووری موسڵ و سنووری لەگەڵ سوریا ئەمە تورکیای نیگەران کردووە و بەلایەوە گرنگە، بۆیە لەم راستەوە بۆ ڕێگەیەك دەگەڕێت خۆی لەمەترسی پەکەکە دووربخاتەوە، دیارە پەکەکەش بنکەی لەناو عێراق و سوریاشدا هەیە، بۆیە تورکیا لە پرسەکەدا جەخت لەسەر پەکەکە دەکاتەوە و باسی پەیەدە ناکات و پەیەدە وەك پاشکۆی پەکەکە پێناسە دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا تورکیا دەیەوێت وای پیشانبدات کە ئەو کێشەی لەگەڵ کوردی سوریا نییە و کێشەی لەگەڵ پەکەکەیە، لەم هاوکێشەیەدا کێشەی سوریاش بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا کێشەیەکی گەورەیە، لەم کێشە گەورەیەدا ترامپ پێویستی بە کوردی سوریا دەبێت بۆ ئەوەی لە شەڕی داعشدا بەشداری بکەن، لە بەرامبەریشدا ترامپ دیسان وەك هاوپەیمانێکی گرنگ سەیری دەوڵەتی تورکیا دەکات، تەنها ئەوەی پێدەکرێت کە ڕێگە نەدات لە نێوان دوو دۆستی خۆیدا شەڕ ڕووبدات، بۆیە لەوانەیە هەمان سیاسەتی ئۆباما پیادە بکات، کە چۆن بە زۆر کوردی سوریای کێشایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی فورات بۆ ئەوەی لە هێزەکانی تورکیا دوور بکەنەوە، دەبێت ترامپیش هەمان سیاسەت پیادە بکات بۆ ئەوەی کوردی سوریا و سوپای تورکیا تێکەڵی یەکتری نەبن و شەڕی یەکتری نەکەن.سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراقیش سیاسەتی سەرۆکی تازەی ئەمریکا باشتر دەبێت خراپتر نابێت، لەشەڕی موسڵدا هاوکاریەکانی زیاتر دەکات، ژمارەی هێزی تایبەت و کۆماندۆ و راوێژکارەکانی کە ئێستا نزیکە ٦٠٠ سەرباز دەبن لە عێراق لەوانەیە زیادی بکات بۆ دوو ئەوەندە.

*** تۆ سەبارەت بە ئێران تەنها ئاماژەت بە شەڕی سوریا کرد، بەڵام ترامپ دەڵێت ڕێککەوتنی ئۆباما لەگەڵ ئێران هەڵدەوەشێنمەوە،**

**ئایا تۆ لەمبارەوە چی دەڵێیت و دەتوانێت ئەو ڕێککەوتنە هەڵبوەشێنیتەوە؟**

- سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ئەتومی نێوان ئێران و ئەمریکا، من پێموانییە بتوانێت بە ئاسانی ئەم کارە بکات، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێککەوتنەی نێوان ئەمریکاو ئێران بۆتە ڕێککەوتنێکی دامەزراوەیی لە ئیدارەی ئەمریکا، بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر ئێران توندتر دەکات و سنوورێك بۆ ڕەفتارەکانی ئێران لە ناوچەکە و لە دەریاکانی ئەو ناوچەیە زیاتر دەکات، هەر بۆ نموونە ئیدارەی ئۆباما ئامادەبوو ملیۆنەها دۆلار بداتە ئێران بۆ ئەوەی بەو بەندکراوانەی پێبگۆڕێتەوە کە لەلایەن ئێرانەوە دەستگیر دەکرا، بێگومانم ترامپ ئەمە ناکات، هەروەها لەناو ئاوی ناوچەکەدا، زۆر جاران هێزی دەریایی ئەمریکا دەکەوتنە بەر هەڕەشە و مەترسی هێزەکانی ئێران و یان هێزەکانی ئێران سەربازانی هێزی دەریای ئەمریکایان دەستگیردەکرد، بێگومان ترامپ نەك ڕێگە نادات ئێران ئەو مافە بەخۆی بدات سەربازی ئەمریکی دەستگیر بکات، بەڵکو ڕێگە نادات هێزی ئێرانی هەڕەشە لەسەر هێزی دەریای ئەمریکا دروست بکات کارێکی لەو جۆرە ڕووبدات، ئەو وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان فەرمان بە هێزەکانی دەدات، ئەو هێزەی ئێران کە دەبێتە هەڕەشە هەر لەئاوەکەدا نقومی بکەن، بۆیە من دڵنیام کە ترامپ بەرامبەر ئێران توند دەبێت، بەڵام توندییەکەی سنوردار دەبێت.

*** دیارە ئیسرائیلیش دەوڵەتێکی گرنگی ناوچەکەیە، هەست دەکرێت ترامپ وەك دۆستی ئیسرائیل دەردەکەوێت، ئایا سیاسەتی بەرامبەر ئیسرائیل چۆن دەبێت؟**

- پێشتر ترامپ بەڵێنی داوە کە باڵیۆزخانەی ئەمریکا دەگوازێتەوە بۆ قودس وەك شارێك کە پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیلە، من پێموایە ئەمە دەکات، بەڵام سەبارەت بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێی ( المستوطنات) زیاتر، ئەو دەڵێت من پشتگیری دەکەم، بەڵام ئەمەش دواتر دەکەوێتە سەر ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چۆن دادەڕێژرێتەوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی عەرەبی و ئەمریکیش گرنگی خۆی هەیە، بۆیە سەبارەت بەمەیان دەبێت کار لەسەر ئەگەرەکان بکەین، لەوانەیە نەتانیاهۆ بە سەرۆکی ئەمریکا بڵێت ئێمە نیشتەجێبوون لەسەر خاکی جوو دەکەین بەتایبەتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی قودس، ئەوا لە بەرامبەردا لەوانەیە سەرۆکی تازەی ئەمریکا بڵێت من چاوی لێ دەپۆشم و بێدەنگ دەبم لەسەری، بەڵام نابێت ئەم نیشتەجێکردنە فراوان بکرێت و هیچ بەشێکی کەناری ڕۆژئاوا بگرێتەوە، ئەگەر بیر لەوە کرایەوە ئیسرائیل خاکی خۆی فراوانتر بکات بۆ نموونە ئەو ناوچانەی کە دوای ساڵی ١٩٦٧ داگیری کردوون، دیارە ئەمەیان دەکەوێتە سەر ئەوەی ئەبومازن ڕازی بێت کە ئیسرائیل ئەو خاکانە فراوان بکات، ئەو کاتە ئەمریکاش ڕازی دەبێت و دەتوانرێت ٤-٥ شوێنی نیشتەجێبوونی گەورە دروست بکرێت بە هاوشێوەی شارێك، بەڵام دەبێت لەناو خاکی ئیسرائیلدا بێت نەك لە دەرەوەی لەم حاڵەتەدا دەکرێت چاوی لێ بپۆشرێت. بۆیە من دڵنیام سیاسەتی ترامپ نەك هەر لە سیاسەتی ئۆباما جیاوازتر دەبێت، بەڵکو بەرامبەر ئیسرائیل زۆر نەرمتر دەبیت بەتایبەتیش بەرامبەر دەستپێکردنەوەی وتووێژەکانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، ترامپ بە هیچ جۆرێك پەنا بۆ گوشار نابات بۆ ئەوەی هەردوولا دەست بە گفتوگۆ بکەنەوە، بەڵکو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کاتێك سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات گوشار دەبات، دیارە قسە لەسەر هەردوو لایەنی فەلەستینی و ئیسرائیلی دەکات و خۆشحاڵی خۆشی بۆ بەرەو پێشەوەچوونی گفتوگۆکان پیشاندەدات، واتە پێشنیاری کۆبوونەوەی ئارەزوومەندانە( غیر ملزم) بۆ هەردوولا دەکات، سەبارەت بە چارەسەر دوو دەوڵەتیش بۆ چارەسەری کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، ئەمریکا ناڵێت من بڕوام بەم چارەسەرە نیە، بەڵام ئەو داوا دەکات هەردوولا بگەنە ڕێککەوتن، ئەو کات چەند دەوڵەتێکی عەرەبی و دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپاش و ئەمریکاش هاوکاریتان دەکەن و هەموو لایەك حەزدەکات پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بەرەو پێشەوە بڕوات و چارەسەر بێت.

*** بێگومان وەك ئاگادارن ترامپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، هۆشداری دایە**

**ئێوەی کوردیش نابێت چاوەڕێی ئەوەبن هەموو ئەو شتانەی مەبەستتانە بەدەستی دەهێنن، لەمەش زیاتر کورد دەبێت لەوە ئاگادار بێت ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا زۆر قورسترە لە ڕێککەوتن لەگەڵ سوننەی عەرەب.**

**گاردی نیشتمانی دروست بکرێت و هەر هێزێك پارێزگای خۆی بپارێزێت، دروستکردنی گاردی نیشتمانی بۆ عەرەبی سوننە ، بۆ کوردستان و بەغدا جێگەی مەترسی نابێت، لەبەر ئەوەی ئەم هێزە هەرگیز ئەو چەکەی نابێت کە هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەبەردەستی هەیە**

**بەشێکی زۆری عەرەبی موسڵ خوازیاری ئەوەن جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، بۆیە گرنگە ئێوە فێریان بکەن چۆن خۆیان بەڕێوەبەرن، من دەزانم ئەزموونی هەرێمی کوردستان ئەو ئەزموونەیە کە عەرەبی سوننە ئومێدی بۆ دەخوازن**

**ئێران وای دەبینێت ئەگەر کێشە لە عێراقدا هەبێت گوشارەکان لەسەر ئێران کەمتر دەبنەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە بەشی هەرە زۆری ئاڵۆزی ئەم کێشانە دەکەوێتە سەر تاران**

**ئەمریکا دەبێت لەم راستیە تێبگات و هەوڵبدات کە لە دوای تێکشکاندنی داعش بەغدا و کورد و سوننە بگەیەنێتە رێککەوتن**

**هاوپەیمانەکانی و پێی راگەیاندن، ئەگەر دەتانەوێت هاوکارتان بین بۆ پارێزگاریکردنتان ، ئەوا دەبێت پارە بدەن، ئایا ئەمە هیچ مەترسییەك لەسەر ئایندەی ناتۆ دروست ناکات؟**

- سەرۆکی تازەی ئەمریکا سەرکردەکانی دەوڵەتانی بەلتیك ئاگادار دەکاتەوە و پێیان دەڵێت ، ئەگەر دەتانەوێت پارێزراو بن دەبێت لە ئێستا زیاتر بەشداری بکەن و پارە بدەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر رووسیا بیەوێت دەوڵەتانی بەلتیك بخاتەوە سەر رووسیا، ئەوا کارەسات روودەدات، ئەوجا بۆ ئەوەی کارەسات روونەدات ئەوا دەبێت هاوکاری بکەن، سەبارەت بە دەوڵەتانی دیکەی ناتۆش، بۆ نموونە پۆڵەندا، ئاشکرایە لە ئێستا رووسیا ناتوانێت پۆڵەندا داگیربکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو کارەی کرد دەبێتە کارەسات بۆ رووسیا، فلادمیر پۆتنیش سەرۆکێکی واقعییە و ئەم راستیە دەزانێت و کاری لەو شێوەیە ناکات، بەڵام لەگەڵ دەوڵەتانی بەلتیك بارودۆخەکە وەك پۆڵەندا نییە، ئەگەر ئەمە رووبدات دەبێتە کارەسات بۆ ناتۆ، بۆیە دەبێت پۆڵەنداش بەشداری بکات و ئەوەی نەکات نابێتە ئەندامی ناتۆ، سەبارەت بەم پرسە سەرۆکی تازەی ئەمریکا بە دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ دەڵێت، ئێوە خۆتان دەزانن ئەمریکا لەبەردەمی چ کێشەیەکی گەورەی ئابوریدایە، دەزانن رۆژانە چەندین ملیۆن دۆلار بۆ پاراستنی ئێوە تەرخان دەکات، بۆیە ئەگەر ئێوە هاوکاری نەکەن بارەکە قورستر دەبێت و ئەگەریش هەموولایەك بەشداری بکات بۆ هەموو لایەك باشتر دەبێت.

*** تۆ ئاماژەیەکت بە شەڕی موسڵ کرد، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەگەر لەرووی سەربازییەوە داعش تێکبشکێنرێت، ئەمە تەنها دەبێتە سەرکەوتنێکی سیمبولی سەربازی ، ئایا ئەگەر پرۆسەیەکی سەرتاپاگیر لە عێراقدا دەست پێنەکاتەوە، پێت وانییە شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننە هەر بەردەوامی دەبێت؟**

- ئەم پرسیارە زۆر گرنگە و کرۆکی پرسەکەیە دوای تێکشکاندنی داعش لەرووی سەربازییەوە، بەڵام لە سەداسەدی ئەم پرسە دەکەوێتە سەر بەغدا، بۆ ئەم پرسەش ئەگەر بەغدا بیەوێت لە گەڵ کوردا بگاتە رێککەوتن دەبێت کۆمپرۆمایز بکات، کوردیش دەبێت کۆمپرۆمایز بکات، ئەمەش بەو مانایەی ئێوەی کوردیش نابێت چاوەڕێی ئەوەبن هەموو ئەو شتانەی مەبەستتانە بەدەستی دەهێنن، لەمەش زیاتر کورد دەبێت لەوە ئاگادار بێت رێککەوتن لەگەڵ بەغدا زۆر قورسترە لە رێککەوتن لەگەڵ سوننەی عەرەب.

سەبارەت بە موسڵ دوای داعش، بێگومان ئێوەش دەزانن موسڵ پرسێکی قورسە، بەشی زۆری دانیشتوانەکەی عەرەبی سوننەن، زۆربەی ئەم خەڵکە لەناو شەڕەکەدا گیردەخۆن کە ژمارەیان لە ملیۆنێك زیاترە، بۆیە دەبێت رێگەیەکیان بۆ بکرێتەوە لەو گیرخواردیە رزگاریان بێت، ئەوجا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە پێویستمان بەوەیە چەند هەنگاوێکی جدی هەڵبگیرێت، بۆ ئەمەش لەم یەکدوو مانگەی رابردوو، پەرلەمانی عێراق یاسای لێبووردنی پەسەند کرد، جێبەجێکردنی ئەم یاسایە هیچ مەترسییەك لە خۆی ناگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو عەرەبە سوننانەی بوونە چەکداری داعش و بەشداری شەڕەکانیان کردووە هیچ لێبووردنێك نایانگرێتەوە، بۆیە ئەمە بە هەنگاوێکی باش هەژمار دەکرێت، دوای ئەمە بەشی زۆری ئەو خەڵکە پێویستی بەوەیە دووبارە بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆی، بەشێکی زۆریان لە ناو دامودەزگاکانی حکومەتدا کاریان هەبووە و دەبێت بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان، هەندێکی دیکە بێکارن و دەبێت کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، ژمارەیەکیش لەو خەڵکانە چوونە دەرەوەی عێراق و دوای ئەم پرۆسەیە دەیانەوێت بگەڕێنەوە، دەبێت رێگەیان بۆ خۆشبکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە وڵات و بۆ سەر کارەکانی خۆیان، ئەگەر ئەمانە بکرێن کارێکی باش دەبێت و لە کارەسات دوور دەکەونەوە.

پرسێکی دیکە مەسەلەی پێشمەرگەیە کە کوردستان دەپارێزێت، دیارە لەسەر ئەم پرسە دەبێت لەگەڵ حکومەتی عەبادی بگەنە رێککەوتن و هەتا ئەگەر کرا لەگەڵ ئایەتوڵا عەلی سیستانیش وەك مەرجەعی گەورەی شیعە، بەڵام ئەم پرسە بۆ پەرلەمانی عێراق ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی دەبێت رازی بێت لەسەر ئەوەی بۆ پارێزگاکانی عەرەبی سوننەش وەك موسڵ و ئەنبار و تکریت و دیالە ، گاردی نیشتمانی دروست بکرێت و هەر هێزێك

پارێزگای خۆی بپارێزێت، دروستکردنی گاردی نیشتمانی بۆ عەرەبی سوننە ، بۆ کوردستان و بەغدا جێگەی مەترسی نابێت، لەبەر ئەوەی ئەم هێزە هەرگیز ئەو چەکەی نابێت کە هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەبەردەستی هەیە.

*** ئەی سەبارەت بەڕێوەبردنی موسڵ لەدوای داعش ئەوەش پرسێکی دیکەی گرنگە، ئایا چۆن ئەو پرۆسەیە رێکدەخرێتەوە؟**

- بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە هاوکاربێت بۆ ئیدارەی موسڵ لەلایەن عەرەبی سوننەوە لەسەر دوو ئاست، یەکەم، پێویستە هەوڵبدەن کە پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ عەرەبی سوننە دروست بکەن، ئێوە خۆتان دەزانن قەت پەیوەندی زۆر باشتان لەگەڵ عەرەبی سوننە نەبووە، لانی کەم لە ماوەی ٥٠ ساڵی رابردوودا، خاڵی دووەمیان ئەوەیە، دیارە ئێوە خۆتان دەزانن کە بەشێکی زۆری عەرەبی موسڵ خوازیاری ئەوەن جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، بۆیە گرنگە ئێوە فێریان بکەن چۆن خۆیان بەڕێوەبەرن، من دەزانم ئەزموونی هەرێمی کوردستان ئەو ئەزموونەیە کە عەرەبی سوننە ئومێدی بۆ دەخوازن، ئەگەر ئەم میکانیزمە بگیرێتە بەر مەترسییەکان دوور دەکەونەوە، هیچ لایەك ناتوانێت ببێتە مەترسی بۆسەر لایەکەی دیکە.

*** ئایا تاچەند حکومەتی بەغدا هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا و سوننە لەسەر ئەم میکانیزمە رێکبخرێتەوە؟**

- رێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان سوننە و بەغدا، دەبێت حکومەتی عێراق بیکات، بەڵام دەبێت کورد و سوننەش پێکەوە پەیوەندییان باش بێت، سەبارەت بە رێککەوتنی نێوان بەغداو هەولێر، دەبێت بەغدا داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی خاك و نەوت لەبەرچاو بگرێت، بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێویستی بە کۆمپرۆمایز هەیە لەلایەن هەردوولاوە، ئەگەر ئەم چارەسەر سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا مەترسییەکە ئەو کاتە دەست پێدەکات، من ئاگادارم زۆربەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەیانەوێت ئەمڕۆ بڕیاری سەربەخۆیی بدەن نەك سبەینێ، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پراگماتیکانە بیردەکاتەوە و دووربینانە سەیری ئایندە دەکات، لە ئێستادا رێککەوتن لەگەڵ بەغدا بەگرنگ دەزانن و بەغداش دەیەوێت کە کێشەکانی لەگەڵ کوردستان چارەسەر بکات و رێگە لە دابەشکردنی عێراق بگرێت.

*** باشە کە هەردوولا ئەو نیەتەیان هەیە بۆچی ناگەنە رێککەوتن و کێشەکانی خۆیان چارەسەر ناکەن؟**

- کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئێستا بەغدا لەژێر کاریگەریی ئێراندایە، ئێران بەلایەوە گرنگ نییە هەولێر و بەغدا لیك نزیکببنەوە بگەنە رێککەوتن یان سوننە و شیعە بگەنە میکانیزمێك بۆ پێکەوە ژیان، بەپێچەوانەوە دەسەڵاتدارانی ئێران بەوە خۆشحاڵ دەبن کاتێك دەبینین لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا شەڕ و گرژی و ئاڵۆزی هەیە، لە ئێستا ئێران بۆیە بە تێکشکاندنی داعش خۆشحاڵن، لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان عەرەبی شیعەو سوننە زۆر زۆر خراپە، پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی زۆرینەی شیعە لەبەغدا باش نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێران لە عێراقدا کێشە و ئاڵۆزی هەبێت، ئەمەش لەو روانگەیەوە ئێران وای دەبینێت ئەگەر کێشە لە عێراقدا هەبێت گوشارەکان لەسەر ئێران کەمتر دەبنەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە بەشی هەرە زۆری ئاڵۆزی ئەم کێشانە دەکەوێتە سەر تاران.

*** ئەی رۆڵی ئەمریکا لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا چۆن دەبێت، ئایا پێتوانییە سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پێویستی بە گوشاری ئەمریکا دەبێت؟**

- بێگومان بەشێکی زۆری سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ئامادەبوون و گوشاری ئەمریکا هەیە، هەتا ئێستا نازانرێت ئایا دۆناڵد ترامپ ئەم گوشارە دەخاتە سەر بەغداو تاران؟ تائێستا ئەمە ئاشکرا نییە، بەڵام ئەگەر هیلاری کلینتۆن ببوایە بە سەرۆك ئەوا من دڵنیابووم ئەو ئامادەبوون و گوشاری ئیدارەی ئەمریکای دەخستە گەڕ بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان و بەغدا و سوننە و بەغدا بگەنە رێککەوتن، هەربۆیە ئەگەر ئەو لایەنانە نەگەنە رێککەوتن، بەتایبەتی شیعە و سوننە، ئەوا ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، ئەمەش لەبەر ئەوەی دوای تێکشکانی سەربازی

**هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خێزانی جەلال تاڵەبانی و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی پەیوەندیەکی زۆر باشیان لەگەڵ ئێران هەیە، دەبوو ئەم پەیوەندیەی نێوان یەکێتی و ئێران ببوایە بە گوشارێکی دیپلۆماتی بۆ ئەوەی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان کۆمپرۆمایز بکات**

**دەبوو ئێران ئەو زەمینەی برەخساندایە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان داوای یارمەتی لێبکات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغدا بگەنە رێککەوتن، ئەمەش جۆرێک لە بێلایەنی و هاوسەنگی دروست دەکرد**

**کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئێستا بەغدا لەژێر کاریگەری ئێراندایە، ئێران بەلایەوە گرنگ نییە هەولێر و بەغدا لیک نزیکببنەوە بگەنە رێککەوتن یان سوننە و شیعە بگەنە میکانیزمێک بۆ پێکەوە ژیان، بەپێچەوانەوە دەسەڵاتدارانی ئێران بەوە خۆشحاڵ دەبن کاتێک دەبینین لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا شەڕ و گرژی و ئاڵۆزی هەیە**

داعش، هێشتا ژمارەیەکی زۆر توندڕۆ لە نێو سوننە بوونی دەبێت، لەوانەیە جارێکی دیکە ئەم توندڕۆیانە ببنەوە بە قاعیدە یان داعش، یان لەژێر هەر ناوێکی دیکەدا بێت، ئەمەش مەترسی لەسەر ئاسایشی ئەمریکا درووست دەکات و لەوانەیە بگەنە ئەمریکا هەروەك بەم دواییە چەند کارێك لە ئەمریکا بکەن، بۆیە ئەمریکا دەبێت لەم راستیە تێبگات و هەوڵبدات کە لە دوای تێکشکاندنی داعش بەغدا و کورد و سوننە بگەیەنێتە رێککەوتن.

*** تۆ باست لەوە کرد ئێران خوازیاری ئەوەیە لە عێراقدا سەقامگیری بوونی نەبێت و ئاژاوە بەردەوام بێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێران خۆی رۆڵێکی سەرەکی تێکدەرانە ناگێڕێت بۆ ئەوەی ببێتە رێگر بۆ رێککەوتنی نێوان کوردستان و بەغدا یان بەغدا و سوننە؟**

- هیچ گومانم نییە ئێران هەوڵدەدات کە لە رێککەوتنی نێوان بەغداو سوننە رێگری بکات، هەتا ئەگەر بگەنە رێککەوتنیش تاران دژی دەبێت، ئەمە بۆ کوردستان بەغداش هەمان شێوەیە، لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەم لەوانە:

یەکەم: ئاشکرایە یەکێتی نیشتمانی لەرێگەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خێزانی جەلال تاڵەبانی و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییانەوە پەیوەندیەکی زۆر باشیان لەگەڵ ئێران هەیە، دەبوو ئەم پەیوەندیەی نێوان یەکێتی و ئێران ببوایە بە گوشارێکی دیبلۆماتی بۆ ئەوەی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان کۆمپرۆمایز بکات، بەڵام ئەمە وایکردووە کە ئەو کۆمپرۆمایزە روونەدات، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر خۆی لە تورکیا نزیك کردۆتەوە، ئامانجی ئێران لەم پەیوەندیەی لەگەڵ یەکێتی و رێگرتن لە کۆمپرۆمایزی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەیە هەرێمی کوردستان ناچار بێت خۆی لە ئێران نزیك بکاتەوە.

دووەم: من پێمۆایە دەبوو ئێران بە لۆژێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات و دەبوو کارێکی بکردایە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی بەغداو هەرێمی کوردستان بگەنە رێککەوتن، ئەوکات هەرێمی کوردستان ناچار نەدەبوو کە لە تورکیا هێندە نزیك بێتەوە، نزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستان لە تورکیا پارسەنگەکە بەلای تورکیا دژی ئێران قورس دەکات، بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات دەبوو ئێران پەیوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ بەغداو هەرێمی کوردستان هەبوایە، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانیش لە نێوان ئێران و تورکیا بێلایەن بوایە یان لانی کەم پەیوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ هەردوولا هەبوایە، لەم حاڵەتەشدا دەبوو ئێران ئەو زەمینەی بڕەخساندایە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان داوای یارمەتی لێبکات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغدا بگەنە رێککەوتن، ئەمەش جۆرێك لە بێلایەنی و هاوسەنگی دروست دەکرد.

*** تۆ یەکێکی لەو تۆژەرانەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ لەسەر دۆسیێ عێراق کاردەکەیت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ئەو پرسیارە بکەین، کە بەم دواییە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق هێرش دەکاتە سەر سەرۆك بارزانی و، دەڵێت کوردستان بۆتە پێگەیەك بۆ ئیسرائیل، ئایا سەبارەت بەم قسانەی مالیکی چی دەڵێت؟**

- مالیکی زۆر ترسناکە، وەك سەدام حوسێن رەفتار دەکات، ئەو بۆ دژایەتیکردنی نێوان کورد و بەغدا پەنا بۆ هەموو رێگەیەك و پروپاگەندەیەك دەبات، بۆیە دەبێت وریا بن مالیکی زۆر ترسناکە، گریمان کوردستان و ئیسرائیل پەیوەندیان هەیە، بەڵام ئەم پەیوەندییە بەر لە ١٠ساڵ پێش ئێستا چۆن بووە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام مالیکی ئەمە دەکاتە پروپاگەندە بۆ ئەوەی رێگری بکات لەوەی هەولێر و بەغدا بگاتە رێککەوتن، ئەم رێگەی مالیکی ئێستا پەنای بۆ دەبات پێشتر سەدام حوسێن زۆر جار پەنای بۆ بردووە، من بەدەنگی تۆمارکراوی سەدام حوسێن هەمە کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەیگووت (خومەینی جاسووسی زایۆنیزمە)، من پرسیار لە ئێوە دەکەم ئایا خومەینی جاسووسی زایۆنیزمە؟ من دڵنیاتان دەکەمەوە بۆ مالیکی زۆر ئاساییە ئێستا بڵێت (عەبادی جاسووسی زایۆنیزمە) بۆیە کاتێك باسی مالیکی دەکرێت دەبێت لە بیرمان بێت ئەو وەك سەدام حوسێن بیردەکاتەوەو هەر بەوشێوەیەش رەفتار دەکات.

*** دیارە لەوانەیە هەتا سەرۆکی تازەی ئەمریکا**

**ئێوە ئەگەر زیرەکانە هەنگاو هەڵبگرن دەتوانن دەست بەجێ دانپێدانان بەدەست بهێنن، بەڵام ئەگەر وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانتانپێدانرا، ئایا ئێوە دەتوانن رووبەڕووی ئەرکە قورسەکان ببنەوە؟**

**تورکیا نە تیشکی سەوزتان بۆ هەڵدەکات بۆ ئەوەی بڕیاری سەربەخۆیی بدەن، نە تیشکی سوریشتان پیشاندەدات بۆ ئەوەی رێگریتان لێ بکات، بەڵکو تیشکی زەردتان پیشاندەدا، سەبارەت بە ئێران، ئەمەش گومانی تێدا نییە بە تەواوی دژی سەربەخۆیی کوردستان دەبێت و بەغداش بە هەمان شێوە**

**دەست بەکار دەبێت، داعش لەرووی سەربازییەوە کۆتایی هاتبێت، کوردستانیش ئومێدی ئەوەی هەیە سەربەخۆ بێت، ئایا سیاسەتی سەرۆکی تازەی ئەمریکا بەرامبەر کورد چۆن دەبێت و کورد دەبێت چ داوایەك لە سەرۆكی داهاتووی ئەمریکا بکات؟**

- سەبارەت بە راگەیاندنی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی، من حەزدەکەم شتێکتان پێ بڵێم، دیارە زۆر جار کە باسی سەربەخۆیی دێتە پێشەوە، بەراوردی کورد بە جوو دەکەن چۆن دەوڵەتی خۆیان دامەزراندووە، ئێوەش نەتەوەیەکن، بەڵام نیشتمانی سەربەخۆیی خۆتان نییە، بۆیە ئێوە ئەگەر زیرەکانە هەنگاو هەڵبگرن دەتوانن دەست بەجێ دانپێدانان بەدەست بهێنن، بەڵام ئەگەر وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانتانپێدانرا، ئایا ئێوە دەتوانن رووبەرووی ئەرکە قورسەکان ببنەوە؟ دیارە من لێرەدا باسی دانپێدانانی دیپلۆماتی و دیفاکتۆ دەکەم، ئەگەر مەبەستتان ئەم دانپێدانانەیە، من دەڵێم لەبەر ئەوەی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا ترامپە ئەوا لەوانەیە دان بەسەربەخۆیی کوردستان بنێت، بەڵام ئەگەر هیلاری بوایە ئەمە روونەدەدا، بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوەم لێ بکەیت ئایا ئەم دانپێدانانەی ترامپ مانای ئەوەیە ئەمریکا ئامادەیە هێزی خۆی بنێرێتە کوردستان بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە لە هەموو دوژمنەکانی بپارێزێت؟ من دەڵێم زەحمەتە ئەمەیان ناکەن، سەبارەت بە تورکیا، من دڵنیام تورکیا نە تیشکی سەوزتان بۆ هەڵدەکات بۆ ئەوەی بڕیاری سەربەخۆیی بدەن، نە تیشکی سوریشتان پیشاندەدات بۆ ئەوەی رێگریتان لێ بکات، بەڵکو تیشکی زەردتان پیشاندەدا، سەبارەت بە ئێران، ئەمەش گومانی تێدا نییە بە تەواوی دژی سەربەخۆیی کوردستان دەبێت و بەغداش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەگەر ئەم پرسە بوو بە ئەمری واقیع لەوانەیە ئەم گریمانانە هەمووی وەك خۆی دەرنەچێت و گۆڕانکاری بەسەردا بێت، هەر بۆ نموونە هەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا دژی جیابوونەوەی بەریتانیا بوون لە یەکێتی ئەورووپا، بەڵام دوای ئەوەی گەلی بەریتانیا بڕیاریدا هەڵوێستەکان بووە شتێکی دیکە، بۆیە من مەزندە دەکەم ئەگەر ئەمڕۆ سەربەخۆیی رابگەیەنن لەوانەیە ١٠ دەوڵەت یان زیاتر دان بەو دەوڵەتەدا بنێت، بەڵام بەشی زۆری دەوڵەتان بەفەرمی دانی پێدانانین، بۆیە گەلی کوردستان ئازادە خۆی چ بڕیارێك دەدات، بەڵام دەبێت تەحەمولی ئاكامی بڕیاردانەکەی خۆشی بکات.

*** بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە ئاسانتربێت، ئایا بە رای تۆ کورد دەبێت داواکاری بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا چی بێت؟**

- دەبێت زۆر راشکاوانە هەوڵبدەن ئەوەی مەبەستانە و دەتانەوێت لەگەڵ ئیدارەی تازەی ئەمریکا باسی بکەن و ئەوان بگەیەننە قەناعەت لەوانە:

١. دەبێت راشکاوانە لەگەڵ ئیدارەی تازەی ئەمریکا باسی ئەوە بکەن، کە ئێمە پێویستمان بە چەکی زیاتر و مەشق و راهێنانی زیاتری پێشمەرگە هەیە، بۆ ئەوەی دوای داعش ئامادەیی بۆ شەڕ هەبێت و بتوانێت رووبەڕووی هەر هەرەشەیەکی دیکە ببێتەوە.

٢. دەبێت ئیدارەی تازەی ئەمریکا بگەیەننە قەناعەت کە هەناردەکرنی نەوتی کوردستان یاساییە و ئیدارەی ئۆباما قبوڵی کردووە، ئەمەش بۆ ئەوەیە هەناردەکردنی نەوت رانەوەستێت تا لەگەڵ بەغدا دەگەنە رێککەوتن.


٣. ئێوە کێشەی خاکتان لەگەڵ عێراق هەیە بەتایبەتی مەسەلەی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەرهەرێمی کوردستان، بۆ ئەمە دەبێت راشکاوانە بە ئیدارەی تازەی ئەمریکا بڵێن، ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ بەغدا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی پارێزگای نەینەوا بگەینە رێککەوتن بەو میکانیزمەی لە دەستوری عێراقدا هاتووە، ئەگەر توانیتان ئیدارەی داهاتوو بگەیەننە قەناعەت، ئەوا ئەمە چانسێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی کەرکوك و ئەو ناوچانە بەراپرسی بگەڕێنەوە سەرهەرێمی کوردستان.

سەبارەت بەم خاڵانە کە دەتانەوێت لەگەڵ ئیدارەی تازەی ئەمریکا باسی بکەن، من دەڵێم ئیدارەی تازەی ئەمریکا زۆر کراوە دەبێت بۆ گوێگرتن لەهەموو ئەم پرسانە بە بەراورد لەگەڵ ئیدارەی باراك ئۆبامادا.

**مالیکی زۆر ترسناکە، وەک سەدام حوسێن رەفتار دەکات، ئەو بۆ دژایەتیکردنی نێوان کورد و بەغدا پەنا بۆ هەموو رێگەیەک و پروپاگەندەیەک دەبات، بۆیە دەبێت ووریا بن مالیکی زۆر ترسناکە**

**ئەم رێگەی مالیکی ئێستا پەنای بۆ دەبات پێشتر سەدام حوسێن زۆر جار پەنای بۆ بردووە، من بەدەنگی تۆمارکراوی سەدام حوسێن هەمە کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەیگووت (خومەینی جاسووسی زایۆنیزمە)، من دڵنیاتان دەکەمەوە بۆ مالیکی زۆر ئاساییە ئێستا بڵێت (عەبادی جاسووسی زایۆنیزمە) بۆیە کاتێک باسی مالیکی دەکرێت دەبێت لە بیرمان بێت ئەو وەک سەدام حوسێن بیردەکاتەوەو هەر بەوشێوەیەش رەفتار دەکات**

# پێش ٩٤ ساڵ وتراوە کوردستان وەتەنێک لەخارجی عێراقدا



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

پێشتریش ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە زۆر گرنگە سوود لە رابووردوو وەربگرین بۆ ئێستاو ئایندەمان لەڕێگەی دووبارە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی سیاسیی گەلەکەمان.

لەم بوارەشدا وەك پێشتر وتمان رۆژنامەی پێشکەوتن کە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٢٢) دا دەردەچوو، زۆر بابەتی تێدایە کە دەکرێت ببنە مەشخەڵی رێگا بۆ ئەمڕۆی کوردەواریمان لەزۆر بوارەکانی ژیاندا.

لە ژمارە ١١٤ بەرواری ١٩٢٢/٦/٢٩ یەکێك لەو باسانەی کە ئەوساش وەك ئێستا باسێکی گەرم بووە، باسی سەربەخۆیی کوردستان بووە. ئەوساش هەندێك کەس لەرۆژنامەکانی ئەوسای عێراقدا نووسیویانە کە کوردستان ناتوانێت سەربەخۆ بێت، نوسیویانە با کوردستان بەشێك بێت لەعێراق، لەبەرامبەریشدا لە رۆژنامەی پێشکەوتندا کەسانێکیش هەبوونە وەڵامی ئەو جۆرە بۆچوونەیان داوەتەوەو، پشتگیرییان لەسەربەخۆبوونی کوردستان کردووە.

بۆ نموونە کەسێك بەناوی شێخزادەی رەواندوز لە رۆژنامەی ئەلعیراقدا بڕوای بەسەربەخۆیی زمانەوانیی و سیاسیی کورد نەبووەو بەشتێکی خەیاڵیی زانیوە، بۆیە پارێزەرێك (ئەو کات بەپارێزەر دەگوترا ئەوقات) بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە لەهەمان رۆژنامەداو، رۆژنامەی پێشکەوتنیش دیکاتە کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە لە ژمارە ١١٦ بەرواری ١٩٢٢/٧/١٣ «أوقات مەعروف عەلی ئەسغەر لە (العراق) وە. لەسەر نووسینی شێخ زادەی رەواندوز لەغەزەتەی (العراق)».

(جەنابی شێخ زادە فەرموویەتی کە مەسئەلەی فێربوونی لوغەتی کوردی و تأسیسی حکومەتی گەورەی کورد خەیاڵاتە. من زۆر أسف دەکەم لەسەر پەڕەی غەزەتە ئەم کەلیمە گرانانە ببینم کە لە قەڵەمی کوردێکی دەرسدەر دەرچوویێت... من لەخوێندەوارەکانی غەزەتە پرسیار دەکەم:

ئایا أملی تأسیسی حکومەتی عێراق هەبوو؟

ئایا خەیاڵ دەکرا تأسیسی حکومەتی گورج و روسی جبار لە ناوا بێ؟

ئایا لەفکردا بوو بوخارا مستقل بێ؟)



مەعروف عەلی ئەسغەر لەم وتارەیدا غەم لەوە دەخوات کە کوردێکی خوێندەوارو مامۆستا لەسەر پەڕەی رۆژنامە دژ بەزمانی نەتەوەی خۆی و دژ بەسەربەخۆیی کوردستان بوەستێت و بەخەیاڵاتی لەقەڵەم بدات.
ئەوجا پرسیار دەکات و دەڵێت: زۆر شتی دی بەخەیالات دەبینرا کەچی بوونە راستەقینە وەك دروستکردنی دەوڵەتێك بەناوی عێراق و دەوڵەتێك بۆ جۆرجیا و بۆ بوخاراو. هتد.
بۆیە ئەو کاتیش هەستی نەتەوایەتی کوردانە هەر وەك ئێستا لەو باوەڕەدا بووە کە کوردستان هیچ زەمانێك بەشێك نەبووە لەو عێراقە، بۆیە بەڕێز ئەحمەد حەمدی کە لەساڵی ١٨٩٤ لەدایکبووەو لەساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە لەهەمان رۆژنامەدا رۆژنامەی پێشکەوتن ئەم قسەیەی لای خوارەوە دەکات لەژێر ناونیشانی (بۆ تۆزی نووسین زۆر خوێندن لازمە) لەژمارە ١١٤ بەرواری ١٩٢٢/٦/٢٩
(کوردستان نەمتمم و نە ئەجزای عێراقە، وەتەنێك لەخارجی عێراقا بێ، میللەتێك کە (لسان) و عنصری لەعراقی نەچێ، دیارە نە ئەوە، نە لەوە).
واتە کوردستان تەواوکاری عێراق نییەو بەشێکیش نییە لەعێراق، بەڵکو نیشتمانێکە لەدەرەوەی عێراقدا، کاتێکیش کەزمان و نەژادی کورد لەهی عێراق نەچێت دەردەکەوێت کە نە عێراقییەو نە لەعیراقیشە).
بۆیە وەك زۆرجاری دیکەش گوتومانە لەڕووانگەی ئەوەی کە پێکەوەژیان و پێکەوەبوونی مرۆڤەکان لەبچوکترین بازنەدا تاپێکەوەبوونی گەلان لەیەك دەوڵەتدا، ئیرادەی ئازادو قەبوڵکردنی سەربەستانەی دەوێت، بۆیە پێویستە ئەم جیهانە بزانێت کەگەلی کوردستان لەلکاندنی بەم عێراقەوە پرسی راستەقینەی پێنەکراوە، بۆیە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی خۆی و، جۆری ئەو سیستمەش کە ئارەزوومەندانە بۆ خۆی و نەتەوە هاوژیانەکانی هەڵیدەبژێرێت، بەمەبەستی بەرقەرارکردن و چەسپاندنی ئاشتیی جیهانیی و ئیقلیمی.



رۆمیۆ هەکاری سکرتێری حزبی بەیت نەهرێن بۆ گوڵان:

# پشتیوانیی سەرۆک بارزانی بۆ کریستیانەکان زامنی تەبایی و ئارامی و پێکەوەژیانە لە کوردستاندا

**ئەو لایەنەی کە سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا راکێشاوە، بوونی لێبووردەیی و پێکەوەژیانە لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان و ئەو پێکەوە ژیان و برایەتییەی لە کوردستان بوونی هەیە لە تەواوی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی بوونی نییە، لەمەش زیاتر پێشمەرگەی کوردستان وەك پارێزەری سەرجەم نەتەوەو ئایین و پێکهاتە جیاوازەکان قوربانی داوە بۆ پاراستنی ئەم تەبایی و پێکەوەژیانە، هەروەها دەرگای واڵا کردووە بۆ ئەوەی لەو شوێنانەی دیکەش دەکەونە بەر هەڕەشە لە کوردستاندا بەئارامی بژین، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی ئازادکردنەوەی ناوچەی برا کریستیانەکان لە دەشتی نەینەواو ئایندەی ئەو ناوچانە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێز رۆمیۆ هەکاری سکرتێری حزبی بەیت نەهرێن ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی داعش و دوای ئەوەی کە کریستیانەکانی عێراق ئاوارە بوون و روویان لە کوردستان کرد، سەرۆك بارزانی بە برا کریستییانەکانی گوت: ئێرە وڵاتی خۆتانە و بەجێی مەهێڵن، یان پێکەوە بە ئاشتی دەژین یاخود لەپێناو ئازادیدا بەیەکەوە دەمرین، ئێستاش وا خەریکە داعش کۆتایی دێت، ئایا ئێوە لە ئێستادا دەربارەی ئەم قسەیەی سەرۆك بارزانی چی دەڵێن؟**

- ئەگەر لەم قسەیەی جەنابی سەرۆك بارزانی وردبینەوەو بە واتا و ناوەڕۆکەکەی لێکی بدەینەوە، بە راستی قسەیەکی دڵخۆشکەر بوو بۆ سەرجەم کریستیانان، بەڕێزیان دڵنیایی و ئاسوودەیی بە ئێمە بەخشی، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە تیرۆریستانی داعش دوژمنی سەرسەختی هەموو نەتەوەو ئایینە جیاجیاکانە لە هەرێمی کوردستان بە کوردو ئاشووری و کلدان و تورکمان و گشت نەتەوە و ئایینەکانی دیکە تەنانەت لە سەرتاسەری عێراقیش، ئێمەی کریستیان و خوشك و برایانی ئێزیدی لەسەر دەستی رێکخراوی تیرۆریستی داعش زیانێکی مەزنمان پێگەیشتووە و قوربانیی زۆرمان داوە، لەبری ئەوە داواکارین چ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و چ لە حکومەتی عێراق و سەرجەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە بە هەموو توانایەکیانەوە پشتیوانیی لە ئێمە و پێکهات و ئایینەکانی دیکە بکەن بۆ ئەوەی دوای نەمانی داعش و رزگارکردنی دەشتی نەینەواو شاری موسڵ، بتوانین بە مافە رەواکانی خۆمان بگەین بەتایبەتیش داخوازیی ئێمە کە دەشتی نەینەوا بکرێتە پارێزگایەك و بە توانای رۆڵەکانی و پشتیوانیی هەموو لایەك جارێکی دیکە ئاوەدانی بکەینەوە، کە لە ئێستاداو بە هۆی ئەو شەڕە ٨٠٪ی شارو شارۆچکەو گوندەکانی دەشتی نەینەوا لەلایەن ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە وێران بووە، وێڕای ئاوارەبوونی پتر لە ٢٠٠ هەزار هاووڵاتی دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ داعش هێرشی بۆ هێناین و هەموو پیرۆزیی و شوێنەوارە ئاینی و نەتەوەییەکانی خاپوورکرد.

*** مایەی شانازییە بۆ هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکانی کوردستان بیسەلمێنین کە توانیومانە لە کاتی شەڕی داعش پارێزگاریی لە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوانمان بکەین و روویەکی گەشی ئەو پێکەوەژیانە پیشانی جیهان بدەین، بە رای ئێوە چۆن دەکرێ ئەو پێکەوەژیان و برایەتییە دوای نەمانی داعش پتەوتربکەین و کوردستانی پێ جوانتر بکەین؟**

- ئەو پێکەوەژیانەی نێوان نەتەوەو ئایینەکان کە لە کوردستاندا بوونی هەیە یەکێکە لە سیما جوانەکانی ئەم هەرێمە و لەمەدا هەنگاوی بەرچاومان هەڵگرتووە و باش چووەتە پێش، ئێمەی کریستیان و تەنانەت زۆربەی نەتەوە پێکهاتە ئایینییەکانی دەشتی نەینەوا ترسی ئایندەی ئەو دەڤەرەمان هەیە دوای نەمانی داعش کە قۆناغێکی دیکە دەست پێدەکات، بۆیە پابەندبوون بەم بەیەکەوەژیانە زۆر پێویستە لە قۆناغی داهاتوودا، ئەمەش بۆ ئەوەی هەموو مافەکانمان لە چوارچێوەی ئەم برایەتی و پێکەوەژیانە مسۆگەربکرێت و نەهێڵین ئەو تەباییەی نێوانمان درزی تێبکەوێت و لاوازبێت.

*** لە پرۆسەی ئەمجارەی ئازادکردنەوەی موسڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوچەیەکی**

**رۆڵی دیارو حەکیمانەی سەرۆک بارزانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەرەو پێشبردنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان مایەی شانازیمانە، هەروەها پشتگیری و پاڵپشتیی بەردەوامی بەڕێزیان لە مافە ڕەواکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بەگشتی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش لە دەشتی نەینەوا زامنی ئارامی و برایەتی و تەبایی و پێکەوەژیانە**

**ئێمە وەک کلدانی و ئاشووری و سریانی بە هەموو لایەنە سیاسییەکانەوە رێککەوتووین لەسەر ئەوەی کە دەبێت پارێزگای دەشتی نەینەوا بۆ گەلی ئێمە و برایانی ئێزیدی و شەبەک درووست بکرێت، چونکە لەو ناوچانە زیانێکی زۆرمان لەسەر دەستی داعش پێگەیشتووە**

**دیکەی فراوانیی کریستیاننشینی لە دەشتی نەینەوا ئازادکردەوە، دیارە دوای ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانەش بیر لەوە دەکرێتەوە کە ئاوەدان بکرێنەوەو خەڵکەکەی بۆ بگەڕێندرێتەوە، ئایا بیرتان لەم پرۆسەیە کردۆتەوە؟**

- یەکێك لە ئەولەویاتی پێویست ئەم مژارەیە واتا ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە، من وەك شایەدحاڵێك بە چاوی خۆم گوندی باتقایەم لە میحوەری تلسقۆف-تلکێف بینی کە لە ٨٠٪ی ئەم گوندە وێران بووە و خانووەکانی تەختکراون، بۆیە من دەڵێم ئەو ناوچەیەو شوێنەکانی دیکەش پێویستییان بە کۆمەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی ئاوەدانبکرێنەوە، ئێمە ستایشی هێزی پێشمەرگە دەکەین کە ڕۆڵی باڵاو بەرچاویان هەبوو لە رزگارکردنەوەی زۆربەی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا، هەروەها سوپای عێراقیش بەشداری کردووە، هیوادارین ئەو سنوورە نوێیەی دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی دەشتی نەینەواو شاری موسڵ نەبێتە هێڵێك بۆ دابەشکردنی دەشتی نەینەوا بۆ دووبەش، واتا بەشێك بۆ هەرێمی کوردستان و بەشەکەی دیکەشی بۆ حکومەتی ناوەندیی عێراق، بەڵکو هیوادارین و داواکارین کە گەلی ئێمە لەم دەشتەدا بژیت و خاکەکەی ئەم دەشتە یەك پارچە بێت و نەکرێت دوو پارچە، بۆیە هیوادارم ئەو هێڵەی ئێستا دانراوە ڕێکەوتنێکی کاتی بێت لەنێوان بەغداو هەولێر کە سنووری پێشمەرگەو سنووری عێراقی لێ دیاریکراوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە دوای ئازادکردنەوەی موسڵ پارێزگایەك بۆ کریستیانەکان لە دەشتی نەینەوا دروست بکرێت و دواتر بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، هاوکات دەگوترێت کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ئەمریکاش بیرۆکەی ئەم پارێزگایەیان پێ باشە، ئایا ئێوە وەك کریستیان لای خۆتانەوە چۆن بەرنامەتان بۆ دارشتووە؟**

- ئێمە وەك کلدانی و ئاشووری و سریانی بە هەموو لایەنە سیاسییەکانەوە ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی کە دەبێت پارێزگای دەشتی نەینەوا بۆ گەلی ئێمە و برایانی ئێزیدی و شەبەك درووست بکرێت، چونکە کە پێشتریش ئاماژەم پێدا هەمووومان لەو ناوچانە زیانێکی زۆرمان لەسەر دەستی داعش پێگەیشتووەو ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە دەبێت خۆمان واتا خەڵکی دەشتی نەینەوا بڕیاری خۆی بدات و سیستەمی بەڕێوەبردنی خۆی هەڵبژێرێت، بەدەر لەمە من پێموایە ئەم پێکهاتنانەی دەشتی نەینەوا دوای رزگارکردنەوەی ناوچەکانیان بەمە زۆر دڵخۆش نابن، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لایەنە سیاسییەکانی گەلەکەمان و دەشتی نەینەوا چەند هێزێکی سەربازییان بۆ دوو کاری سەرەکی پێکهێناوە، یەکەمیان بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە رزگارکردنەوەی دەشتی نەینەوا بەشداربن، دووەمیشیان تاکو دوای داعش سەقامگیریی ناوچەکە بپارێزن.

*** ئێستا ئێوە وەك کریستیانەکان هێزێکی خۆتان لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان هەیە، تا چەند بەنیازن بە هەماهەنگیی هێزی پێشمەرگە ئەم هێزەتان فراوان بکەن و بتوانن خۆتان بەم هێزە ناوچەکانی خۆتان بپارێزن؟**

- لە راستیدا ئێمە لە گفتوگۆداین لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، تاکە ئەو هێزەی کە لە ئێستادا هەمانە بکەینە هێزێکی فراوان و گەورە و لە دوارۆژدا گەلەمان و سەرجەم خاکی دەشتی نەینەوای پێ بپارێزین و سەقامگیری لەم دەڤەرە دابین بکەین، هاوکات پێمان باشە و داواکارین دوای رزگارکردنی سەرجەم ناوچەکانی دەشتی نەینەوا و ئاوەدانکردنەوە و گەڕانەوەی خەڵکەکەی، ریفراندۆمێك ئەنجام بدرێت، دانیشتوانەکەی خۆیان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە دەشتی نەینەوا بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان نەك بەتەنیا حزبە سیاسییەکان ئەو بڕیارە بدەن.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بوە بکەم کە ڕۆڵی بەرچاو و باڵای بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە ناوخۆییەکان و عێراق بەرزبنرخێنم، هاوکات ڕۆڵی دیارو حەکیمانەی جەنابیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەرەو پێشبردنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان مایەی شانازیمانە، هەروەها پشتگیری و پاڵپشتیی بەردەوامی بەڕێزیان لە مافە ڕەواکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بەگشتی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش لە دەشتی نەینەوا زامنی ئارامی و برایەتی و تەبایی و پێکەوەژیانە.

**ئەگەر لە قسەی جەنابی سەرۆک بارزانی وردبینەوەو بە واتا و ناوەرۆکەکەی لێکی بدەینەوە، بە راستی قسەیەکی دڵخۆشکەر بوو بۆ سەرجەم کریستیانان، دڵنیایی و ئاسوودەیی بە ئێمە بەخشی**

**ئەو ناوچەیەو شوێنەکانی دیکەش پێویستییان بە کۆمەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی ئاوەدانبکرێنەوە، ئێمە ستایشی هێزی پێشمەرگە دەکەین کە ڕۆڵی باڵاو بەرچاویان هەبوو لە رزگارکردنەوەی زۆربەی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا**

**تیرۆریستانی داعش دوژمنی سەرسەختی هەموو نەتەوەو ئایینە جیاجیاکانە لە هەرێمی کوردستان بە کوردو ئاشووری و کلدان و تورکمان و گشت نەتەوە و ئایینەکانی دیکە**

**لایەنە سیاسییەکانی گەلەکەمان و دەشتی نەینەوا چەند هێزێکی سەربازییان بۆ دوو کاری سەرەکی پێکهێناوە، یەکەمیان بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە رزگارکردنەوەی دەشتی نەینەوا بەشداربن، دووەمیشیان تاکو دوای داعش سەقامگیریی ناوچەکە بپارێزن**

### دەیڤید ئوالالۆ پسپۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# دوای ئەو هەموو کارەسات و پشێوییە بۆ دەبێت کوردستان سەربەخۆ نەبێت و هەر بەشێک بێت لە عێراق؟



دەیڤید ئوالالۆ شیکەرەوە و نووسەر و پرۆفیسۆری کاروبارە جیهانییەکانە. پێشتریش شیکەرەوەی ئاسایشی نێودەوڵەتی بووە لە واشنتون دی سی، لە ئێستاشدا پرۆفیسۆری زانستی سیاسیە لە زانکۆی Texas A&M Uni--versity-Commerce . بۆ قسەکردنی زیاتر لە ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕەوتی ڕووداوەکان و ئایندەی ئەم ناوچەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بیروبۆچوونەکانی خستەڕوو کە گوزارشتە لە بیروبۆچونی تایبەتی خۆی نەك تێڕوانینی زانکۆکەی.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات تەنها ئەو پشێوییە بەردەوامە نییە کە لە یەمەن یان سوریا یاخود عێراقدا دەگوزەرێت، بەڵکو دابەش بوون بەدی دەکەین لەسەر بنەمای ئایینی، وەك سووننە دژی شیعە و هتد، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە بیرۆکەی یەکبوون و یەکێتی سوننە وەهمە، چونکە لە ئێستادا سوننە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر دابەش بووە، بەهۆی چەندین کێشەوە، وەك کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕکابەری سیاسی و بارگرژی. لەلایەکی دیکەوە شیعە هەیە بە ڕابەرایەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا —کە دانیشتوانەکەی نزیکەی ٨٠ ملیۆن کەس دەبێت و بەشێکی بچووك لە تێکڕای موسڵمانان پێکدەهێنێت-، بارگرژیەکی ئایینی لە نێوان شیعە و سوننەشدا لە ئارادایە، سوننە بە ڕابەرایەتی سعودیە و شیعەش بە پێشەنگی ئێران، بەڵام ناکۆکی نێوان ئەم دوو وڵاتە پەیوەستە بە باڵادەستبوون و کۆنترۆڵکردنەوە، کە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی باڵادەستبوونیشدایە بارگرژیە ئاینیەکان ڕوودەدات.

*** ئەوەی بەدی دەکرێت لە ئێستادا سیستمێکی ئیقلیمی تێکشکاو هەیە لەم ناوچەیەدا، هەروەها دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە بە دەوڵەتی شکستخواردوو هەژمار دەکرێن، بیروبۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- ئەمە بەندە بەوەی ئایا ئێوە باسی کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی دەکەن، وەك داعش، کە گروپێکی تیرۆریستییە، یاخود باسی وڵاتێکی وەك یەمەن یان سوریا دەکەن، یان ئەوەتا دەتوانین کوردستان وەك بەشێك لەو پرسە بخەینەڕوو. بۆ نموونە تێڕوانینی شەخسی من ئەوەیە ئایا دوای ئەو هەموو پشێوی و ئاژاوەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچی هێشتا کوردستانی سەربەخۆ دروست نەبووە، باشە بۆچی، چونکە من چەند ساڵێك پێش ئێستا لە هەولێر بووم — کە شوێنێکی دڵگیر بوو و خاوەن خەڵکێکی سەخاوەتمەند و خانەدان بوو- و پرسیاری ئەوەم بۆ دروست بوو بۆچی سەربەخۆ نەبێت و لەگەڵ عێراقدا بێت و هتد. بەڵام ئەگەر باسی وڵاتێکی وەك یەمەن بکەین — لە پەیوەندیدا بە پرسیارەکەتانەوە- ئەوا دەسەڵاتی مەرکەزی لەم وڵاتەدا نەماوە و ئەو وڵاتە چوونەتە نێو گێژاوی پشێوییەوە، بە چەشنی سوریا، ئەم وڵاتانەش بوار بۆ گروپەکانی وەك داعش و ئەلقاعیدە و بەرەی ئەلنوسرە- کە بە دڵنیاییەوە سەر بە ئەل قاعیدەیە- دروست دەکەن، کە کاریگەری و دەسترۆیشتویی خۆیان لە ناوچەکەدا زیاتر دەکەن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پتر لە هەر ناوچەیەکی دیکە بەرەو ناکۆکی بچێت.

*** ئێوە باستان لە کوردستانی سەربەخۆ کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دوای تێکشکاندنی داعش زیاتر ئەگەر ئەوە نایەتەئاراوە کە کوردستان بە شێوەیەکی ڕەسمی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت؟**

- من ئەوە بەدی ناکەم، چونکە ئەگەر ئەوە ڕوویدایە، ئەوا دەبوو دەیەیەك پێش ئێستا ڕوویدایە، چونکە من هەمیشە بیرم کردۆتەوە کە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاوهەڵناگرێت بۆ دانپێدانان بە کوردستاندا، کە من پێم وایە لە بەشێکیدا بۆ هەڵوێستی دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەوەی کوردستانی سەربەخۆ پەیامێك دەبێت بۆ تورکیا کە لە ئێستادا لە شەڕدایە لەگەڵ پەکەکە، واتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەمە لەبەرچاو دەگرێت و نایەوێت هاوسەنگی هێز تێکبچێت کە تورکیاش ئەندامی ناتۆیە، لەبەر ئەوە پێیان باشترە کوردستان بە نیمچە سەربەخۆیی بمێنێتەوە، کەواتە لێرەدا تەنگژەیەك هەیە، بۆ نمونە زۆر زەحمەتە بۆ ئەمەریکا کە کارێکی لەم چەشنە بکات، واتە ئەگەر ئەمەریکا دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێت، ئەوا ئەمە تورکیا نارەحەت دەکات و ئێمەش بەرژەوەندی ستراتیژیمان هەیە لە درێژەدان بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکیادا زیاتر لەوەی لەگەڵ کورددا هەمان بێت.

*** ئێمە دەزانین یەکێك لە ئاکامەکانی شەڕی داعش بێ متمانەییەکی قووڵە لە نێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراقدا، ئایا دۆخەکە گەیشتۆتە ڕاددەیەك کە کێشەکان تەنها بە دابەش بوونی وڵاتەکە کۆتاییان پێبێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، لە ڕاستیدا کێشەکە چەندین ڕەهەندی هەیە، بۆ نموونە ئێوە لە شەڕی موسڵ بڕوانن، پرسیارەکە هەر تەنها ڕزگاکردنی شارەکە نییە لە دەستی داعش، بەڵکو ئەوەیە دواتر چی ڕوودەدات، چی بەسەر موسڵدا دێت، کە ناوچەیەکی سوننی گەورەیە لە وڵاتەدا.

**بیرۆکەی یەکبوون و یەکێتی سوننە وەهمە، چونکە لە ئێستادا سوننە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر دابەش بووە، بەهۆی چەندین کێشەوە، وەك کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕکابەری سیاسی و بارگرژی**

**من چەند ساڵێك پێش ئێستا لە هەولێر بووم — کە شوێنێکی دڵگیر بوو و خاوەن خەڵکێکی سەخاوەتمەند و خانەدان بوو- و پرسیاری ئەوەم بۆ دروست بوو بۆچی سەربەخۆ نەبێت و لەگەڵ عێراقدا بێت و هتد. بەڵام ئەگەر باسی وڵاتێکی وەك یەمەن بکەین ئەوا دەسەڵاتی مەرکەزی لەم وڵاتەدا نەماوە و ئەو وڵاتە چوونەتە نێو گێژاوی پشێوییەوە، بە چەشنی سوریا**

**کوردستانی سەربەخۆ پەیامێك دەبێت بۆ تورکیا کە لە ئێستادا لە شەڕدایە لەگەڵ پەکەکە، واتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەمە لەبەرچاو دەگرێت و نایەوێت هاوسەنگی هێز تێکبچێت کە تورکیاش ئەندامی ناتۆیە، لەبەر ئەوە پێیان باشترە کوردستان بە نیمچە سەربەخۆیی بمێنێتەوە**

ئایا حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا — کە شیعە باڵادەستە بەسەریدا- دەیەوێت باڵادەستی خۆی لەو شارەشدا بچەسپێنێت، بەڵام خێڵە سونەییەکان و خەڵکە مەحەلییەکە بەم هەنگاوە خۆشحاڵ نابن، چونکە ئەوان نوێنەرایەتییەکی کەمیان هەیە لە حکومەتەکەدا بە بەراورد بە دوو ساڵ پێش ئێستا. لەلایەکی دیکەوە. دواتر ئایا کێ شەڕەکەی موسڵ دەباتەوە، پێشمەرگە هێزێکی دیسپلینکراو و مەشقێکراوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە دوای ڕزگاکردنی موسڵ کورد دەچێتە ئەو شارەوە، هەروەها ئایا شیعە ڕێگە بەمە دەدات، ئایا ئێران ڕێگە بەمە دەدات. کەواتە لەم پرسەدا کوردستان و تورکیا و ئێران و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و حکومەتی عێراق و سوننە هەن، واتە چەندین گەمەکار لەم پرسەدا هەن و کەسیش نازانێت کە دەقا و دەق دەرئەنجامەکە چی دەبێت.

*** ئایا پێت وایە وەك بەشێك لە هەوڵەکانی سەقامگیرکردنەوەی بارودۆخەکە لە دوای داعشەوە پێویستە هەماهەنگیەکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی هەبێت بۆ هێنانەئارای ڕێککەوتنێکی سیاسی تاوەکو ڕێگری بکرێت لە دروستبوونی گروپی هاوشێوەی داعش؟**

- ئەمە لە بەشێکیدا ڕاستە، چونکە ئەو هاوکارییە کارێکی پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی جۆرێك لە سەقامگیری، بەڵام نابێت بە هەڵەدابچین، تێکشکاندنی داعش لە موسڵدا مانای کۆتایی هاتنی ئەو گروپە نییە، چونکە ئەوان دەست دەدەنە چالاکی نهێنی، چونکە ڕەنگە خاك لەدەست بدەن و ئەگەریشی زۆرە لە دەستی بدەن، بەڵام ئەمە مانای کۆتایی هاتنی ئەوان نایەت، چونکە وەك ئاماژەم پێکرد دەست دەدەن کاری نهێنی و لێرە و لەوێ هێرش دەکەن، واتە جۆرێك لە شەڕی گەریلایی بەرپا دەکەن. لە ڕاستیدا ئێمە نازانین ڕەوتی ڕووداوەکان بە چ ئاراستەیەکدا دەبن لە دوای ڕزگاکردنەوەی موسڵەوە، ئەگەر ئەمە ڕوو‌بدات، چونکە ئێمە لەمە دڵنیانین، چونکە ئێوە لە ئەفغانستان بڕوانن، دوای ئەو هەموو ساڵە ئێمە لەو وڵاتەداین و هێشتا شەڕەکەمان نەبردۆتەوە. تاکە جیاوازییەکی موسڵ ئەوەیە کە لایەنە بەشدار بووەکان جیاوازن و هەر یەکەشیان ئەجێندای جیاوازیان هەیە. کەواتە ڕاستە دەکرێت بووترێت پێویستە هاوکارییەکی نێودەوڵەتی هەبێت لە دوای ڕزگاکردنەوەی موسڵ، بەڵام لە واقیعدا ناکۆکی قووڵ لە نێوان لایەنە بەشداربووەکاندا دروست دەبێت، بۆ نموونە ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ کورددا دەکرێت، ئایا دووبارە پەراوێز دەخرێنەوە، ئایا موسڵ دەدرێتە دەستی شیعە، ئایا چارەنوسی سوننە چی دەبێت، کەواتە ئامانجێکی ڕوون لە ئارادا نییە بۆ دوای ڕزگارکردنی موسڵ. لەبەر ئەوە من پێشبینی دروست بوونی گرژی لە نێوان سەرجەم لایەنە بەشداربووەکان دەکەم.

*** ئایا چۆن لە ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە بە گشتی و لە عێراقدا بەتایبەتی دەڕوانیت، بەتایبەتی کە دەبینین ئەو میلیشیا شیعانەی ئێران پشتیوانیان دەکات بەشدارن لە پرۆسەی ڕزگاکردنەوەی موسڵدا؟**

- لە ڕاستیدا نابێت ساویلکە بین لە ئاست خەونەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەگەر ئێمە لە پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بڕوانین، وەك شەڕی سوریا، شەری تائیفەگەری لە عێراق و داگیرکاری داعش و پشێوی یەمەن و ناسەقامگیری ئەمنی و تەنانەت ئەوەی میسریشی بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە زەحمەت لەم ململانێیی دەسەڵاتە تێدەگات. کەواتە بە دڵنیاییەوە ئێران دەستڕۆیشتوویی خۆی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی درێژ دەکاتەوە. لە ڕاستیدا من کتێبێکم نووسیوە و باسی ئەوەك کردووە کە چۆن ئێرانی ئەتۆمی، دەبێتە هۆی گۆڕینی نەخشەی جیوپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هێزی نێودەوڵەتی مەزنیش لە خۆدەگرێت بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا دیاری بکەنەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمە جێی خۆشحاڵی سعودیە نابێت کە ڕێبەرابەتی جیهانی سوننە دەکات، لەبەر ئەوە من لە ئاسۆدا سەرهەڵدانی بارگرژی بەدی دەکەم لە دوای ڕزگاربوونی موسڵ و ئەگەر میلیشیا شیعەکان دەستیان بەسەردا گرت، ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا. هەروەها تورکیاش لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکات و جووڵەی سەربازی کردووە بۆ سنوری عێراق، کە لە بەشێکیدا بۆ دژایەتیکردنی سەربەخۆبوونی کوردستانە و لە بەشێکیدا بۆ دژایەتیکردنی دەستێوەردانی میلیشیای شیعەیە لە موسڵدا.

پێشمەرگە هێزێکی دیسپلینکراو و مەشقێکراوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە دوای ڕزگاکردنی موسڵ کورد دەچێتە ئەو شارەوە، هەروەها ئایا شیعە ڕێگە بەمە دەدات، ئایا ئێران ڕێگە بەمە دەدات. کەواتە لەم پرسەدا کوردستان و تورکیا و ئێران و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و حکومەتی عێراق و سوننە هەن

هاوکارییەکی نێودەوڵەتی هەبێت لە دوای ڕزگاکردنەوەی موسڵ، بەڵام لە واقیعدا ناکۆکی قووڵ لە نێوان لایەنە بەشداربووەکاندا دروست دەبێت، بۆ نموونە ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ کورددا دەکرێت، ئایا دووبارە پەراوێز دەخرێنەوە، ئایا موسڵ دەدرێتە دەستی شیعە، ئایا چارەنوسی سوننە چی دەبێت

ئێران دەستڕۆیشتوویی خۆی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی درێژ دەکاتەوە. لە ڕاستیدا من کتێبێکم نووسیوە و باسی ئەوەك کردووە کە چۆن ئێرانی ئەتۆمی، دەبێتەهۆی گۆڕینی نەخشەی جیوپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



### ئەبوبەکر کاروانی نووسەر و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# لە ماوەی دووساڵی رابردوو ئازاری راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆمان چەشت بۆیە دەبێت ئەو دەوڵەتە هەر رابگەیەنین

**هەموو مەزندەکان بەو ئاراستەیەن هاوکات لەگەڵ شەڕی ئازادکردنی موسڵ و دوای ئەم پرۆسەیە گۆڕانکارییەکی گەورە هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە، کۆمەڵێك پرسیار هەر لە ئێستاوە بۆتە قسەو باسی نێوان رۆژنامەنووسان و سیاسەتمەداران، دیارە کوردستان لەناو ئەم گێژاوەدا جیا لەوەی وەك جوگرافیا بەشێکە لە هەمانکاتدا لەناو هاوکێشەکە توخمێکی سەرەکییەو رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و ئایندەی رەوشە سیاسییەکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ نووسەر و سیاسەتمەدار ئەبوبەکر کاروانی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** هەمـوو مەزەنـدەکان بـەو ئاراسـتەیەن کـە دوای ئازادکردنـەوەی موسـڵ وەرچەرخانێکـی گـەورە لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـە دروسـت دەبێـت، چـۆن سـەیری ئـەو وەرچەرخانـە دەکەیـت، ئایـا ئـەم وەرچەرخانـە بـەرەو سـەقامگیری و ئاشـتی دەبێـت یاخـود دۆخەکـە بـەرەو مەترسـی و ئاڵـۆزی زیاتـر دەچێـت؟**

- دیـارە پێـش هەمـوو شـتێك دەبێـت لەسـەر چەمکـی وەرچەرخـان ڕابوەسـتین، ئایـا وەرچەرخانەکـە ئەوەیـە عێـراق بەیەکگرتوویـی نامێنێتـەوە، ئـەو کاتـە دەبێـت پرسـیاری ئـەوە بکەیـن ئایـا پێگـەی ئێمـە لـە دوای عێـراق چـی دەبێـت؟ ئایـا سـوننەکان یـا شـیعەکان دەبنـە هێزێکـی چەکـداری گـەورە لەناوچەکـە ئایـا دەسـتێوەردانی وڵاتـان بـە چ جۆرێـك دەبێـت؟ ئایـا نەخشـەکان بەتەواوەتـی گۆڕانکارییـان بەسـەردا دێـت؟ کەواتـە زۆر گرنگـە پێـش هەمـوو شـتێك تێگەیشـتنمان بـۆ سروشـت و قۆنـاغ و ڕەهەندەکانـی وەرچەرخانەکـە دیـاری بکەیـن بـۆ ئـەوەی بەرچـاو ڕوون بیـن و بزانیـن چـۆن رووبـەرووی ببینـەوە.

لـەم روانگانـەوە تێگەیشـتنمان بـۆ قۆناغـی موسـڵی دوای داعـش پێویسـتە لەسـەر بنچینـەی زانیـاری و تێگەیشـتنی واقیعبینانـەی دوور لـە خەیـاڵ پـڵاوی بێـت. ئەمـە ئەگـەر وەرچەرخانەکـە رووبـدات، چونکـە دەبێـت لـەوە بڕوانیـن کـە ئایـا لـە بەرژەوەنـدی ئێمـە دەبێـت یـا دژی بەرژەوەندیەکانـی ئێمـە دەبێـت یـا بەشـێکی لـە قازانجـی ئێمـە دەبێـت و بەشـەکەی دیکـەی زیانمـان پێدەگەیەنێـت. مـن پێـم وایـە ئـەم ووردکردنـەوەو تێگەیشـتنە مەسـەلەیەکی گرنگـە بـۆ ئـەو ئاراسـتانەی لـە دوای موسـڵ دروسـت دەبـن. ئـا لێرەشـدا دەبێـت چەنـد ئاسـتێك لێکتـر جـوودا بکەینـەوە، ئایـا موسـڵ وەکـو پارێزگایـەك دەمێنێتـەوە یاخـود دەبێـت بـە هەرێمێـك ئایـا هاوشـێوەی هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت یـا فۆرمێکـی تـر لـە دروسـتکردنی هەرێـم لـە موسـڵەوە دەسـت پێـدەکات. هەروەهـا ئایـا مامەڵەکردنـی عێـراق و وڵاتانـی ناوچەکـە چـۆن دەبێـت لەگـەڵ پارێـزگای موسـڵدا.

*** هەندێك دەڵێن دوای کۆتایی هاتنی شەڕی داعش شـەڕی ناوخۆیی نێـوان سوننەو شیعە دەست پێدەکات، بێگومـان ئـەم شـەڕەش لەنێـوان ئێران و سعودیە دەبێت، مەزەنـدەی تـۆ بـۆ ئـەم شـەڕە چییـە؟**

- لـە ڕاسـتیدا دەبێـت لەهـەر سـێ بەشـەکەی عێراقـدا (خـوارووی عێـراق کـە شـیعەکان هەژموونیـان هەیـە- ناوەڕاسـتی عێـراق کـە نیشـنگەی سـوننەکانە- هەرێمـی کوردسـتان) نیگـەران بیـن لـە سـەرهەڵدانی ناسـەقامگیری، بـا لـە هەرێمـی کوردسـتانەوە دەسـتپێبکەین؛ ئایـا ئەگـەر دوای ڕەوینـەوەی مەترسـی داعـش، کێشـە سیاسـی و ئابوورییەکانـی هەرێـم بـەم شـێوەیە بـەردەوام بێـت کوردسـتان بـە سـەقامگیری دەمێنێتـەوە؟ لـەدوو بەشـەکەی تـری عێراقیشـدا مەترسـی راسـتەقینەی شـەڕی شـیعە و سـوننە هەیـە لەغیابـی نەبوونـی هیـچ رێکەوتنێکـی راسـتەقینەی نێـوان ئـەم دوو لایەنـە، تاقـە رێکەوتنێـك هەبێـت دەسـتووری عێراقـە کـە تەنانـەت سـوننەکان هـەر دەنگیـان نـەداوە بـەم دەسـتورەو شـیعەکانیش لەگـەڵ ئـەوەی دەنگیـان پێـداوە، بـەڵام زۆربـەی ماددەکانیـان هـەر جێبەجـێ نەکـردووە، بـۆ نموونـە لـەو دەسـتوورەدا یەکێـك لـە مافـەکان دروسـتکردنی هەرێمـە، کەچـی ١٠ سـاڵ سـوننەکان هەوڵیانـدا ئـەم مافەیـان هەبێـت شـیعەکان رێگرییـان لێکـردن هەمووشـمان دەرئەنجامەکـەی دەزانیـن کـە بەهاتنـی داعـش و وێرانبوونـی ناوچەکانیـان و دەربەدەربوونیـان کۆتایـی هـات. تەنانـەت لەناوخـۆی شیعەکانیشدا دید و تێڕوانینی هاوبەش لە ئارادا نییە، بـەڵام بـۆ پاراسـتنی یەکگرتوویـی نێـو ماڵـی شـیعە، کـورد و سـوننە وەك دوژمنێکـی دەرەکـی و مەترسـییەکی هاوبـەش وێنـا دەکـەن. خوێندنەوەکانمـان بـۆ ئـەم سـێ بەشـە هەرچۆنێك بێـت، ئـەوا مەترسـی (شـەڕی سـوننەو شـیعە- سـوننەو سـوننە – شـیعەو شـیعە) هەیـە. کەواتـە عێراقـی دوای داعـش دەبێتـە وڵاتێکـی پـڕ لـە مەترسـی بـە پـرۆژەی شـەڕی دواخـراوی ناوخـۆی جۆراوجـۆر.

*** سـەبارەت بەخاکـە ئازادکراوەکانـی کوردسـتان کـە لەسـەر دەسـتی پێشـمەرگە تەواویـی ناوچـە کوردسـتانییەکان بەگشـتی ئازادکراونەتـەوە، ئایا زامنـی پاراسـتنی ئـەم خاکـە ئازادکـراوە چییـە بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر هاونیشـتمانیانی ئـەو ناوچانـە نەکەونـە بـەر هەڕەشـەی داعشـێکی تـر؟**

- یەکـەم زەمانەتـی ئێمـە ئەوەیـە : لـە کوردسـتاندا وەکـو کوردسـتانی بیـر بکەینـەوە، بارودۆخـی کوردسـتان بـەم جـۆرە نەمێنێتـەوە. بەداخـەوە ئێسـتا ئێمـە ناتوانیـن وێنایەکـی یەکگرتووانـەی کوردسـتانیانەو تێگەیشـتنی هاوبـەش لەسـەر ئاسـتی سـەرجەم هێزەکان گەڵاڵـە بکەیـن بـۆ بارودۆخەکـە و بـۆ قۆناغـی داهاتـوو. واتـە هەسـتی هاوچارەنووسـی و لایەنـی کەمـی سازانی نیشـتمانی لـە کوردسـتاندا بـۆ رووبەرووبوونـەوەی ئـەو پێشـهاتانە نییـە. بێگومـان زەمانەتـی دووەمـی سـەربەخۆیی و درووسـتکردنی دەوڵەتـی سـەربەخۆیی کوردسـتانە، ئەگـەر ئێمـە سـەربەخۆ بوویـن و بوویـن بـە ئەندامـی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی ئـەو کات هەمـوو دەسـتدرێژیکردنێك بـۆ سـەرمان دەبێتـە دەسـتدرێژیکردن بـۆ سـنوورە نێودەوڵەتیـەکان، ئـەو کات نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ئەنجوومەنـی ئاسـایش ئەرکێتـی دەسـتێوەردان بـکات و پارێـزگاری لـەو سـنوورانە بـکات کـە لـە چوارچێـوەی یاسـاکانی نێودەوڵەتـی بـۆ کـەس نییـە دەسـتدرێژیان بکاتـە سـەر، خـۆ ئەگـەر نەمانتوانـی سـەربەخۆیی بەدەسـتبهێنین ئـەوا ئامانجـی سـەرەکیمان گێڕانـەوەی ئـەو سـنوورانە بێـت بـۆ سـەر هەرێمـی

تێگەیشتنمان بۆ قۆناغی موسڵی دوای داعش پێویستە لەسەر بنچینەی زانیاری و تێگەیشتنی واقیعبینانەی دوور لە خەیاڵ پڵاوی بێت. ئەمە ئەگەر وەرچەرخانەکە رووبدات، چونکە دەبێت لەوە بڕوانین کە ئایا لە بەرژەوەندی ئێمە دەبێت یا دژی بەرژەوەندیەکانی ئێمە دەبێت یا بەشێکی لە قازانجی ئێمە دەبێت و بەشەکەی دیکەی زیانمان پێدەگەیەنێت

ئەگەر ئێمە سەربەخۆ بووین و بووین بە ئەندامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەو کات هەموو دەستدرێژیکردنێک بۆ سەرمان دەبێتە دەستدرێژیکردن بۆ سنوورە نێودەوڵەتیەکان، ئەو کات نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش ئەرکێتی دەستێوەردان بکات و پارێزگاری لەو سنوورانە بکات کە لە چوارچێوەی یاساکانی نێودەوڵەتی بۆ کەس نییە دەستدرێژیان بکاتە سەر

کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی سنوور لەگەڵ عێراقدا، واتا دانپێدانانی یاسایی لەعێراقەوە بۆ بوونی پێشمەرگە لەو ناوچانە دروست بێت واتا تەنیا پێشمەرگە لەرووی دیفاکتۆوە ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ نەکاتەوە بەڵکو عێراق بەرەسمی ماددەی ١٤٠ی دەستووری جێبەجێ بکات و دانپێدانانی بەو واقیعە هەبێت ، ئێمە چیتر نابێت دانوستاندن لەگەڵ عێراقدا لە چوارچێوەی بوونی پێشمەرگە لەو ناوچانە بکەین، بەڵکو دانوستاندن و گفتوگۆ بۆ ئەوە بێت رەوایەتی یاسایی و دەستووری بدات بەو بوونە بەو سیفەتەی ئەمە چارەسەری کێشەی سنووره لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان.

*** بۆ قۆناغی دوای ئازادکردنەوەی موسڵ و تێکشکاندنی داعش رێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان زۆر پێویستە، بەتایبەتی ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی ئاشتیانە پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ بەغدا باس بکەین، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ستراتیژییەتێکی کوردستان گوتاری خۆمان رێکبخەین و بەکێشەی لابەلا ئەم فرسەتە لەدەست نەدەین؟**

- من دەڵێم دەبێت ئەو عەقڵیەتە تێپەڕێنین کە تاکو ئێستا مامەڵەمان لەگەڵ یەکتر پێ کردووە. واتە بوێری دەستپێشخەریی و رەخنە لە خۆگرتنمان هەبێت، بەستەڵەکی سیاسی نێوان سەرکردەکان تێکبشکێنین، بەدەر لەمە ناتوانین ئەو کێشانە چارەسەر بکەین کە تا ئێستا بوونیان هەیە. ئەوەتا دوو ساڵ زیاترە لەقەیراندا دەژین کەچی عەقڵی سیاسی کورد دەستەوەستانە لە چارەسەرەکانیان، ئەگەر کێشە ئابوورییەکە کاتی دەوێت خۆ کێشە سیاسیەکان لە دەستی خۆیەتی پەیوەندی بە وڵاتانی دەوروبەر نییە، ئەمە پەیوەندی بە نەبوونی هەستکردن بەکێشەی قووڵی نەتەوایەتیەوە هەیە، بگرە هەست بە مەترسیەکانی ئەم قۆناغە و بەرکەوتەکانی ناکەین، یا دەرکی پێ دەکەین، بەڵام لاوازی ئیرادە وایلێکردووین ئێمە نەتوانین ئەو دەرککردنە بەرز بکەینەوە بۆ ئاستی سازانی نیشتمانی و تێپەڕاندنی کێشەکان. بۆیە دۆخەکە پێویستی بەدەستپێشخەری و قووڵکردنەوەی هەستی لێپرسراوێتی نیشتمانی و ئەخلاقی و نەتەوەیی هەیە، دەستپێشخەرییەکەش بەبڕوای من دەبێت لەلایەن (بارزانی) یەوە بێت. بۆچی روس و تورکەکان لە کاتێکدا ئاڵۆزیەکانیان دەگاتە لوتکە کەچی لەشەوو رۆژێکدا دەتوانن هاوکێشەکان بەو شێوەیە هەڵگێڕنەوە. لەم ساتەوەختەدا ئێمە لەدۆخێکداین کە هەم هەڕەشەمان لەسەرە و هەم دەرفەتیشمان لەپێشە بۆ گەیشتن بە دەوڵەت، لەبەر ئەوە سەرکردەو هێزە سیاسییەکانمان لەبەردەم لێپرسراوێتی گەورەی مێژوویی و ئەخلاقیدان.

*** ئێمە بمانەوێت یا نەمانەوێت لەساڵی داهاتوو خۆمان بۆ هەڵبژاردنێکی داهاتوو ئامادە دەکەین، ئایا تاچەند گرنگە بۆ ئەو چەند مانگەی پێش هەڵبژاردن کێشە ناوخۆییەکان نەکەینە ئاستەنگ و لە پێناوی ئەم بارودۆخەدا هەموو لایەنە سیاسییەکان نەرمی بنوێنن؟**

- من نازانم هەڵبژاردن لەم دۆخەدا دەبێت یا نا؛ لەلایەکی ترەوە ئایا هەڵبژاردن چارەسەری قەیرانە، هێزگەلێك کە ئیرادەی پێکەوە ژیانیان لاواز بێت ئایا هەڵبژاردن پشێوی لێناکەوێتەوە ئایا بەرئەنجامەکان قبوڵ دەکەن ئایا گەورەترین ساختەکاری لەو هەڵبژاردنانەدا نابێت لەبەرئەوەی هێزەکان بە چارەنووسسازی دەزانن و بە رۆحیەتی دەرکردنی ئەویتر لە گۆڕەپانی سیاسی ئەنجام دەدرێت. کەواتە پێش هەڵبژاردن دەبێت ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە کوردستان رووبدات بۆ ئەوەی وەکو دوژمن نەچینە پرۆسەکەو هەمووشمان دەزانین لەو ژینگەیەدا دۆخەکە بەرەو کوێمان دەبات، بەم رۆحیەتەی ئێستا بچینە هەڵبژاردن بۆ شکاندنی ئیرادەی یەکتر دەچینە ناو پرۆسەکە تەنانەت حکومەت و ئۆپۆزسیۆنی دوای هەڵبژاردنەکە نا سروشتی دەبێت. لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە هەڵبژاردن وەك میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەیر بکەین ئەوا دەبێت لە ئێستاوە ململانێ کەم بکەینەوە و بیکەین بەکێبرکێ، بەدەر لەمە دەبێت بترسین هەڵبژاردنەکان نەك چارەسەری کێشەکانمان ناکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر تووشی لێکترازان و لێکدابڕانمان دەکەن.

*** دەست تێوەردانی ئیقلیمی لە ئێستاوە لە ناوخۆی کوردستان و عێراق دەستی پێکردووە لایەنی ئێرانی بە ئاشکرا هەڕەشە دەکات و هەوڵدەدات لە چوارچێوەی شەڕی بەوەکالەت ئارامی کوردستان بشێوێنێت، ئایا پێویستە چی بکەین بۆ ئەوەی هەڕەشەی ئیقلیمی لەسەر کوردستان دوربخەینەوە؟**

- دەبێت ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە کوردستانی بهێنینە دی بۆ ئەوەی هەڕەشەی ئیقلیمی لەسەر کوردستان دووربخەینەوە. ئەگەر بەدیدی نیشتمانی باشوری کوردستان مامەڵەمان کرد بەتەئکید هێزە هەرێمایەتی و دراوسێکانیشمان کەمترین دەرفەتیان بۆ دەستێوەردان دەبێت بۆ فشارخستنە سەر ئێمەو رێگرتن لەوەی بگەین بەئامانجەکانی خۆمان. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر وەلائەکان بۆ هێزە هەرێمایەتییەکان لەسەر بنەمای ناوچەو حزب بوو، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو کات ئێمە هیچ زەمانەتێکمان نامێنێت. کەواتە رێگا سروشتیەکە ئەوەیە جارێکی تر ئاوێزان بوونی نیشتمانی دروست بکەینەوە و سیاسەتێکی یەکگرتوویی نیشتمانی و بناغەیەکی نوێ بۆ کاری هاوبەش لەکوردستان دابڕێژین.

*** ئەم بۆچوون و تێڕوانینانەت زیاتر بەستراوەتەوە**

**ئێمە چیتر نابێت دانوستاندن لەگەڵ عێراقدا لە چوارچێوەی بوونی پێشمەرگە لەو ناوچانە بکەین، بەڵکو دانوستاندن و گفتوگۆ بۆ ئەوە بێت رەوایەتی یاسایی و دەستووری بدات بەو بوونە بەو سیفەتەی ئەمە چارەسەری کێشەی سنوورە لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان**

**دەبێت ئەو عەقڵیەتە تێپەڕێنین کە تاکو ئێستا مامەڵەمان لەگەڵ یەکتر پێ کردووە. واتە بوێری دەستپێشخەریی و رەخنە لە خۆگرتنمان هەبێت، بەستەڵەکی سیاسی نێوان سەرکردەکان تێکبشکێنین**

**دەبێت ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە کوردستانی بهێنینە دی بۆ ئەوەی هەڕەشەی ئیقلیمی لەسەر کوردستان دووربخەینەوە. ئەگەر بەدیدی نیشتمانی باشوری کوردستان مامەڵەمان کرد بەتەئکید هێزە هەرێمایەتی و دراوسێکانیشمان کەمترین دەرفەتیان بۆ دەستێوەردان دەبێت**

**بە ئۆپەراسیۆنەکەی ئازادکردنەوەی موسڵ؛ وەکو تویژەرێك ئایا تاچەند ئازادکردنی ئەو شارە سەقامگیری لێدەکەوێتەوە؟**

- شەڕی موسڵ زۆر ناخایەنێت و ٢بۆ ٣ مانگی تر کۆتایی پێدێت، بەڵام ئەمە کۆتایی داعش نابێت لەعێراقدا. داعش لاواز دەبێت و شاری گەورەی لەبەردەستدا نابێت، بەڵام وەکو هێزێکی چەکداری زەبر وەشێن هەر دەمێنێت، واتا پەنابردن بۆ تیرۆرو ڕفاندن و کوشتن، بەمەش داعش وەکو سەرچاوەیەکی نیگەرانی لەعێراقدا هەر دەمێنێت بەو ئەندازەیەی کە نیگەرانیش دروست دەکات کاریگەری لەسەر دارشتنەوەی سیاسەت لە عێراقدا دەکات. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا کێشەکان چارەسەرنەکراون.

هەرچۆنێك بێت عێراقی یەکگرتوو هەر وا ئاسان نابێت هەروەکو چۆن عێراقی نایەکگرتووش بەو ئاسانییە دروست نابێت، کۆنفیدراڵی بە دۆخێکی سروشتی دەزانم لەعێراقدا هەروەکو چۆن فیدراڵیەت یەکەمجار کورد داوای کردوو لەدەستووری عێراقدا دانراو هەرێمی کوردستانیش وەکو تاقانە هەرێمە فیدراڵیەکەی عێراق بوونی هەبوو گەرچی لە دواییدا سیستەم لەعێراق نەبووە فیدراڵی ئەوا ڕەنگە بۆ کۆنفیدراڵیش هەر وای لێبێت واتا کۆنفیدراڵیش تەنیا داخوازییەکی کورد دەبێت. چونکە تا ئێستا گوتاری سوننە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە فیدراڵیەت بڕواتە سەرەوە تەنانەت لە فیدراڵیشدا لەسەر بنەمای هەموو سوننە داوای ناکەن بەڵکو لەسەر ئاستی پارێزگاکان داوای دەکەن. چونکە هێشتا خەونی گێڕانەوەی عێراقی یەکگرتوو لەناو نوخبەی عەرەبی سوننە کۆتایی پێ نەهاتووە. بەڵام بەبڕوای من ئەگەر ئێمە خۆمان هەبین دەتوانین کاریگەر بین و خۆمان بریار بدەین چۆن یەکەمجار فیدراڵیەت کە کەس لەگەڵی نەبوو توانیمان لەناو دەستووردا بیچەسپێنین هەرواش دەتوانین ئەگەر سەربەخۆیی تەواویش نەبێت کۆنفیدراڵی یا نیمچە سەربەخۆیی بچەسپێنین و بیکەین بەئەمری واقیع لە عێراقدا.

*** لە سەرەتای قسەکانتدا باسی چەقبەستوویی سیاسەتت کرد؛ کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەدای حکومەتیش هەیە ئایا بەکشانەوە لە حکومەت هەروەکو چۆن بزووتنەوەی گۆڕان ئیدیعای دەکات یا بەزمانی زبری ڕاگەیاندن لە چارەسەرەکان دوورماننا خاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا دەربازبوون لە چەقبەستوویی پێویستی بەدەستپێشخەرییەکی چۆنایەتی هەیە، دەستپێشخەرییەك بەجۆرێك هەموو ئەوەی خەڵکی وێنای دەکات و بۆتە سەرچاوەی نائومێدی رایماڵێت، ئەمە پێویستی بەعەقڵیەتی سەرکردایەتی و بەئازایەتیەکی ڕابەرانە هەیە بۆ گۆڕینی دۆخە سیاسییەکە لەنێوان حزبەکاندا ئەمەش ئەرکی (بارزانی ) یە.

*** بەڵام ئایا کێشەی سەرەکی خەڵك چۆنیەتی دەربازبوون لە قەیرانەکە و باشبوونی باروگوزەرانیان نییە، نەك چارەسەرکردنی ململانێی حزبی و بەرژەوەندی کەسەکان؟**

- دەربازبوون لەقەیرانی ئابووری وا ئاسان نییەو ئاسۆکانی چارەسەرکردنیشی روون نییە، بەڵام هەنگاوی یەکەم بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری قەیرانەکە، دەبێت چارەسەری قەیرانە سیاسیەکە بکرێت، پێم وایە بەشێك لەهۆکاری قەیرانە ئابوورییەکە بۆ قەیرانە سیاسییەکە دەگەڕێتەوە ، ئەگەر ئەم قەیرانە سیاسییەمان نەبووایە و هەموومان وەکو یەك تیم لە کوردستان مامەڵەمان بکردایە ئەوا بە دڵنیاییەوە دەمانتوانی بەشێك لە ئازارەکانی خەڵکمان کەم بکردایەتەوە لایەنی کەم لەرووی مەعنەوییەوە خەڵك ئەوەندە ئازاری نەبێت. هاووڵاتیان کاتێك گیرفانیان بەتاڵە دەبینن هێزە سیاسییەکان بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئازارەکانیاندا دەکەن ئەمە هاووڵاتیان ئەوەندەی تر نائومێد دەکات. لەبەر ئەوە مەسەلەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و چارەسەری کێشە سیاسییەکان بە پلەی یەکەم دێت و مەسەلەی دووەم دەبێت گۆڕانکاری لە عەقڵیەتماندا دروست بکەین و دەبێت بڕوامان بەچاکسازییەکی ڕاستەقینە هەبێت. من دڵنیام لەوەی ئەگەر ئەم دۆخە بەمجۆرە بڕوات ئەوا لە بەرژەوەندی کەس نابێت، چونکە کۆکردنەوەی سامان و داهات لەسەر بناغەیەك نەبێت دەرئەنجام بەسەریاندا دەرووخێت، دەبێت هەنگاوەکانمان بۆ کۆتاییهاتن بێت بە قۆرخکاری و ناشەفافییەتی سەرچاوەکانی داهات و مامەڵەکردنی نارەوا بە بەشێك لەو سەرچاوانە، ئەم چاکسازیی و گۆڕانکارییانەش ئاشتبوونەوەی نیشتمانی پێویستە و دەبێت لە موزایەدەی سیاسی رزگارمان بێت و چاکسازی ببێت بە پرۆژەیەکی نیشتمانی. لەداهاتووشدا ئەگەر پرۆژەیەکی نیشتمانی و ستراتیژییەتێکمان هەبێت دەبێت ئەم کەموکورییانە هەمووی لەناو چوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدا چارەسەر بکرێت. سەرەتای بوون بەدەوڵەت رەنگە بەئازار بێت هەرچەندە من پێم وایە ئەگەر لەماوەی ئەم دووساڵەدا دەوڵەتیشمان رابگەیاندایە لەمە ئازارمان زیاتر نەدەبوو ئازاری دەوڵەتمان چێشت بەبێ بەدەستهێنانی دەوڵەت، ئەگەر دەوڵەتمان رابگەیاندایە وەکو قەوارەیەکی سیاسی ئەو کات دەمانتوانی لەگەڵ کۆمەڵێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مامەڵەمان بکردایە.

سەرەتای بوون بەدەوڵەت رەنگە بەئازار بێت هەرچەندە من پێم وایە ئەگەر لەماوەی ئەم دووساڵەدا دەوڵەتیشمان رابگەیاندایە لەمە ئازارمان زیاتر نەدەبوو

داعش لاواز دەبێت و شاری گەورەی لەبەردەستدا نابێت، بەڵام وەکو هێزێکی چەکداری زەبر وەشێن هەر دەمێنێت، واتا پەنابردن بۆ تیرۆرو ڕفاندن و کوشتن، بەمەش داعش وەکو سەرچاوەیەکی نیگەرانی لەعێراقدا هەر دەمێنێت

عێراقی یەکگرتوو هەر وا ئاسان نابێت هەروەکو چۆن عێراقی نایەکگرتووش بەو ئاسانییە دروست نابێت، کۆنفیدراڵی بە دۆخێکی سروشتی دەزانم لەعێراقدا

هێشتا خەونی گێڕانەوەی عێراقی یەکگرتوو لەناو نوخبەی عەرەبی سوننە کۆتایی پێ نەهاتووە. بەڵام بەبڕوای من ئەگەر ئێمە خۆمان هەبین دەتوانین کاریگەر بین و خۆمان بڕیار بدەین

# ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی چیتر رازی نابن عێراق بەحوکمێکی مەرکەزی و تائیفی بەڕێوەبچێت



د. عمر ڕەنگینەیی*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ پێشمەرگە توانی تەواویی ناوچە کوردستانییەکان ئازاد بکات بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی شارۆچکەی باشیك، ئەمەش بەرهەمی خوێنی شەهیدان و بەڕێوەبردنی زیرەکانی سەرجەم شەڕەکان بوو کە دەرئەنجام مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەکو سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی کارامە توانی دەرئەنجامی جەنگەکە بگۆڕێت و پێشمەرگە بکاتە بەشێك لە هێزەکانی هاوپەیمانی ناتۆ دژی تیرۆر، بەمەش شەڕەکە لە قۆناغی بەرگرییەوە بەرەو ئازادکردنەوەی تەواویی شاروشارۆچکە کوردستانییەکان گۆڕدرا.

ئەم سەرکەوتنە دەستکەوتێکی زۆر گەورەیەو وەرچەرخانێکیشە بۆ دۆزی رەوای گەلی کوردستان ئەوەتا وا خەریکە رۆژە سەختەکانی شەڕی رووبەرووبوونەوە بەرەو کۆتایی دەچێت و لە جاران زیاتر پێشمەرگەو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ناوبانگی هەیەو لە ئەرزی واقیعیشدا بوونێکی سەربازی بەهێزو بەتوانا هەیە و لە سەرجەم پرۆسەکاندا هاوپەیمانەکان پشتی بێ دەبەستن هەروەکو چۆن لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بەبێ پێشمەرگە موومکین نەبوو سوپای عێراق و هاوپەیمانەکان وا بەخێرایی ئەو پێشڕەوییانە بکەن. هەرێمی کوردستان ئێستا گەرچی بەدەست چەند قەیرانێکی دارایی و ئابووری گیرۆدە بووە، بەڵام لە ناوەندە جیهانییەکاندا زۆر بەهێزترە بەراورد بە قۆناغی دوای ئازادکردنی عێراق و رووخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ تەنانەت لە داهاتوودا وەکو کارتێکی سیاسی ئەم دەستکەوتە بۆ سەرجەم نەتەوەکانی کوردستان دەتوانرێت بەکار بهێنرێت.

لە دوای کۆتاییهاتنی پرۆسە سەربازییەکان و ئاوابوونی خۆری دەوڵەتی داعش دووبارە سەرجەم ئەو حزب و هێزە سیاسییانەی کە بڕوایان بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە لەسەر مێزی دانوستانەکان گفتوگۆکانیان چڕ دەکەنەوە کە ناکرێت بەهەمان هاوکێشەو بۆچوونە کۆنەکانی دیالۆگ لەسەر عێراقی نوێ بکرێت، چونکە بەشی هەرە زۆری ئەو هێزانەی لەعێراقدا هەن هێزێکن بیری تائیفیان بەسەردا زاڵە زۆرجاریش هەموویان دژ بەمافە رەواکانی گەلی کورد بیری شۆڤێنیان هەیە، لە مەشدا حوکمڕانی ئیسلامی شیعە وەکو هێزێکی ناوچەکە هەژموونی بەسەر عێراقدا هەیە کە بەردەوام دژی بەرژەوەندی ئەو هێزانەیە کە دۆستن لەگەڵ کۆمەڵگەی پێشکەوتووی نێودەوڵەتی بەتایبەتی دۆستی وڵاتانی ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هەربۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەو هێزانەی لایەنگری ئەو وڵاتەن ویستی ئەوەیان هەیە بەهاوشێوەی سوریاو باشووری لوبنان و یەمەن و هەژموونگەریی خۆیان بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بکەن و ناوچەیەکی هیلالی تائیفەگەریی بۆ خۆیان دروست بکەن.

کورستانیەکانیش کە چەند نەتەوەو ئاین و ئاینزا لەکوردستاندا پێکدەهێنن ئەوەیان بەروونی بۆ دەرکەوت کە تەنیا هێزو لایەنێك دەتوانێت مافی ئەوان بپارێزێت و بەرگرییان لێبکات و بەئازادانە مافە نەتەوەیی و ئاینیەکانیان پەیڕەو بکەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی هەرێمە ئەمەش لایەنی ئیجابییە بۆ ئێمەی کورد کە ناکرێت جارێکی دیکە ناوچەکانی کریستیان و کوردانی کاکەیی و ئێزیدی و شەبەك و تورکمان لەدەشتی نەینەوا بلکێنرێنەوە بەو عێراقەی کۆمەڵکوژیانی کردووە، بەڵکو لەناو هەرێمی کوردستاندا ئەوانیش شێوازێکی فیدراڵی و خۆبەڕێوەبردنیان بۆ دابین بکرێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئاڵوگۆرکردنی دەسەڵات لەنێوان دیموکراتەکان بۆ کۆمارییەکان، راستە

ئەو وڵاتە سیستەمێکی ستراتیژی جێگیری هەیە کە گوزارشت لە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەکەیان دەکات و گۆڕینی سەرۆك و حزبەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لەناو هێڵە گشتییەکاندا هەندێك سیاسەت گۆڕانکاری بەسەردا نایەت بەتایبەتی ئەگەربەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژ بەیەك نەبن، بۆ نموونە بەردەوامبوونی سیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و توندوتیژی یا پاڵپشتی و هاوکاری نەتەوەو ئایین و ئایینزاکانی دیکەی کوردستان یا پیادەکردنی دیموکراتی و رێزگرتن لەمافی مرۆڤ، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژایەتیکردنی تیرۆر و توندوتیژی لە پێشەوەی ستراتیژییەتەکانیانە دواتر بوارەکانی سیستەمی دیموکراتی و رێزگرتن لەکەمە نەتەوەو ئاینەکان و مافی مرۆڤ دێت، واڵاکردنی دەروازەکان بەرووی ئاوارەو پەناهەندەو لێقەوماوان و رێزگرتن لە ئاینەکان بەتایبەتی کریستیانەکان و کاکەیی و ئێزیدی و دوورکەوتنەوە لە تۆڵەسەندنەوە دەرهەق بەعەرەبی سوننە ئەمانە خاڵی جوان و پۆزەتیڤن پێویستە زەق بکرێنەوەو پەرەیان پێبدرێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ مەسەلەی پەیوەندییەکانی سەرکردایەتی کوردستان بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی یە لەگەڵ هەردوو لایەنی دیموکراتییەکان و کۆمارییەکان لەئەمەریکا بگرە لەگەڵ زۆربەی حزب و سەرۆك و سەرکردایەتیەکانی هاوپەیمانەکان و تەنانەت وڵاتانی کەنداو و دەوروبەر بە تورکیاو کۆماری ئیسلامی ئێرانیشەوە، ئەمەش دیبلۆماسیەتێکی سەرکەوتووە کە هیچ کام لە سەرکردەکانی دیکەی عێراقی نەیانتوانیوە بەو شێوە سەرکەوتووە مامەڵە بکەن، چونکە کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەییەو نابێت تێکەڵ بە بواری مەزهەبی و ئاینی بکرێت، بەڵکو بەئاراستەی مافە نەتەوەییەکانی کوردو کوردستانییەکان و مافە کەلتوورییەکان ببرێت، ئەوەتا کۆمارییەکان ڕاوبۆچوونیان بەرامبەر خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەو سەرۆکەکەی باشە، ئەمەش خاڵێکی باشە بۆ گەیاندنی داواکارییەکانمان، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ٢٠٠٣ ەوە بەپراکتیکی بۆ گەلی کوردستان دەرکەوت کە سەرەڕای هەماهەنگییەکانی بەڕێزان جەنابی بارزانی و مام جەلال کەچی ئەوان رۆژ لە دوای رۆژ پێگەی کوردیان لە بەغدا لەق کردوو بەڕادەیەك لە سەردەمی مالیکی وایلێهات سوپای تائیفی عێراقیان بەرەو هەرێمی کوردستان جولاندوو گەمارۆیەکی ئابووری سەختیان بەسەر خەڵکی کوردستان سەپاند ئەمە ئاماژەیەکی ترسناك بوو ئەزموون و پەندو وانەیەکیشە بۆ قۆناغی داهاتوو کە عێراقێکی دیموکرات و فرە نەتەوە کە پێکهاتووە لە دوو پێکهاتەی سەرەکی عەرەب و کورد بوونی نەماوە ، هەروەکو چۆن متمانە لەنێوان کوردستان و عێراقدا نەماوە هەرواش لە داهاتوودا زەحمەتە بتوانرێت ئەو خاکەی کە بەخوێنی شەهید ئازادکراوەو گەڕایەوە باوەشی نیشتمان زەحمەتە لای ئەو تاقم و گروپ و هێزە تائیفیانە جێگای قبوڵکردن بێت، ئەوان پێشتر شێوازی فیدراڵیان پێ قبوڵ نەکرا ئێستا پێویستە بۆ ئەوەی متمانە بگەڕێتەوەو بارگرژی روونەدات پێویستە شێوازی دیکەی حوکمڕانی بدۆزینەوە ئایا نیمچە سەربەخۆیی بێت یا کۆنفیدراڵی بێت یا مامەڵەکردنی دوو دەوڵەتی جیا لەناو چوارچێوەی عێراقدا بێت گرنگ ئەوەیە نەگەڕێینەوە بۆ ئەزموونە تاڵەکانی رابردوو، چونکە بەهۆی لێکترازانی عەرەبی سوننەو شیعە و ئەو زیانە گەورەیەی بەر عەرەبی سوننە کەوتووە و لە ژمارەی کوژران و ئاوارەبوون و وێرانبوونی شارەکانیان مومکین نییە جارێکی دی ئەو عێراقەی پێشوو بەو شێوازەی جاران پۆلێن بکرێتەوە، چونکە عەرەبی سوننە باش دەزانن فێڵی مالیکی بوو داعش دروست بێت و دواتر واقیعەکە بەپێی خواستی مالیکی و لایەنگرانی بقۆزرێتەوەو ملیارەها دۆلار بدزرێت و سەدان گروپی تائیفی پڕ چەك بکرێت.

راستە ئێستا خودی سەرۆك وەزیران عەبادی تێگەیشتووترە لە مالیکی، بەڵام ئەویش لەژێر فشارو پاڵەپەستۆیەکی توندی مالیکی و حزبە تائیفی و هەژموونگەرییەکانی ئێراندایە، لەبەرامبەریش دا عەرەبی سوننە مافیانە بەو شێوازە حوکمڕانیەی شیعە رازی نابن ئالێرەدا هاوپەیمانەکان بەتایبەتی ئەمەریکا ناچار بگەڕێت بەدوای شێوازی نوێی حوکمڕانی کە هەموو ئاراستەکان بۆ سێ هەرێمی فیدراڵی دەچن بەتایبەتی لەناو ژمارەیەك لەناو هێزە شیعەکانیشدا وەکو لەبەسراو دەوروبەری دەبینرێت ، هەرچۆنێك بێت حوکمی مەرکەزی عێراق بەسەرچوو لەمەشدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەمەریکا پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات، کۆمارییەکان رازی نابن ٥٠٠٠ سەربازی وڵاتەکەیان کوژرابێت و ملیارەها دۆلاریان خەرج کردبێت کەچی بەو شێوەیە پشێوی و هەژموونگەرایی ئێران لەعێراقدا بوونی هەبێت و دیکتاتۆرێکی دیکە لەبری سەدام حوسێن بەشێوازێکی تائیفی و خراپتر حوکمی ئەم وڵاتە بکات تەنانەت وڵاتانی دیکە وەکو تورکیاو وڵاتانی کەنداوی عەرەبی کە سوننەن پاڵپشتی ئەو بۆچوونە دەکەن.

*مامۆستای زانکۆی سلێمانی

**پێشمەرگەو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ناوبانگی هەیەو لە ئەرزی واقیعیشدا بوونێکی سەربازی بەهێزو بەتوانا هەیە و لە سەرجەم پرۆسەکاندا هاوپەیمانەکان پشتی بێ دەبەستن هەروەکو چۆن لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بەبێ پێشمەرگە موومکین نەبوو سوپای عێراق و هاوپەیمانەکان وا بەخێرایی ئەو پێشڕەوییانە بکەن**

**حوکمڕانی شیعە وەکو هێزێکی ناوچەکە هەژموونی بەسەر عێراقدا هەیە کە بەردەوام دژی بەرژەوەندی ئەو هێزانەیە کە دۆستن لەگەڵ کۆمەڵگەی پێشکەوتووی نێودەوڵەتی بەتایبەتی دۆستی وڵاتانی ئەورووپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا**

**ناکرێت جارێکی تر ناوچەکانی کریستیان و کوردانی کاکەیی و ئێزیدی و شەبەک و تورکمان لەدەشتی نەینەوا بلکێنرێنەوە بەو عێراقەی کۆمەڵکوژیانی کردووە، بەڵکو لەناو هەرێمی کوردستانا ئەوانیش شێوازێکی فیدراڵی و خۆبەڕێوەبردنیان بۆ دابین بکرێت**



عەدنان محەمەد هەیاجنە پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی قەتەر، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە لە زانکۆی ئەریزۆنا بەدەستی هێناوە. وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان، پەرەسەندنە سیاسی و ئابوورییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیراساتە ستراتیژی و ئەمنییەکان. بۆ قسەکردنی لەسەر پەرەسەندن و گۆڕانکاریی و ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە بیروبۆچوونەکانی خستەڕوو.

## عەدنان محەمەد هەیاجنە

### پسپۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# پێدەچێت ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لێگەڕێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی چارەنووسی خۆی دیاریبکات

*** ئایا پێت وایە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاوە هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا دێت لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- پێدەچێت ئیدارەی ئەمەریکا لێگەڕێت ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەو پێیە دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا بەدی ناکەین، ئەویش دوای ئەوەی ئۆباما بڕیاری کشانەوەی لە عێراقدا و بڕیاری دەستێوەرنەدانی لە سوریا و بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی لە یەمەندا. کەواتە ئەمەریکا بە چەشنی ڕابردوو، لە ڕووی حساباتی ستراتیژییەوە بایەخێکی گەورە بە ناوچەکە نادات، واتە بە بەراورد بە سەردەمی شەڕی سارد کە گرنگی بە بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیستی جیهانی دەدا یاخود بایەخی بە دەستەبەرکردنی نەوت دەدا لە بازاڕەکانی جیهاندا. لەبەر ئەوە بینیمان کە بارگرژی ڕوویدا لە نێوان ئەمەریکا و چەند دەوڵەتێکی دۆست، بەتایبەتی دوای دەرکردنی یاسای —جاستا-، وەك سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین هەموو

ئاماژەکان بەو ئاقارەدان کە ئەمەریکا لێگەڕێت ناوچەکە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و هێزەکان تێیدا دووچاری شەکەت بوون ببنەوە، وەك هێزە ئیقلیمیەکان کە ڕوسیاش هێزێکی ئیقلیمیە و ڕووبەڕووی شەکەتبوون ببێتەوە لە شەڕی سوریادا و بوار بخولقێنرێت ئێرانیش بە هەمان شێوە لە عێراق و سوریادا دووچاری بڕستلێبڕان ببێتەوە، لەم گۆشەنیگایەوە ئەوا دۆخەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەمە سەڕەڕای چەقبەستنی -پرۆسەی ئاشتی- نێوان عەرەب و ئیسرائیل کە لە ئێستادا لە قۆناخی نە شەڕ نە ئاشتیدایە. کەواتە دەتوانین بڵێین تێڕوانینی ئەمەریکا ئەوەیە دۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی پەرەسەندنی ستراتیژی تێدا ڕووبدات.

*** بۆچی پێتان وایە ئەمەریکا لەم ناوچەیە دەکشێتەوە، بەتایبەتی کە ئەمەریکا بەرژەوەندی گەورەی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیە ئاکامی مەترسیداری لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەبێت؟**

- ڕەنگە ئەو گریمانەیەی پێی وایە ئەمەریکا بەرژەوەندی ستراتیژی هەیە لە ناوچەکەدا گریمانەیەکی ڕاست و دروست نەبێت، بە تێڕوانینی من ئەمەریکا چیتر ئەوەندە بایەخ بە ناوچەکە نادات بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرۆك ئۆباما ڕایگەیاند کە سەرکەوتنی گەورە بەلای ئەوەوە بریتی بوو لە ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی لەگەڵ ئێراندا، واتە دەستبەرکردنی پاراستنی ناوچەکە و بە ڕاددەیەکی گەورە پاراستنی ئیسرائیل لە بەرامبەر هەر دەوڵەتێکی عەرەبی یان ئیسلامی ناوچەکەدا. دواتر سروشتی ناوچەکە بە شێوەیەکە کە دەوڵەتەکانی بوونەتە دەوڵەتی لەرزۆك و شکستخواردوو تەنانەت ئەگەر سەیری ئەو ستراتیژیەتانەش بکەین کە ئاژانسەکانی هەواڵگری و وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا پێشکەشیان کردووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی سوریا و عێراقدا بکەین، تەنانەت بە ڕوانینی لە بانگەشەکانی ترامپ و کلینتۆنیش، ناتوانین پلانێکی ڕوون گەڵاڵە بکەین. کەواتە لە ئێستادا ئەمەریکا ڕوانگەیەکی نییە بۆ ناوچەکە، هەروەها کێشەی ئێمە ئەوەیە هەمیشە ڕاهاتووین لەسەر ئەوەی ئەمەریکا ڕۆڵ ببینێت لەم ناوچەیەدا و ئێستاش هیچ دەوڵەتێکی بەدیل نییە کە جێیَ ئەمەریکا بگرێتەوە، کەواتە تاوەکو ئەمەریکا ڕوئیایەکی ڕوونی نەبێت کە ئامانجەکانیشی ڕوون و ئاشکرا بن، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەکە دووچاری کێشەی دیکە ببێتەوە. بەتایبەتی کە دەبینین زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکانی ناوچەکە بە کێشە ناوخۆییەکانیانەوە سەرقاڵن، وەك کێشەی تیرۆر و داعش و هەندێ وڵاتیش بە دەست کێشەی ئابووری گەورەوە دەناڵێنن، وەك میسر. لەبەر ئەوە بە داخەوە، تەنها چەند دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی کەنداو نەبێت، ئەوا زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکان بە دۆخێکی کارەساتباریدا تێدەپەڕن.

*** باسی شەڕی داعشت کرد، بەڵام لە ئێستادا ئەوە بەدی دەکرێت کە ئەمەریکا هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ تێکشکاندنی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە، وەك دەستپێکردنی شەڕی ڕزگارکردنی موسڵ و دابڕینی ڕەقە، هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ ئەم پەرەسەندنانە؟**

- هەموو توێژینەوە زانستیەکان لە ڕوانگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەکارهێنانی چەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر تاکە بژارە یان بژارەی ستراتیژی نییە لەم ڕووەوە. لەبەر ئەوە تێکشکاندنی داعش دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکان بێت، وەك ئاستی پەروەردە و خوێندن و هتد، کەواتە تەنها پشتبەستن بە بژارەی سەربازی نابێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکە. کەواتە ئەمەریکا هەڵەیەکی گەورەی کرد- هەروەك چەندین توێژینەوە ئاماژەی پێدەکەن- کاتێك ئۆباما ڕەتی کردەوە پشتیوانی موعارەزەی میانڕەوی سوریا بکات، هەروەها هەندێ لە توێژینەوەکانی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەر ئەمەریکا پلانەکەی دەیڤید پەترایۆسی — کە لە پلانەکەی بەندەر بن سوڵتانەوە سەرچاوەی گرتبوو- جێبەجێ بکردایە، ئەوا داعش دروست نەدەبوو. لە ڕاستیدا داعش کێشەیەکی عێراق یان سوری نییە بە تەنها، بەڵکو کێشەیەکی عەرەبی و ئیسلامی و ئەوروپییە، بۆ نموونە دەبینین زۆرینەی ئەو کەسانەی چوونەتە نێو داعشەوە لە تونس و سعودیە و ئەردەنەوە بوونە، کەواتە ئەم کێشەیە پێویستی بە چارەسەرە و لێدوانەکانی ئەمەریکا —بۆ نموونە خودی سەرۆك ئۆباما-

**هەموو ئاماژەکان بەو ئاقارەدان کە ئەمەریکا وابکات هێزەکاني ناوچەکە دووچاری شەکەت بوون ببنەوە، وەک هێزە ئیقلیمیەکان لەوانەش ڕووسیاش ڕووبەڕووی شەکەتبوون ببێتەوە لە شەڕی سوریادا و بوار بخولقێنرێت ئێرانیش بە هەمان شێوە لە عێراق و سوریادا دووچاری بڕستلێبڕان ببێتەوە و دۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی پەرەسەندنی ستراتیژی تێدا ڕوبدات**

**زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکانی ناوچەکە بە کێشە ناوخۆییەکانیانەوە سەرقاڵن، وەک کێشەی تیرۆر و داعش و هەندێ وڵاتیش بە دەست کێشەی ئابووری گەورەوە دەناڵێنن، وەک میسر. لەبەر ئەوە بە داخەوە، تەنها چەند دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی کەنداو نەبێت، ئەوا زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکان بە دۆخێکی کارەساتباریدا تێدەپەڕن**

**تێکشکاندنی داعش دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکان بێت، وەک ئاستی پەروەردە و خوێندن و هتد، کەواتە تەنها پشتبەستن بە بژارەی سەربازی نابێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکە**

**ئەگەر ئەمەریکا پلانەکەی دەیڤید پەترایۆسی —کە لە پلانەکەی بەندەر بن سوڵتانەوە سەرچاوەی گرتبوو- جێبەجێ بکردایە، ئەوا داعش دروست نەدەبوو.**

**لە ڕاستیدا داعش کێشەیەکی عێراق یان سوری نییە بە تەنها، بەڵکو کێشەیەکی عەرەبی و ئیسلامی و ئەوروپییە، خودی سەرۆک ئۆباما- باس لەوە دەکات کە ڕەنگە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەیان ساڵی پێ بچێت**

**ئەگەر حکومەتێک نەبێت لە عێراقدا کە بوار بۆ هەمووان بڕەخسێنێت و دەوڵەتێکی مەدەنی نەبێت کە هەمووان تێیدا بەشدار بن — بە هەموو پێکهاتە و ڕەگەز و ئاین و تائیفەکانەوە- ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەم بەڵا مەترسیدارە چارەسەر بکرێت**

باس لەوە دەکەن کە ڕەنگە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەیان ساڵی پێ بچێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە، ئەوا ڕوانگەی زانستی من ئەوەیە کە ئەگەر حکومەتێك نەبێت لە عێراقدا کە بوار بۆ هەمووان بڕەخسێنێت و دەوڵەتێکی مەدەنی نەبێت کە هەمووان تێیدا بەشدار بن — بە هەموو پێکهاتە و ڕەگەز و ئاین و تائیفەکانەوە- ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەم بەڵا مەترسیدارە چارەسەر بکرێت.

*** ئێوە باستان لەوەکرد کە ئەمەریکا دەستبەرداری بینینی ڕۆڵی سەرکردایەتیکردن بووە لەم ناوچەیەدا و ڕوئیایەکی هەمەلایەنەی نییە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەوڵەتانی ناوچەکە دەتوانن لەنێو خۆیاندا ڕێککەون، بەتایبەتی لە سایەی ئەو ململانێ ئیقلیمیەی لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا هەیە، وەك سعودیە و ئێران و تورکیا؟**

- لە ڕاستیدا پتر لە ستراتیژیەتێك هەیە لە پەیوەندیدا بە سروشتی سیستمە ئیقلیمیەکەوە، ئێمە دەبینین دوای ئەوەی چیتر عێراق وەك گەمەکارێکی ئیقلیمی نەمایەوە و دوای ئەوەی سوریا ئەو دۆخەی بەسەردا هات و پاش ئەوەی میسر لە دوای کودەتاکە و ڕووداوەکانی دیکەوە سەرقاڵ بوو بە کێشە ناوخۆییەکایەوە، ئەوا سەرکردایەتی جیهانی عەرەبی بۆ سعودیە ماوەتەوە و کە پێی وایە ئەمە دوا دەرفەتە، چونکە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان بە کێشە ناوخۆییەکان سەرقاڵن و تەنانەت ناتوانن ئەو کێشانەش چارەسەر بکەن، وەك عێراق و سوریا و میسر. کەواتە سیناریۆی یەکەم لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە، بریتییە لە گەڕاندنەوە ناوچەکە بۆ دۆخی پێش شۆڕشی ئێرانی، واتە کاروبارەکانی ناوچەکە لە ژێر دەستڕۆیشتووی ئێراندا بێت، بەتایبەتی کە ئێران نفوزێك زۆری لە عێراق و سوریا و لوبناندا هەیە، کە ئەویش لە چواچێوەی فیکرەی هیلالی شیعیدا دێت کە بۆ یەکەم جار مەلیك عەبدوڵا لە ساڵی ٢٠٠٤دا ئاماژەی پێکرد، هەروەها بەشێکی دیکەی ئەو سیناریۆیە ئەوەیە کە دووبارە تێگەیشتنەکان دابڕێژرێنەوە لە ناوچەکەدا لە پەیوەندیدا بە پەیوەندییەکانمانەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا. تاکە وڵاتێکی کە ئەولەویەتی جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئێراندا بریتییە لە سعودیە، چونکە هەر هەیمەنەیەکی ئێرانی لە ناوچەکەدا بە مانای پابەندبوونی سعودیەوە دێت بەو فەرمان و ڕێسایانەی ئێران بۆ ناوچەکەی دایدەنێت. لەبەر ئەوە لە داهاتوودا ململانێیەکی گەورە دروست دەبێت لە نێوان دوو لە گرنگترین وڵاتانی ناوچەکە، واتە لە نێوان سعودیە — و لە پشتیەوە وڵاتە میانڕەوەکان و وڵاتانی کەنداو کە هەست دەکەن هاوچارەنوسن لەگەڵ سعودیەدا-، و ئێراندا کە دەستڕۆیشتوویەکی هەڵکشاوی هەیە لە ناوچەکەدا، ئەمەش بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ ململانێی ئاینی و تائیفەگەری، واتە جەمسەرگیری تائیفەگەری لەم ڕکابەریە ئیقلیمیەدا دروست دەبێت.

*** واتە دەتوانین بڵێین ئێران بە پلەی یەکەم سوودمەندە لە سەرقاڵبوونی وڵاتانی ناوچەکە بە کێشە ناوخۆییەکانی خۆیانەوە؟**

- ئێران سوودی لەو پشێوییە وەرگرت کە لە عێراقدا درووست بوو دوای شەڕی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا کە بووە هۆی تێکشکاندنی ژێرخانی ئەم وڵاتە، هەروەها ئێران سوودمەندبووە لە دەستێوەرنەدانی ئەمەریکا لە سوریا، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوە؟ باڵی سەربازی ئێران لە شام — کە بریتییە لە حزبوڵا- دەستێوەردان لە سوریا بکات. هەروەها ئێران زاڵە بەسەر چوار پایتەختی عەرەبیدا، وەك ئەوەی لە ڕاگەیاندن و توێژینەوەکانیشدا ئاماژەی پێدەکرێت. کەواتە ئێران سوودمەندە لەم گەمە سفریەی لە ناوچەکەدا دەکرێت و هەر دەستکەوتێکی ئێرانیش لەسەر حسابی سعودیەیە، کە پێشتر سعودیە سوودمەند بوو لە سەرجەم ڕێکار و سزا ئابووری و سەربازییەکانی ئەمەریکا لە دژی ئێران.

*** ئێوە باسی لەرزۆکبوون و شکستهێنانی دەوڵەتانی ناوچەکەتان کرد، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا لەبەر ئەوەیە ئەم دەوڵەتانە بە ناسروشتی دروست بوون، یاخود ئۆباڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست؟**

- لە ڕاستیدا شکستهێنان دەوڵەتان دوو توخمی سەرەکی هەیە، یەکەمیان پەیوەستە بە شەرعیەتی دەوڵەت و دامەزراوەکانەوە، ئایا شەرعیەتەکە لەسەر بنەمای هێزە یان شەرعیەتێکی دیموکراتی هەیە، یان ئەوەتا

شەرعیەتێکی مێژووی هەیە، خۆ ئەگەر ئاستی شەرعیەتەکە بەرز بێت، ئەوا سیستمە سیاسیەکە بە ڕادەیەکی گەورە سەقامگیر دەبێت، کە ئێمە دەبینین زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان دەوڵەتی نادیموکراتین. توخمی دووەم پەیوەستە بە کارایی سیستمە سیاسیەکەوە، واتە توانای دەستەبەرکردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی هاووڵاتیان ئەوەیە، لەدەستەبەرکردنی کار و تەندروستی و پەروەردە و خوێندن. کەواتە ئەگەر دەوڵەتێك نەیتوانی ئاسایش بەدی بێنێت و شەرعیەتی لەدەست دابوو، ئەوا بە پێوەرە جیهانیەکان دەوڵەتێکی شکستخواردووە یان دەوڵەتێکی لاوازە. ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە کێ بەرپرسیارە لەم دۆخە، ئەوا دەبێت بڵێین کە پێویست بوو ئێمە زووتر دەوڵەت دروست بکەین و ڕێکخراوی ئیقلیمی دروست بکەین و بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ جیهاندا بکەین. بەڵام زۆربەی وڵاتانی ئێمە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دروست بوون، واتە ئەو کاتەی دەستی بە گەشەکردن کرد شەڕی ئیقلیمی دروست بوو، کەواتە بیرۆکەی دەوڵەت لای ئێمە گەڵاڵە نەبوو، کە لە ئەزمونی وڵاتانی دیکەدا سەدان ساڵی پێچووە.

*** ئایا چارەسەرەکە چییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی ملیۆن دۆلارییە. لە ڕوانگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ئێمە هەمیشە ڕاهاتووین کە بڵێین چارەسەرەکە بریتییە لە دیموکراسی و یەکسانی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات. کە ئێمە دەبینین زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بە قۆناخی شەڕی ناوخۆیی و شەڕی ئاینیدا ڕویشتوون، تا گەیشتنە ئەو ڕادەیەی کە دەبێت سیستمێکی سیاسی هەبێت کاروبارەکان ڕێکبخات و ئەویش سیستمی دیموکراتییە، کە بوار دەدات خەڵك حکومڕانەکانی هەڵبژێرێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، ئەویش بە شێوازی دیموکراتی، هەروەها دەبێت ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات هەبێت. بۆ نموونە، ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە ئومێدی ئەوە هەبوو لە بەهاری عەرەبیدا گوزەرانی خەڵك باش بێت و خەونە سادەکانیان بێتەدی، بۆ نموونە خانوویەکی هەبێت و هاوسەرگیری بکات و ئۆتۆمبێلی هەبێت، واتە ئەمانە مەسەلەی سادەن و خۆ ئەگەر بمانتوانیایە دابینیان بکەین، ئەوا ڕەنگە زۆرێك لە کارەساتەکانی ئێستامان کەم دەکردەوە.

*** ئەگەر باسی کوردستان بکەین، ئەوا لە ئێستادا ئەم هەرێمە لە ڕووی ئەمری واقیعەوە دەوڵەتە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بۆی هەیە ڕووداوەکان بە چەشنێك پەرەبستێنن بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن دەوڵەتێك کە دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت؟**

- لە ڕاستیدا لە دوای سەپاندنی ناوچەی دژە فڕینەوە کوردستان خاوەنی خۆبەڕێوەبەری بووە. ئێستاش پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و ئەو جەمسەرگیرییە ئیقلیمیەی بەهۆی سوریاوە دروست بووە، هەروەها ڕۆڵی ئێران و تورکیا بۆتە بەربەستێك لەم ڕووەوە. لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانین پێشبینی بکەین، لەلایەکەوە کورد پەیوەندی ستراتیژی هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە، هەندێ جار بایەخ بە کێشەکەیان دەدرێت لە ئەمەریکا و هەندێ جاریش پشتگوێ دەخرێن و فەرامۆش دەکرێن.

*** ئایا لەم گێژاوەی ناوچەکەدا هیچ ئومێدێك بە باشتربوونی دۆخەکە هەیە و ئایا ئێوە گەشبینن؟**

- من شەخسی خۆم ئومێد دەکەم ئەوە ڕووبدات، واتە وەك باقی خەڵکی دیکەی جیهان بژین بە ئارامی و لە سایەی ئاسایش و سەقامگیریدا، ئەمانە ئومێدی هەر مرۆڤێکن بە چاوپۆشین لە ڕەگەز و ئاینی و باکگراوەندەکەی، بەڵام واقیعی ناوچەکە ئەوەیە ئێمە قەیرانێك جێدێڵین و پێدەنێینە قەیرانێکی دیکەوە، بۆ نموونە کەس پێشبینی شەڕێکی تائیفەگەری لە عێراقدا نەدەکرد لە دوای بانگەشەی دیموکراسی و ئازادی و ڕزگاربوون، کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە لە سوریادا ڕووبدات، دوای ئەوە خەڵکانێك داوای جۆرێك لە ئازادی و دیموکراسیان کرد. کە ئەمانە داواکاری مرۆیین و پەیوەست نین نە بە سورییەکان و نە بە کورد و بە نە موسڵمانەکانەوە. کەواتە هیوادارم ئەم ناوچەیە بە خۆیدا بچێتەوە و بگەنە قەناعەت کە ئەو هەموو شەڕە ناگاتە دەرئەنجام و دەبێت چارەسەرێك هەبێت کە دەوڵەت و کاراکتەرە گرنگەکانی ناوچەکە ڕێککەون لەسەری.

**لەدوای سەپاندنی ناوچەی دژە فڕینەوە کوردستان خاوەنی خۆبەڕێوەبەری بووە. ئێستاش پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و ئەو جەمسەرگیرییە ئیقلیمیەی بەهۆی سوریاوە دروست بووە، هەروەها ڕۆڵی ئێران و تورکیا بۆتە بەربەستێک لەم ڕووەوە. لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانین پێشبینی سەربەخۆیی کوردستان بکەین**

**زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان بە کێشە ناوخۆییەکان سەرقاڵن و تەنانەت ناتوانن ئەو کێشانەش چارەسەر بکەن، وەک عێراق و سوریا و میسر. کەواتە سیناریۆی یەکەم لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە، بریتیە لە گەڕاندنەوە ناوچەکە بۆ دۆخی پێش شۆڕشی ئێرانی**

**لە داهاتوودا ململانێیەکی گەورە دروست دەبێت لە نێوان سعودیە – و وڵاتانی کەنداو کە هەست دەکەن هاوچارەنوسن لەگەڵ سعودیەدا- و ئێراندا کە دەستڕۆیشتوییەکی هەڵکشاوی هەیە لە ناوچەکەدا، ئەمەش بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ ململانێی ئاینی و تائیفەگەری، واتە جەمسەرگیری تائیفەگەری لەم ڕکابەرییە ئیقلیمیەدا دروست دەبێت**

# لەو چارەسەرە باشترتان نەبوو؟

## ئایا بە هەڵوەشانەوەی هەرێمی کوردستان قەیرانی دارایی چارەسەر دەبێت؟

قەیرانی دارایی بەتەنێ هەرێمی کوردستانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهانی گرتۆتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی داهاتی سەرەکییان پشتی بە فرۆشتنی نەوت بەستووە. هەر یەکێك لەو دەوڵەتانە بۆ بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگرتن رێوشونی دیاریکراوی گرتۆتەبەر، جا بە زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان بێت یا بە دەستبردن بۆ یەدەگ و قەرزی نێودەوڵەتی بێت، تاڕادەیەك تێیدا سەرکەوتوون یا بەلایەنی کەمی توانیویانە ئیدارەی دارایی خۆیان بکەن. بە حوکمی هۆکارگەلێك، لەسەروویانەوە، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە و بەشێکە لە دەوڵەتێکی ناحەز بەویستەکانی گەلی کوردستان ( هەر لە لکاندنییەوە پێوەی تا بەئەمڕۆ دەگات) کاریگەرییەکەی زەقترە و تەنگی بە چین و توێژێکی گەورە هەڵچنیوە و هاواری لێ هەڵساندووە.


خوا هەڵناگرێ، لە کوردستانیش لەلایەن حکوومەت بەئاراستەی چارەسەر هەندێ شت کراوە، بەڵام لە ڕووە ئاشکراکەیەوە باری داهات سنووردارەکانی (مووچەخۆرانی) قورستر و جوڵەی بازاڕیشی بێ خوست کردووە، لەگەڵیدا نارازیبوونێکی ئاشکرای بە سیاسیکراوی لێکەوتۆتەوە، کە لە ئەنجامدا پرۆسەی خوێندن و کاری دامودەزگا حکوومیەکانی نیوە ئیفلیج کردووە. ئەوە باسی کاریگەری و ئاسەواری جەنگی دژ بە تیرۆریستانی داعشیش هەر ناکەم، چونکە بۆ تاك بەتاکی کوردستان روون و ئاشکرایە.

لە ئاوەها دۆخێکدا خەڵك مافی خۆیەتی نارازی بێت بۆئەوەی حکوومەت ناچار بکات چارەسەری باشتر بدۆزێتەوە، بەڵام ئایا رادەستکردنی فرۆشتنی نەوتی کوردستان بە بەغدا چارەسەرە وەك ئەوەی لەلایەن هەندێ پارتی سیاسی یا نوێنەرانییەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ؟ ئایا کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا تەنها دابینکردنی مووچەیە یا کارکردنە بۆ پاراستنی ئازادییەکانی بەخوێن بەدەستهاتوون؟ ئایا دیاریکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەیاسای بودجەی عێراق، وەك ئەوەی لەلایەن هەندێکەوە بەدەستکەوت دادەنرێ، کە لەبنەڕەتەوە کارێکی زۆر رۆتینییە، بەمانای ئامادەبوونی بەغدا دێت بۆ دابینکردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان یا چەواشەکردن و کارکردنە بۆ بەرژەوەندییەکی حزبی دوور لە بەرژەوەندی گەل و نیشتمان؟

وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە لای سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئاشکران، کە رادەستکردنەوەی نەوتی کوردستان بە بەغدا چارەسەری قەیرانی دارایی کوردستان ناکات و لەوانەیە نێوانی حزبە سیاسییەکان و جەماوەر ئاڵۆزتر بکات و لێکدابڕانی دی دروست بکات. بۆیە لێرەوە پێویستە وزە و توانا و کەناڵە دیپلۆماتەکان بەگەڕبخرێن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لەبری داواکردن، بەغدا راستەوخۆ لەڕووی داراییەوە مامەڵە لەگەڵ چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بکات، کە قەت ناتوانم بڕوا بەوە بکەم، ئەوە پێشنیار و داواکاری نوێنەری کورد بێت. چونکە بەمانای بێ نرخکردن و هەڵوەشانەوەی هەرێمی کوردستان دێت.

ئاخر بۆ و لەپێناوی چیدا بگەڕێینەوە بۆ پێش قۆناغی راپەڕین؟ ئایا گەل بەوە ئاسودە دەبێت و کوردستان دەبوژێتەوە، مافی ژیانمان پێ رەوا دەبینن یا بۆ بەدیهاتنی ویستییە تایفیەکە بەکارمان دەهێنن؟

بۆیە پێویستە هەموومان بگەینە ئەو قەناعەتە و ئەو راستییەمان لە کن جێگیر و روون بێت، کە پرسی نەناردنی بەشە بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە پابەندبوون و نەبوون بەو رێککەوتنە نەوتیەوە نییە، کە پێشتر هەولێر و بەغدا لەسەری رێککەوتن، بەڵکو پرسەکە رەهەندێکی سیاسی هەیە، نەخاسمە دوای ئەوەی زۆرینە لە



کەریم قادر

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

جێگیربوونی حکومڕانی خۆی لە عێراق دڵنیابوو، لە زۆر بڕگە و ماددەی ئەو دەستوورە پەشیمانن، کە هەر لەدێباجەکەیەوەڕا ماف و تایبەتمەندی دەستووری بەهەرێمی کوردستان داوە( چەند جارێکیش لێرە و لەوێ بە شێوازی جودا لەلایەن زۆرینەوە ئەو نارِازیبوونە لە دەستوور راگەیەندراوە).

با بگەڕێینەوە سەر پرس و داهاتی نەوت، هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە، لەلایەك لەسەر دامەزراندنی سندوقێکی تایبەت بە بەشە داهاتی کوردستان لە فرۆشتنی نەوت، لەلایەکی دی لەسەر دەرکردنی پرۆژەبڕیاری داهاتی نەوت و غاز پێداگیر بوو، بەڵام ئەوە بەغدا بوو هەر جارەی بە بیانوویەك تا بە ئەمڕۆ دەگات لای لێ نەکردەوە، ناشیکات. چونکە نایەوێ دان بەو ماف و تایبەتمەندییە دەستوورییەدا بنێ، کە بە قسەی خۆیان لەساتێکی نادیاردا بە هەرێمی کوردستان دراوە یا کوردستان سندوقێکی تایبەت بە داهاتی خۆی هەبێت. بۆیە هەر داواکارییەك بۆ رادەستکردنەوەی نەوتی کوردستان بە بەغدا، گەڕانەوەیە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و بەمانای ئاوتکردنی هەرێمی کوردستان دێت، کە بڕوا ناکەم دوای ئەو هەموو سەختی و قوربانییە کەس بۆ دابینکردنی مووچە لەلایەن بەغداوە، ئەوە قبوڵ بکات.

پێشتر، کە هیچ لەو کێشانەی ئەمڕۆ هەن و بەشێك لە نوێنەرانی کورد ئێستا خۆیان پێ مەشغول کردووە لەئارادا نەبوون، ئایا بەغدا شایستە و ئیمتیازاتە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی بێ لێبڕین دەنارد؟ ئایا مووچە و پێداویستی سەربازی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دەنارد، کە بە دەستوور بەشێکە لە دامەزراوەی فەرمی سەربازی عێراق؟ لەکاتێکدا هەموو ئیمتیازێکی دارایی و پێداویستی سەربازی بۆ حەشدی شەعبی دابین دەکات، کە هێزێکی نافەرمییە و تازە دامەزراویشە؟ ئایا بەغدا ئامادە بوو شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی سێکتەری نەوتی بدات، کە لە خاکی هەرێمی کوردستان کاریان دەکرد؟ ئایا سووتەمەنی پێویستی بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکرد یا هەر رۆژەی بیانوویەکی نوێی دەدۆزیەوە بۆ دروستکردنی تەفرەقە؟

وەڵامی ئەو پرسیارانەش ئاشکران، هیچ تەئویل و لێکدانەوەیەك هەڵناگرێ، بەڵکو هەموو مەبەستی بەغدا ئەوەیە کوردستان لەڕووی دامەزراوی بەرگرییەوە بێ هێز و لەڕووی گوزەرانیشەوە دەستکورت و چاو لە دەست بەغدا بێت بۆ ئەوەی هەر وەختەکی بیەوێ و بە گونجاوی بزانێ (وەك ئەوەی چاوەڕێ بن با F16-کان بگەن) ویستە سیاسیەکانی خۆی بەسەریدا بسەپێنێ. کە دەڵێم لێکدانەوە هەڵناگرێ، لێرەوە بۆ زیاتر ئاشکراکردنی نیەت و مەبەستی بەغدا چەند نموونەیەك دەهێنمەوە:

باشە، خۆ جوتیارانی کوردستان گەنمی خۆیان رادەستی بەغدا کرد، ئەگەر وەك مامەڵەیەکی بازرگانیش بێت، دەبوو بەغدا لەبری وەرگرتنی گەنمەکە لەسەر بنەمای ( سەلم بەلم) پارەی جوتیارانی بدابووایە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: بۆ بەغدا بەو دەرۆزەکەرییە بڕیار لەسەر ناردنی ئەو شایستە داراییە دەدات؟ ئایا مافێکی رەوای جوتیارانی کوردستان نەبوو لەبری رەنجیان، کە گەنمەکەیان بوو بێ قیرە و بێ دواکەوتن بەغدا پارەکەیان بۆ بنێرێ؟ یا رێگەگرتن لە چوونی بەروبوومی کشتوکاڵی و پەلەوەری کوردستان بۆ پارچەکانی دیکەی عێراق بەبیانووی نەخۆشی؟ ئایا بەغدا( ئۆپەراسیۆنی موسڵی لێدەرچێت) هیچ هەماهەنگییەکی سەربازی و ئەمنی لەگەڵ کوردستان کردووە لە کاتی دروستبوونی هەڕەشە لەسەر دانیشتوانی کوردستان یا کاتێك ئەمریکا گوتی (هەولێر هێڵی سوورە) هاواری لێ هەڵسا؟

کەواتە هەڤاڵینە، پرسەکە پەیوەندی بە پابەندبوون و نەبوونی هەولێر بە رێککەوتنە نەوتییەکەوە نییە، وەك ئەوەی هەندێك لە نوێنەرانی کورد لەبەغدا کردوویانەتە بنێشتە خۆشە و لەسەر حسابی مەزاجی هاووڵاتیان تامی زاری خۆیانی پێ خۆش دەکەن، بەڵکو پەیوەندی بەو عەقلیەتەوە هەیە، کە قبوڵی نییە کورد خاوەنی داهاتی خۆی بێت و ئیدارەی هەرێمەکەی بکات و بەرگری لێ بکات.

دوور لەو چارەسەرییەی ئەو بەناو نوێنەرانەی کورد لە بەغدا بۆ قەیرانی دارایی و دابینکردنی مووچە خستوویانەتەڕوو، ئەم پرسە و پرسە سیاسییەکانی دی نێوان بەغدا و هەولێر پێویستی بە رێککەوتنێکە، وەك ئەو رێککەوتنە سەربازییەی بەرامبەر دوژمنێکی هاوبەش لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ لە نێوان هەردوولادا هەیە، کە پێموابێت گفتوگۆکانی ئەم رێککەوتنەش دەستیان پێکردووە.

بۆیە دوای تێپەڕاندنی قۆناغە سەختەکەی پرۆسەی گەڕان، دۆزینەوە، دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، کە سەنگێکی گەورەشی لەئاستی جیهانیدا بۆ دروست کردووە، ناکرێ و نابێ هەولێر بۆ مووچە لەو هەنگاوە نیشتمانییەی پاشگەز بێتەوە. داواش لەو بەناو نوێنەرانەی کورد لە بەغدا دەکەم، لەم هەلومەرجەدا، کە دەرفەتی گەورە لەپێشە، بۆ مێژوو چاوێك بەو هەڵوێستە نا نیشتمانییەی خۆتاندا بخشێننەوە، کە بە مانای قەدر نەگرتنی خوێنی شەهیدان دێت. چونکە هەرێمی کوردستان دوای ئەو هەموو نەبەردی و خۆڕاگرییەی بۆ پاراستنی خاك و خەڵکەکەی پێشکەشی کرد، نەك هەر هەڵناوەشێتەوە و ئاوت ناکرێ، بەڵکو هەنگاوی گەورەتر بەرەو پێشەوە دەنێت.

**پرسە سیاسییەکانی دی نێوان بەغدا و هەولێر پێویستی بە رێککەوتنێکە، وەک ئەو رێککەوتنە سەربازییەی بەرامبەر دوژمنێکی هاوبەش لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ لە نێوان هەردوولادا هەیە، کە پێموابێت گفتوگۆکانی ئەم رێککەوتنەش دەستیان پێکردووە**

**رادەستکردنەوەی نەوتی کوردستان بە بەغدا چارەسەری قەیرانی دارایی کوردستان ناکات و لەوانەیە نێوانی حزبە سیاسییەکان و جەماوەر ئاڵۆزتر بکات و لێکدابڕانی دی دروست بکات. بۆیە لێرەوە پێویستە وزە و توانا و کەناڵە دیپلۆماتەکان بەگەڕبخرێن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لەبری داواکردن**

**هەر داواکارییەک بۆ رادەستکردنەوەی نەوتی کوردستان بە بەغدا، گەڕانەوەیە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و بەمانای ئاوتکردنی هەرێمی کوردستان دێت، کە بڕوا ناکەم دوای ئەو هەموو سەختی و قوربانییە کەس بۆ دابینکردنی مووچە لەلایەن بەغداوە، ئەوە قبوڵ بکات**



### قادر شێخ مەمی فەرمانده‌ی هێزی ٢ی لەشکری ڕۆژ بۆ گوڵان:

# لەهەڵمەتی ئەمجارەدا کچانی پێشمەرگەی لەشکری ڕۆژ هێرشی تیرۆریستانی داعشیان تێکشکاند

لەشکری ڕۆژ ئەو لەشکرەی پێشمەرگەی کوردستانەو لەکچان و کوڕانی کوردانی باکوورو باشوورو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتووە. ئەم لەشکرە لە٢٠١٢ـەوە دامەزراوەو لە ڕەبیعەو شنگال تا دەگاتە سنووری سووریا جێگیرکراوەو لەسەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ بەشداریی هەموو شەڕەکانیان کردووە، لەم دواییەشدا بەشدارییەکی بوێرانەو بەرچاویان لە شەڕەکانی میحوەری خازرو باشیکدا کرد. ئەوان بەئومێدی ئەوەن ڕۆژێك بگەڕێنەوە ڕۆژئاوای کوردستان و بەرگری لە کوردانی ڕۆژئاوا بکەن، لەسەردانێکماندا بۆ لەشکری ١ و ٢ی ڕۆژ چاومان بە قادر شێخ مەمی فەرماندەی هێزی ٢ی لەشکری ڕۆژ کەوت و چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد کە لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** لەشکری ڕۆژ واتە لەشکری ئازادیی کوردستان، ئایا ئەم لەشکرە بۆ ئازادی هەموو کوردستان، یان بۆ ڕزگاری یەك پارچەی کوردستان خەبات دەکات؟**

- لەشکری ڕۆژ ئەو لەشکرەی پێشمەرگەیە کە سنوورە دەستکردەکانی شکاندووەو لەکوڕان و کچانی کوردانی ڕۆژئاواو باکوورو باشوورو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات پێکهاتووەو یەکەم شەهیدی لەشکرەکەمان نەقیب هەژیر خەڵکی ڕۆژهەڵات بووەو دواتر شەهید ڕەفعەت و شەهید ئەکرەم کە کوردانی باکوور بوون، لەشەڕەکانی ئەم دواییەشدا چەندین ڕۆڵەی کوردی ڕۆژئاوا شەهید بوون. ئەوەبوو بەخوێنی ئەو پێشمەرگە قارەمانانە جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیاری دامەزراندنی لەشکرەکەی داو لەدەستپێکی دامەزراندنی لەشکرەکەشەوە پاڵپشتی و هاوکارییەکی زۆری کردووین، کە ئەمە وایکرد پێشمەرگەکانی لەشکری ڕۆژ لەشەڕەکانی دژ بەداعش نەبەردیی بێ وێنە تۆماربکەن بەڕادەیەك بووینە سەردێڕی هەواڵ و دەنگوباسی میدیا ناوخۆیی و جیهانییەکان، ئێمە بەفەرمانی سەرۆك بارزانی جووڵە دەکەین و هەر پارچەیەکی کوردستان پێویستی پێمان بێت بە فەرمانی بەڕێزیان بۆ ئەو شوێنە دەگوازرێینەوە.

*** چۆن بوو ئێستا لەشەڕەکانی هەردوو میحوەری خازرو باشیك بەشداریتان کرد؟**

- ئێمە لەشکری کوردستانین و لە هەر کوێ پێویست بوو، ئێمە لەوێن، هەر بۆیە لەسەرجەم شەڕەکاندا بەشدارییەکی بێ وێنەمان هەبووە، ئەوەبوو لەشەڕەکانی ئەم دواییەشدا لە هەردوو میحوەری خازرو باشیك ڕۆڵی باشمان هەبوو، سوپاس بۆ خوا توانیمان لەبەرەکانی شەڕدا زیانێکی گەورە بە دوژمن بگەیەنین و لاشەیەکی زۆری تیرۆریستان بکەوێتە دەستی پێشمەرگەوەو سەرجەم تونێل و خانووەکان پاککرانەوە لەبۆمب و تەقەمەنییەکان. لەو لاشەوە هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ و زێریڤانی نەبەردییەکی بێ وێنەیان تۆمار کردبوو هەر لەخازرەوە تا دەگاتە ڕێگای گشتی نێوان باشیك و موسڵ، دواتریش لەگەڵ هەردوو فەرماندەیی هەڵگورد و سەفین و زێرەڤانی لەسەر چیای زەرتك جەنابی بارزانی لەگەڵ هێزەکان کۆبووەوەو پلانی سەربازی بۆ دانایین و بڕیاردرا لەمیحوەری ناوەڕانەوە بەرەو گوندی دەراویش و تیزخراپ پێشڕەوی کراو ناحیەی باشیکمان بەکەمترین زیان ڕزگارکردو لەم نەبەردییانەشدا کچانی پێشمەرگەی لەشکری ڕۆژ لەگەڵ برا پێشمەرگەکانیان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ بەشدارییەکی باشیان کرد.

*** ئاشکرایە سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی گەورەو دووربینانەی هەیە لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەدا، ئایا تا چەند ئەم دووربینییەی سەرۆك بارزانی بۆتە ئومێد بۆ هەموو کوردستان؟**

- من وەکو فەرماندەیەکی لەشکری ڕۆژ لەژیانی پێشمەرگایەتیم سەرۆکێکی وەکو سەرۆك بارزانی-م نەبینیوە لەشەڕەکاندا والێهاتووبێت و پێشبینی ورد بکات، لەبواری سەربازیدا پلاندانەرو ئاگاداری فرتوفێڵ و مەرامی دوژمنە، ئێمە وەکو فەرماندەکان دوو سێ ڕۆژ پلان و بەرنامەی سەربازیمان دانا، کاتێك چووینە خزمەتی لەچیای زەرتك سەرۆك بارزانی تەماشای پلانە سەربازییەکەمانی کردو دوای تێبینییەکی زۆر فەرمانی دا، ئەو پلانە بگۆڕدرێت بەپلانێکی دیکە کە خۆی دایانبوو، هەر ئەو پلانەش بووە هۆکاری ئەوەی بەکەمترین زیان و ماوەیەکی کەم سەرکەوتنێکی بێ وێنەمان تۆمار کرد.

*** وەك سەرنج دەدرێت لەناو ڕیزەکانی ئەم لەشکرە کچانی کوردستان هاوشانی برا پێشمەرگەکانیان چەکیان لەشانەو بەشداری شەڕەکان دەکەن، ئایا تاچەند کچانی کوردستان لەناو لەشکری پێشمەرگەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە؟**

- کاتێك سەرۆك بارزانی لەخنس سەردانی ئێمەی کرد، پێش دروستکردنی بەتالیۆنی یەکەم، پێی گوتین: کوڕان و کچانی گەنجی ڕۆژئاوا لەعەسکەرتارییەتی بەشار ئەسەد بێزارن و هەستی نەتەوایەتیان بەرزەو داوامان لێدەکەن لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا ببنە پارێزەری خاك و نەتەوەی کورد، ئیتر ئێمە ڕایدەگەیەنین لەو گەنجانە لەشکرێکی نەتەوەیی دروست دەکەین و کەی ڕۆژئاوای کوردستان پێویستی پێی هەبوو، ئامادەین بۆ یارمەتی و پارێزگاریکردنی کوردانی ڕۆژئاوا. ئێستاکەش ئەگەر کێشەی بودجەو توانای دارایی نەبێت، ژمارەی کچانی پێشمەرگە لەریزەکانی لەشکری ڕۆژ بە زۆر زیاددەکات، لەشەڕەکانیشدا کچەکان وەکو خۆبەخش هاتنە پێشەوەی سەنگەرەکان و لەچەند فەسیلێکدا ڕێکخران و ١٢٠ کچە پێشمەرگە ئامادەکران و بگرە کچی پێشمەرگەی لێهاتوو هەبوو کە توانای بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی هەبوو، چونکە هەبوو پێشتر لەشاخ بوون و فێری شەڕو بەرخودان و خاوەنی ئەزموونی پێشتر بوون، ئەوەتا لەبازگەو سەنگەرەکانی پێشەوەو سەرجەم بوارەکاندا بەشدارن لەگەڵ برا پێشمەرگەکانیان، تەنانەت لەشەڕی دووەمی خازر کە داعشەکان هێرشیان کردە سەر ڕەبایەکەیان، کچەکان زیاتر لەکوڕەکان شەڕیان کردو ڕووبەڕووی داعشە خۆکوژەکانیش بوونەوە.

**وەکو فەرماندەیەکی لەشکری ڕۆژ لەژیانی پێشمەرگایەتیم سەرۆکێکی وەکو سەرۆك بارزانی-م نەبینیوە لەشەڕەکاندا والێهاتووبێت و پێشبینی ورد بکات**

**ئێمە بەفەرمانی سەرۆك بارزانی جووڵە دەکەین و هەر پارچەیەکی کوردستان پێویستی پێمان بێت بە فەرمانی بەڕێزیان بۆ ئەو شوێنە دەگوازرێینەوە**



### بەدەل بەندی فەرماندەی هێزی ١ی لەشكری رۆژ بۆ گولاَن:

# بەرنامەو پلانی سەربازیی سەرۆک بارزانی وایكرد بە كەمترین زیان سەركەوتنی گەورە تۆمار بكەین

سەبارەت بەشەڕەكانی ئەم دواییەی لەشكری رۆژ و نەبەردییەكانی كچان و كوڕانی كوردانی رۆژئاوا لەمیحوەری باشیك و سووكایەتیكردنی ئەوكەسانەی لەناوخۆدا بەپێشمەرگە دەڵێن میلیشیا، چاومان بە بەدەل بەندی فەرماندەی هێزی ١ ی لەشكری رۆژ كەوت و چەند پرسیارێكمان ئاراستە كرد كە لێرەدا پوختەی وەڵامەكانی بڵاودەكەینەوە.

*** لەگەڵ دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ هەردوو لیوای ١و ٢ی لەشکری رۆژ لەهەردوو میحوەری خازرو باشیك بەشداریی شەڕەکانی کرد، ئایا ئێستا دۆخەکەی بەرەکانی شەڕ چۆنەو بڕیارە پێشڕەویی زیاتر بکەن؟**

- دوای سەردانی سەرۆك بارزانی و شاندی کوردستان بۆ بەغداو گفتوگۆکردن و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئەوجا بڕیاری دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ درا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو بێ هاوکاری و بەشداریکردنی پێشمەرگە مومکین نەبوو ئەو سەرکەوتنانە تۆمار بکرێت، ئەوەبوو هێزی ١ و ٢ی لەشکری رۆژ لەسەر بڕیاری جەنابی سەرۆك و لەژێر سەرپەرشتی فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی زێرەڤانی کوردستان بەشداری لەو شەڕانەی ئەو سنوورە کرد کە بۆی دیاریکرابوو. بۆ ئێمەی کورد جێی شانازییە کە لەو ناوچانەی هێزەکانی لەشکری رۆژ ئازادی کردبوون و ئاڵای کوردستانی لێ شەکاوە بوو، رێگەمان بە یەکەکانی سوپای عێراق دا، بەرەو شاری موسڵ تێپەڕن، ئەمەش وایکرد پلان و ستراتیژیەتی ئۆپەراسیۆنەکەو سنوورەکە هەر خۆمان بین بەسەرکردایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی. سوپاس بۆ خوا لەشەڕێکی وا گەورەو لە رووبەرێکی وا فراوان بەرامبەر دڕندەترین دوژمن توانرا کەمترین زیانمان بەرکەوێت، ئەمەش بۆ پلان و خەمخۆریی جەنابی بارزانی دەگەڕێتەوە کە پێشمەرگایەتی لەهەموو پۆست و پایەیەك لا پیرۆزترە، ئەوەی من پێی سەرسام بووم خەمخۆریی جەنابیان بوو بۆ سەلامەتی پێشمەرگەکان و پاراستنی گیانیان، لەکۆبوونەوەیەکدا پێی وتین کاتێك شەڕ دەبێت، چاوێکم لەکەیفدا فرمێسکی لێدێت و چاوێکی دیکەم لە خەمدا دەگرییێت، ئێمە دەمانزانی مەبەستی چییە، بەڵام ژەنەراڵێکی ئەمەریکی پێی وت مەبەستت چییە؟ جەنابیان بۆی روون کردەو کە گریانی خۆشی بۆ پێشڕەوی و ئازادکردنی ناوچەکانی کوردستانەو سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەیەو فرمێسکی خەمیش ئەوکاتەیە کە دەڵێن فلان پێشمەرگە شەهید بوو، سەرۆك بارزانی پێی دەوتین خوێنی پێشمەرگە زۆر پیرۆزەو نابێت لەسەر موزایەدەو پەلەکردن و غروور بڕێژرێت و ئەوە جێگای قبووڵکردن نییە.

**سەرۆک بارزانی پێی دەوتین خوێنی پێشمەرگە زۆر پیرۆزەو نابێت لەسەر موزایەدەو پەلەکردن و غروور بڕێژرێت و ئەوە جێگای قبووڵکردن نییە**

*** لەکاتێکدا سەرۆك بارزانی بەو چاوەوە رێز لەپێشمەرگە دەگرێت و خەمخۆری خەبات و گیانفیداییەکانیانە، کەچی لەناوخۆی کوردستان کەسانێك سووکایەتییان بە پێشمەرگەوە کردو بە میلیشیا ناوی دەبەن. ئایا ئێوە کاتێك لەبەرەکانی شەڕن، چۆن دەڕواننە ئەو کەسانە؟**

- کەسانێك لەپێشمەرگە تێدەگەن کە وەکو بارزانی هەموو ژیانی لەناو پێشمەرگەدا بێت، پێشمەرگە لای جەنابیان هێزی کوردستانە بۆ پاراستنی خاك و نەتەوەی کوردو ئەو ئازادییەی ئەوان تێیدا دەژین، سووکایەتیکردن بەهێزێك کە جیهانی پێشکەوتوو پێی سەرسامەو هەموو نەتەوەو ئایینزاکان هانای بۆ دەبەن، سوکایەتیکردنە بە مرۆڤایەتی و ئەو بەهایانەی ئەوان ئیدعای بۆ دەکەن، لەمەشدا ئیرەیی و خۆپەرستی و بێ ئەمەگی دەردەکەوێت، ئەوان چاویان هەڵنایەت بەسەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو گەڕانەوەی ئیعتیبار بۆ گەلی کورد، باشە کاتێك باسی یەکڕیزی دەکەن، ئێ ئەوەتا لەناو ریزەکانی پێشمەرگە ئەو یەکڕیزیی و تەباییە هەیە، ئەمە دەیسەلمێنێت ئەوان نایانەوێت گەلی کورد لەهیچ شتێکدا یەکڕیز بێت. ئێمە گوێ لەقسەی کەسانێك ناگرین کە لەماوەی ئەم سێ ساڵەی دژی داعش لەشەڕداین رۆژێك سەردانی پێشمەرگەیان نەکردووە، کەسانی دەوروبەریشیان قەترەیەك خوێنیان بۆ میللەتەکەیان و خاکەکەیان نەڕشتووە، لەهەر وڵاتێکی تردا بوایە ئەو کەسانە بەتۆمەتی خیانەتکردن دادگایی دەکران، چونکە قسەو هەنگاوەکانیان خزمەت بەدوژمنە دڕندەکانی نەتەوەی کورد دەکات و یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کورد تێکدەدات.

**بۆ ئێمەی کورد جێی شانازییە کە لەو ناوچانەی هێزەکانی لەشکری رۆژ ئازادی کردبوون و ئاڵای کوردستانی لێ شەکاوە بوو، رێگەمان بە یەکەکانی سوپای عێراق دا، بەرەو شاری موسڵ تێپەڕن**

*** ئاماژەت بەوە کرد تەواوی خاکی کوردستان ئازادکراوە، ئایا ئەو شوێنانەی پێشمەرگە ئازادی کردوون، لێیان ناکشێنەوە؟**

ئێمە لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆك بارزانی جووڵە بەهێزەکانمان دەکەین و کشانەوەو مانەوە لەو ناوچانەشدا هەر لەسەر بڕیاری جەنابیانە، بۆیە هەرکاتێك سەرۆك بارزانی وەکو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان پێمان بڵێت، پێشڕەوی بکەین، پێشڕەوی دەکەین و فەرمانیش بدات بگەڕێینەوە، دەگەڕێینەوە، لەهەموو دنیاشدا کاری سەربازی هەر وایە.